THE OBSERVER

رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە — ژمارە (٥) دووشەممە - ٢٠٠٤/١١/١ — Aweekly Political, Educational & Social Press

یەکێتی: مەرجەکانی پارتی رەتکردەوە

کورد دەبێ وریا بێ
تیرۆریستان لەناوچەکانی (خالص) و (العظیم) بڵاوبوونەتەوە

تیرۆریستان، دوای گەمارۆدانی فەلوجەو دیوانیەو سامەرا، تاکتیکی خۆیان گۆڕیوەو ئێستا پیلانی بڵاوە پێکردنی چەکدارو فراوانکردنی کارە تێکدەرانەکەیان جێبەجێ دەکەن. لەم پیلانەدا، بۆئەوەی بتوانن باری هاتوچۆی نێوان کوردستان و بەغداو خواروو، تێك بدەن، بنکەیان لەسەر رووباری (نهر العظیم هەتا شاری بلد) تا دەگاتە (مزارع سد العظیم بۆ ناحیەی العظیم) بڵاوکردۆتەوە. دوورنییە لەمەودوا تاوانی زیاتر لەم ناقارانەدا ئەنجام بدەن. بەتایبەتی دژی سەیارەی ژمارەی شارەکانی کوردستان، بۆیە هەق وایە هاوڵاتیانی کورد لەو ناوچانە وریاتر بن.

پێشێل کردنی مافی ژنانی کورد لەتورکیا

(و: لەیلی حەسەنپور)

کوردستان سەرانسەر ل (٣)

ئازادییەکانی ژن.. لەتێروانینی (کەژاڵ ئەحمەد)دا

بەدواداچوونی رۆژنامەکەری ل (٥)

ئایندەی بەشەکانی کوردستان لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورەدا

رەخنەو دیالۆگ ل (٨ - ٩)

عێراقێك بۆ خوێن نەك بۆ ئاشتی

(کەیوان ئازاد ئەنوەر)

جیهانبینی رووناکبیری ل (١١)

هەڵبژاردن و چاودێر
ناکۆکی یەکێتی و پارتی

فاکتەری کات فشاری سیاسی و جەماوەری دەخاتەسەر هێزە کوردستانیەکان، بۆ ساغکردنەوەی بەرنامەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراق و بەگشتی، کوردستان بەتایبەتی. حیزبە عێراقیەکان، سەرگەرمی ئاوتوێکردنی لیستی هاوبەشن. لەبەرئەوەی ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادە، ئەوەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، بۆیە، هەتا سەرەنجامی هەڵبژاردن دەرنەکەوێ، سەنگی راستەقینەی لایەنەکان دەرناکەوێ.

کوردستان لەعێراق باشترە، هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان، شارەوانیەکان و خوێندکاران، ئەزموونێکی گشتی داوە بەدەستەوە. ئەمە جگە لەوەی کورد لەدەوری کێشەی نەتەوەکەی کۆبۆتەوەو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، وا چاوەڕوان دەکرێ زیاتر لە (٩٠ %)، دەنگ بەلیستی کوردستانی بدا. بۆیە، لەسەر ئاستی عێراق، هێندەی هێزە عێراقیەکان پێویستیان بەدەنگی کوردە، هێندە هێزە کوردستانیەکان پێویستیان بەدەنگی ئەوان نییە.

ئەوەی مایەی باسە، هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانە. لەکوردستاندا (١٢) ساڵ بەسەر خولی یەکەمی هەڵبژاردن تێپەڕیووە. لەو ساڵانە، سێ ساڵی یەکەمی، بەشێوەی ساردی (٥٠ - ٥٠) هەردوو هێزە باڵادەستەکەی کوردستان برایەتییان. ساڵی (١٩٩٤ - ١٩٩٨)یش، چوار ساڵی دیکەش بەشەڕی ناوخۆ و بەلکێشانی دەوڵەتانی ئیقلیمی و تێکچوونیکانی دەسەڵات و ئیرادەی یەکگرتووی گەلەکەمان، تێپەڕی. لەوەبەدواش، ئارامی و دەسەڵاتی دووفاقی.

لەو دەورانەدا، گۆڕانە سیاسی و جەماوەرییەکان، ئاڵوگۆڕی گەورەیان بەسەردا هاتووە. (١٢) مەوالیدی نوێ پێگەیشتوون، لەخولی دووەمی پەرلەماندا دەنگ دەدەن. جەماوەرو حیزبەکانیش ئاشکرکردنەوەیان زۆرتر بووە. خزمەت و رادەی ئازادی دابینکردنی هەردوو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، هەتا رادەیەك دەرکەوتون و دەرکەوتنەکەشیان کاریگەری لەسەر رای گشتی گەلەکەمان دیارە.

بەحوکمی خزمەتە زۆرەکانی دەسەڵاتی یەکێتی لەبواری: موچە، ئاوەدانی، پارەمتی شەهیدان و ئەنفال، سلفەی زنهێنان و ئەقار، گۆڕینی سەیارە کۆنەکان و کڕینی تەکسی نوێ، کۆمەکی نوتێلەکان، بۆ جوانکاری، دروستکردنی سەدان باخچەو سەدان کیلۆمەتر جادەویان، ئەوپەڕی گرنگی بۆ سەرمایەگوزاری و بازاڕی ئازاد، زانکۆی کۆیە، چەندین بەیمانگە، کۆلێژی کۆیەو خانەقین.. تاد بەحوکمی ئەو خزمەتانە، خەڵکێکی زۆر هەبوون دەترسان یەکێتی نیشتمانی بێباك بووبێ و بۆ هەڵبژاردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان، ئامادەی لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتیدا نەبێ. ئەمەش مەترسییەکی سیاسی زیانبەخش بوو، لەم بارودۆخە دژوارەی عێراقدا. کەچی . . .

کۆتایی هەفتەی رابوردوو، کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی لەنێوان پارتی و یەکێتی بۆ ساغکردنەوەی دوابڕیاری هەردوولایان لەسەر هەڵبژاردن کراوە. لەکۆبونەوەکەدا، پارتی داوای کردووە لەهەڵبژاردنی کوردستاندا لە(٥٥ %)ی بەربکەوێ و لە (٤٥ %)یش بۆ یەکێتی. هۆیەکەشیان گێڕاوەتەوە بۆئەوە گوایە، دوو پارێزگا لەسنوری ئیدارەی ئەوان و پارێزگایەك لەسنوری ئیدارەی یەکێتیدایە. یەکێتی نیشتمانی سەرەڕا ئەو داوایەی رەتکردۆتەوەو گوتویانە، رازی نین، ئاغە نوێنەرێکی زیادەشتان لەپەرلەمانی کوردستاندا هەبێ.

پارتی، بەم مەرجە (ئەگەر هەڵبسەر لەسەری بڕوا) نەك نێوان خۆیان و یەکێتی لەهەڵبژاردندا دەئاڵۆزێنێ، بەڵکو کاریگەریشیان لەسەر حیزبەکانی دیکەی کوردستان، هەروا، کەسایەتییە بەتواناکانیش دەبێ. هەرلەئێستاشەوە، ململانێی حیزبایەتی توندیش دەکەوێتە ناو حیزبە کوردستانیەکان لەسەر هەڵبژاردن. ئەمە جگەلەوەی، لەباری دیموکراسیشەوە، هیچ حیزبێکی دەسەڵاتدار، بۆی نییە بەناوی تەواوی ئەو خەڵکەوە بڕیاربدا کە کەوتونەتە سنووری دەسەڵاتەکەیەوە. نە یەکێتی بۆی هەیە بەناوی خەڵکی سلێمانی و کەرکوکەوە بڕیاربدا. نە پارتیش بۆی هەیە بەناوی خەڵکی هەولێرو دهۆکەوە، نوێنەر دابەش بکا. هاووڵاتی، لەکاتی هەڵبژاردندا، مافی ئازادی خۆیەتی دەنگ بە چ لیستێك دەدا، یان نادا، نەك پێش وەخت لیستی حیزبەکان بەناوی جەماوەرەوە دیاریبکرێ.

ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیە هەستیارەکان، لەم هەلومەرجەدا کە مەترسی بردنەوەی لیستی شیعەو دەستتێوەردانی ئیقلیمی لەئارادایە، ئەرکەکان وادەخوازن هەمووولایەك لەئاستی رووداوەکاندا بڕیاربدەن. پاراستنی هاوسەنگیش بەبێ رێوشوێنی گونجاوتر لەهەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان، بۆ ئەم قۆناغە گرنگە. هەتا توانای هەموو حیزبەکان و خەڵکی بێلایەن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، کۆبکرێتەوەو لەشەڕی دەستووری ئەگۆڕی عێراقدا مافەکانی کورد بچەسپێنرێن. کوردستانیەتی کەرکوك و خانەقین و زەنگار سەربخرێن. بەهۆی سووربونی لایەك، لەسەر رێژەی بەرزتری حیزبەکەی، رێکیش نەکەوون، هەقوایە رێوشوێنی دیموکراسی بدۆزرێتەوە بۆ قبوڵکردنی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە لەقازانجی هەرلایەك بێت.

کوردو رێژەی لەسەدا پەنجای لیستی شیعە- شیعە

١ رەوتە جیاوازەکانی شیعە، گەرمتر لەرەوتە سیاسیەکانی دیکە، سەرقاڵی ئەتەلکردنی لیستی (شیعە-شیعە)ن لە سیستانیەوە بۆ پایەبەرزەکانی دیکەی شیعە، حیزبەکانیان: مەجلسی ئەعلا، حیزبی دەعوەو دەعوەی رێکخستنی عێراق، حیزبی فەزیلە، لایەنە تورکمانە شیعەکان، رێکخراوی کاری ئیسلامی، رەوتی سەدر، بزووتنەوەی شیعەی ئیسلامی.. تاد لەگەڵ بزووتنەوەی وفاقی نیشتمانی کە (د. ئەیاد عەلاوی سەرۆکیانەو شیعەیە)، هەروا کۆنگرەی نیشتمانی کە (د. ئەحمەد چەلەبی سەرۆکیانەو شیعەیە) و چەندین کەسایەتی ناوداری دیکەی شیعە، ئەم لایەن و کەسایەتیانە، هەم لەگەڵ یەکدا و هەم لەناو خۆیاندا سەرقاڵی گفت و گۆی شیعەگەرێن بۆ لیستێکی (شیعە- شیعە). بەڵام جارووبار باسی لیستی هاوبەشی نیشتمانی فراوانتریش بۆ گڵەیی لەسەر خۆ لابردن، دەکەن. لەم پێناوەدا، مەجلسی ئەعلا، هاوپەیمانیەکی ستراتیژی لەگەڵ (حیزبی دەعوە) بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری بەستووە بۆئەوەی ببنە کاکڵەی یەکێتی هێزە شیعەکان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئایندەدا...

دان پیانانی ئەمریکا.. بەهەڵە قورسەکانی لەعێراقدا

٢ سیاسەتی ئەمریکار داگیرکردنی عێراق، لەدوای روخاندنی رژێمەوە، بیروبۆچونی جیاوازی لەسەرە. هەن بەرگری لێدەکەن (کە کەمن) زۆریەش دژایەتی دەکەن.

لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا، لایەنێك نییە پێش روخاندنی رژێمیش، دژی داگیرکردن نەبوبێ. بەڵکو لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی (لەندەن / مانگی ١١/ ٢٠٠٣) لایەنەکان لایەنگری ئەوە بوون ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تەنها رژێمی عێراق بڕوخێنن. بەرێوەبردنی عێراق بۆ هێزە سیاسیەکان جێبهێڵن. ئەم دوو بۆچونە، داگیرکردن و سەربەخۆیی عێراق، ناکۆکیەکی گەورەی لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی عێراق و ئیدارەی ئەمریکای لەسەربوو. سەرەنجام، دوای سێ رۆژ لەدواخستنی کۆنگرەکەی لەندەن، ئەمریکا بیروڕای خۆی هەر سەپاند. بەناچاری، ئۆپۆزسیۆنیش قبوڵیان کرد...

ئیسرائیل و مستەوتەناتی فەلەستین عێراق و مستەوتەناتی کوردستان

٣ سیاسەتی ئیستیتانی، سیاسەتێکی رەگەز پەرستانەیە. ئەم سیاسەتە، هەمیشە لەمێژوودا هەبووە. بەڵام بەشێوەی جیاوازو لەپێناوی ئامانجی جیاوازدا. لەپێش زاینەوە، قەڵەمڕەوەکان، لەداگیرکردنی وڵاتان و دەست بەسەراگرتنی دانیشتوانی سەر زەمینەکانی تردا، هەوڵیان دەدا دەسەڵاتەکان بدەنە دەستی نەژادەکانی خۆیان، لەم پێنارەشدا، هەم فەرمانڕەوەی سەربازییەکان و هەم دەستوپەیوەندەکانیان، بەپێی نەخشە دەسەپێنرانە سەر شارە داگیرکراوەکان و موڵکی خەڵکیان داگیر دەکرد...

بۆ تێکدانەوەی هەواڵی (١و ٢و ٣) بڕوانە لاپەڕە (٢)

تاقمی سەدر چەکەکانیان لەکوێ دەشارنەوە؟

تاقمەکەی سەدر، دوای بەزینیان لەکوفەو نەجەفو تێك شکانیان لە(مدینە الثورة) پەیمانیان دا کە چەکە سوك و قورسەکانیان ئەسلیم بکەنەوە، هەواڵەکان وا دەگەیەنن کەوا تاقمێکیان کەناویان (جیش المهدیە)یە، پەیمانەکە جێبەجێ دەکەن. بەڵام ژمارەیەکی زۆری چەکە قورسەکان دەگوێزێنەوە بۆ ناو باخەکانی دەورووبەری بەغدا. یان لەناو (دەواجن)ەکاندا، یاخود لەگەراجە کۆنەکان و هەندێ گوندی نزیك بەغداو رێگەی بەغدا، بەعقوبە، خان بنی سعد، کمالیە، دەیانشارنەوە. بەتایبەتی ئەو چەکانەی لەووڵاتانی دەورووبەرەوە هێناویانن. ئەمەش زەنگێکی مەترسیداری ترە، کەئەم تاقمە خۆیان بۆکەتنی دیکە، لەهەلومەرجی گونجاودا مەڵاس داوە.

ژن قەدەغەیە خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئێران هەڵبژێرێ

مەجلسی پارێزەری دەستوری ئێرانی، ساغی کردەوە کە ووشەی (پیاو) لەدەستوری ئێرانیدا، تەنها بۆ نێرینەیە، نەك بۆ مێینە. بەم ساغ کردنەوەیەش، نیوەی گەلانی ئێران، لەگەورەترین پۆستی سیاسی، بەیاسا بێبەش دەکرێن.

دەستوری ئێرانی، دەستورێکی ئیسلامی- شیعەیە، جگە لە (پیاو)ی شیعە، پیاوی سوننی، پیاوی مەسیحی، پیاوی جولەکەو زەردەشتیش بۆیان نییە خۆیان بۆ سەرۆکایەتی کاندید بکەن. بەم پێیەش، رێژەیەکی زۆری پیاوانیش مافی هەڵبژاردنیان بۆ سەرۆك کۆماری زەوت دەکرێ. کەواتە: ئێکرا، ئێستا لەئێراندا، دوای بێبەش کردنی ژنانی نیوەی کۆمەڵ لەمافی هەڵبژاردن، ئیدی کەمایەتی پیاوی شیعە ئەو مافە پاوان دەکەن و بەس. ئەمەش سەراپا دژی پرنسیپی دیموکراسییە. کەکەمترین کەس قۆرغی سەرۆکایەتی وڵات بکا.

شایەنی باسە، لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێشووی ئێراندا، چەندین ژن خۆیان کاندید کرد، بەڵام رێگەیان لێگیرا. ئەمساڵیش فاتیمەی رەفسنجانی و شیرینی عەبادی و جێگری سەرۆك کۆماری ئێران بۆ کاروباری ژینگە، خۆیان کاندید کردووە. ئەوەتانێ قەدەغە کرانەوە. ئەمە لەکاتێکدا، تاقە ژنێکیش لەئێراندا پۆست وەزارەتیان نییە.

کێشەی ناو یەکێتی، بەرەو کوێ؟

یەکێتی، لەهەفتەی رابردووشدا، هەر سەرقاڵی ئاوتوێ کردنی کێشە سەرهەڵدراوەکانی هەناوی خۆی بوو.

(چاودێر) ئاگادارە کەوا: گرێی و ئاڵۆزیەکی دیکە کەوتە سەر رێی چارەسەری کێشەکان، چونکە هەندێ مەرجی قورس بۆ جێبەجێی چارەسەرکردنی کێشەکان داوا کرابوون. بەڵام بەکفتوگۆی دەروون حیزبی، توانراوە گرێیەکە ئاسایی بکرێتەوەو سەر لەنوێ، رێوشوێنی شیاو بۆ یەکلاکردنەوەی هێمنتری گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی گشتی قبوڵ کراوە.

واش بڕیارە کەوا لەدوو رۆژی ئایندەدا، ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بهێنرێ، هەتا لیژنەی باڵاو لقەکانی لیژنەی هەڵبژاردنی یەکێتی، بکەونە خۆیان بۆ ئامادەکردنی ئۆرگانەکانی و دەستەو لایەنگرانی یەکێتی. بەتایبەتی، دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەرجی خۆی لەرێژەی ٥٥ %ی پەرلەمانی ئایندەی کوردستان، لەلیستی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیدا داواکرد. یەکێتیش سەراپا رەتی کردەوە.

شایەنی باسە.. دوو بۆچوون لەناو یەکێتیدا لەسەر کێشەکانی یەکێتی و ئەو مەرجەی پارتی لەم کاتەدا داوای کردووە، هەیە. بۆچوونی یەکەمیان ئەوەیە: کەوا پارتی دەیەوێ ئەوپەڕی سوود لەکێشەکانی ناو یەکێتی وەربگرێ، بۆ قبوڵکردنی مەرجەکەی، هەتا دەریبخا حزبی باڵادەستی کوردستانە. بۆچوونەکەی تریشیان بەپێچەوانەوە، پێی وایە ئەم داخوازییەی بۆ چاکسازی یەکێتی کراوە، هەموو وزە ساردبووەکانی ناو یەکێتی گەرم کردۆتەوەو ئێستر دەکەونەوە خزمەت و خەبات. یەکێتیش دەتوانێ هەڵسوڕاوترو کاریگەرتر بکەوێتە خۆ.

ئاخۆ کام لەم دوو بۆچوونە راستە؟ مەگەر سەرەنجامی هەڵبژاردن وەڵام بداتەوە. بەڵام کێشەش وەکو هەموو دیاردەیەکی دیکە، دوو لایەنی هەیە، باش و خراپ.

شەمعون پیرز: ئەگەر لەرۆخ و قوتتاع نەکشێینەوە، دەوڵەتی جولەکەمان نابێ

یدعوت ئەحرەنوت ٢٠٠٤/١٠/٢٨

رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٧، پێنج هەزار خۆپیشاندەری چەپی ئیسرائیلی، بۆ پشتیوانی لێکردنی شارۆنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەبەردەم کۆشکی کەنیستی ئیسرائیلدا کۆبونەوە! هەتا هەرچی زووە، دەوڵەتی ئیسرائیل لە رۆخ و قوتتاعی غەزە بکشێتەوە. لەم خۆپیشاندانەدا، شەمعون پیرز، ئەندامی کەنیستی ئیسرائیل، گوتارێکی باشی خوێندەوەو دووپاتی کردەوە کەوا:

ئەوە دوای ئەوە دەوڵەتێکی جولەکەمان دروست کرد شانازی پێوە بکرێ. ئەگەر لەرۆخ و قوتتاعی غەزە نەکشێینەوە، دەوڵەتی جولەکەمان نامێنێ.

ئەم قسانەی سیاسەتمەدارێکی گەورەی ئیسرائیلی، دەیسەلمێنێ کەوا: کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل گەیشتۆتە ئاستێك هەر دەبێ یەکلا بکرێتەوە.

کوردو.. ڕێژەی (٥٠٪)ی لیستی شیعە- شیعە

مەلا بەختیار

- کورد لەکوردستاندا حەق نیە لەبەرامبەر مەترسیەکاندا کەمتر ٢٥٪ی کورسیەکانی پەرلەمان رازی بێت، چونکە دەرکەوت مافی چارەنووسی کوردستان مەترسی ئیسلامگەراکانی لەسەرە..

- عەلمانیەکان، لاوازن وەکو هێزی سیاسی، بەڵام لاوازنین وەکو رای گشتی.

رای گشتی عێراق: شڵەژاوە. ترساوە. بێ خاوەنە..

ڕەوتە جیاوازەکانی شیعە، گەرمتر لەرەوتە سیاسیەکانی دیکەی عێراق‌و کوردستان سەرقاڵی تەتەڵکردنی لیستی (شیعە–شیعە)ن. لەسیستانیەوە بۆ پایەبەرزەکانی دیکەی شیعە، حیزبەکانیان: مەجلسی ئەعلا، حیزبی دەعوەو دەعوەی ڕێکخستنی عێراق، حیزبی فەزیلە، لایەنە تورکمانە شیعەکان، ڕێکخراوی کاری ئیسلامی، ڕەوتی سەدر، بزووتنەوەی شیعەی ئیسلامی ... تاد لەگەڵ بزووتنەوەی وفاقی نیشتمانی کە (د. ئەیاد عەلاوی سەرۆکیانەو شیعەیە)، هەروا کۆنگرەی نیشتمانی کە (د. ئەحمەد چەلەبی سەرۆکیانەو شیعەیە)و چەندین کەسایەتی ناوداری دیکەی شیعە (بەحر العلوم، سەلامە خەفاجی) ئەم لایەن‌و کەسایەتیانە تێکرا، هەم لەگەڵ یەکداو هەم لەناو خۆیاندا سەرقاڵی گفت‌و گۆی شیعەگەرایین بۆ گەلاڵەکردنی لیستێکی (شیعە– شیعە). بەڵام جاروبار باسی لیستی هاوبەشی نیشتمانی فراوانتریش بۆگلەیی لەسەر خۆ لابردن، دەکەن. لەم پێناوەدا، مەجلسی ئەعلای شۆرشی ئیسلامی لەعێراقدا، هاوپەیمانیەکی ستراتیژی لەگەڵ (حیزبی دەعوە) بەسەرۆکایەتی برایم جەعفەری بەستووە بۆئەوەی ببنە کاکڵەی یەکێتی هێزە شیعەکان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئایندەدا.

بەڕێوەبەری پەیوەندییە سیاسیەکانی مەجلسی ئەعلا (ڕەزا جەواد) ڕۆژی (٢٠٠٤/١٠/٢٥) لەرۆژنامەی (الحیاة)دا ڕایگەیاند کەوا: خۆیان‌و دەعوە، چەندین ڕێگەیان لەبەردەمدایە" ڕێگەی لیستی هاوبەشی نیشتمانی عێراقی بۆ هەموو لایەنەکان، بەبێ جیاوازی، هەروەکو لەکۆنگرەی لەندەن دا ڕێکەوتن. بەڵام ناوبراو ساغکردنەوەی لیستێکی ئاوای بەستۆتەوە بەمەرجێکی شیعەگەری گرنگ، ئەویش ئەوەیە کەشیعەکان لە ڕێژەی (٥٠٪) کەمتر ڕازی نابن. ئەم ڕێژەیە کەلە (٥٠٪)ی پەرلەمانی ئایندە شیعە بن، بەراستی لەسەر وەستانێکی قوڵی بۆ هێزە دیموکراتەکان دەوێت، ئەگەر ڕاستگۆ بن لەهەڵگرتنی دروشمی دیموکراسیدا!!

ئەو پەرلەمانەی هەڵدەبژێرێت، ساڵێك تەمەنی سیاسی عێراقی دەکەوێتە دەست. لەو ساڵەشدا، حکومەتێك دادەمەزرێنێ" بنەمای ژیانی دەستووری‌و یاسایی دادەڕێژێت" ڕەوتی حوکمرانی عێراقیش دیاری دەکات. لەهەموو پەرلەمان‌و هەڵبژاردنێکیشدا، هاوپەیمانی پێش هەڵبژاردن شتێکەو دوای هەڵبژاردنیش شتێکی دیکەیە. پێش هەڵبژاردن دژوارە بزانرێ کوت‌ومت سەنگ‌و کاریگەری هێزە سیاسیەکان چەندە. بەڵام دوای هەڵبژاردن توانای هەموو لایەك‌و کەسایەتیەك، دەردەکەوێ. بۆیە، ڕەنگە پێش هەڵبژاردن حیزب‌و کەسایەتیەك بتوانێ توانای خۆی قەبەتر پیشان بدات‌و باوەریشی پێبکرێ، بەڵام دوای هەڵبژاردن تواناکان وادەردەکەون هیچ لایەك ناتوانێ یەك سانتیمەتریش باڵای خۆی بەرز بکات. لەکوردستاندا، ئەم تاقیکردنەوەیە لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا هەیە. هیچ حیزبێك نەبوو خۆی بۆ سەرکەوتن ئامادە نەکردبێ، هەموو لایەنەکان وایان دەزانی ڕێژەی (٧٪) دەهێنن، کەچی هیچ حیزبێك نەیهێنا جگەلە یەکێتی‌و پارتی.

لەعێراقی‌شێواوی ئێستادا، هەموو لایەك خۆی بەقەبە دەنوێنێ. بەقسەو گفت‌وگۆو خوتبەی مزگەوت‌و حوسەینیەکان بێت، لای بەهێز زۆر زۆرن. بەڵام هێشتا هیچیان لەمەحەکی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن نەدراون. زۆریشی نەماوە ڕاستیەکان دەربکەون.

لیستی (شیعە–شیعە) تاکتیکێکی سیاسی شیعەگەرای زیرەکانەیە لەم هەلومەرجەدا. وادیارە نەخشەکەی باش بۆ کێشراوە. لەدوا سەرەنجامدا، هێزە سیاسیە شیعەگەراکان، لایەنی کەم زۆربەیان، لەسەری ڕێکدەکەون. دەمێنێتەوە سیستانی چی دەکا؟

هەتا ئێستا، ئەم زاتە، لایەنگری لیستی هاوبەشی هەموو لایەنەکانە، بەشیعەو ناشیعەوە. بەڵام جێی خۆیەتی بپرسین: ئەگەر هەموو لایەنە جیاوازەکانی شیعەو ناشیعە ڕێك نەکەووتن، یان ئەگەر هێزە سیاسییە شیعەگەراکان بەرێژەی خۆیان لەناو لیستی هاوبەشدا، ڕازی نەبوون‌و لیستی خۆیان جیاکردەوە، ئاخۆ سیستانی چی دەکا؟ ئایە بێلایەنی خۆی ڕادەگەیەنێت؟ یان لایەنگری لیستی شیعە– شیعە دەکات؟ هەڵبەتە، ڕاگەیاندنی بێلایەنی زۆر قورسە، چونکە لەلایەکەوە کاریگەری سیاسی‌سیستانی لەمەیدانەکەدا کاڵ دەبێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، هێزە شیعەکان دەبنە نوێنەری بزووتنەوەی سیاسی شیعەگراو سەرەنجام وای لێدێ، سیستانی‌و مەرجەعی بەرزی‌شیعە، بکەونە پەرواێزی ڕووداوەکان. کەئەمەش بۆئەو مەرجەعانە، بەدرێژایی مێژوو ستەم بووە. ئەگەر خۆشیان لەسەر دانابێ. ئەم مەرجەعیەتەی سیاسەت‌و بریارو چارەنووسی سیاسی‌و دەوڵەتی، نەریتێکە لەئیمامی عەلی‌یەوە بۆ شیعە ماوەتەوەو بەخوێنی ئیمامی حوسینیش هەمیشە زاخاو دەدرێ. کەوابێ: ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ، سیستانیش دەبێ لەدوا لێکدانەوەدا، داڵدەی (شیعە– شیعە) بدا، گەرچی بۆ ئەم هەلومەرجە، پێشی باش نەبێت. بەڵام پێباش نەبوون پەیوەندی بەشێوازو تاکتیکی سیاسیەوە هەیە، مەسەلەی شیعەش عەقیدەو ستراتیژە. قابیلی دەست لێهەڵگرتن نیەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانە، گریمان لە (٥٠٪) یان لە (٤٥٪)ی نوێنەرانی پەرلەمانی ئایندەی عێراق، بەر شیعە بکەوێ، ئەی سوننی‌و کوردو هێزە عەلمانیەکان چییان بۆ دەمێنێتەوە؟ جارێ باتەکلیفی کورد ڕۆشن بکەینەوە، ئینجا باقیەکەی بژمێرین. ئەگەر (شیعە– شیعە) لەدوا مشت‌ومڕدا بە (٤٥٪) ڕازی بن، لە (٥٥٪) بۆ کوردو سوننی‌و عەلمانیەکان دەمێنێتەوە. با وای دانێین لە (٢٥٪)ی ئەو ڕێژەیە بۆ کورد مسۆگەر بێت. بێگومان لە (٣٠٪) بۆ سوننەو عەلمانیەکان دەمێنێتەوە. جا بابێین ئەمەش وورد بکەینەوە.

کورد لەکوردستاندا، هەق نیەیە لەبەرامبەر مەترسیەکاندا، کەمتر لە (٢٥٪)ی نوێنەرانی پەرلەمان ڕازی بێ، چونکە دەرکەوت مافی چارەی خۆنوسینی کوردستان مەترسی هێزە ئیسلامگەراکانی لەسەرە. بەتایبەت ئەو مەترسیە، کاتێك زەق‌و ڕەق دەبێت کەئەوەش بیر خۆمان بخەینەوە کەوا: پەرلەمان‌و حکومەتەکانی کوردستان، جارێ دوا بریاریان لەدەستورو لەیاسای عێراقدا، لەسەر نەچەسپیوە. بەڵکو دوور نیەیە ئەگەر هێزە ئیسلامگەراو دژە دیموکراتیەکان، لەپەرلەمانی ئایندەدا یەك بگرن، مافی فیدراڵیش هەڵبوەشێننەوە. کەواتا: تاقە دەستەبەری سیاسی‌و یاسایی بۆ کوردستان، مسۆگەر کردنی ڕێژەی دیاری کوردو هێزە کوردستانیەکانە، لەپەرلەمانی عێراقدا. خۆئەگەر دۆستی هاوچارەنووسی هێزە کوردستانیەکان، لەسەر ئاستی عێراقدا، بەدڵنیاییەوە دابین بکرێن، هەڵبەتە، جێی خۆیەتی لیستی هاوبەشیان لەگەڵا مۆر بکرێت، بەڵام نابێت بەشی ئەو هێزانە لەسەر حسابی بەشەکەی هێزە کوردستانیەکان بێت. واتا: لەهەموو حاڵەتێکدا، پشکی پەرلەمانتاری کوردستانی لەناو پەرلەمانی عێراقدا مسۆگەر کرابێ.

سەبارەت بەسوننەو هێزە عەلمانیەکانی دیکەش" کێشەی گەورەی سوننی ئەوەیە کە مەرجەعیەتی باڵای سوننی دژی هەڵبژاردنە، شیعە بەپێچەوانەوە لەگەڵ هەڵبژاردندایە. هێزە ئیسلامگەراکانی سوننیش، بەئەندازەی شیعەکان نەکاریگەرن‌و نەرابردوویەکی ئەوتۆیان لە بەربەرەکانێی ڕژێمی سەدام دا هەبووە. شیعەکان دەیان هەزار قوربانی کۆڕی خەباتیان داوە. سوننیەکان زۆرجار کەرژێم فشاری بۆ هێناون پاشەکشەیان کردووە. تەنها لەکوردستاندا، لەکۆتایی هەشتاکانەوە بزووتنەوەی ئیسلامی سەریهەڵدا، پاشان بوون بەچەندین بەشەوە. زۆربەشیان هێندەی شەری هێزە کوردستانیەکانیان کردووە، کەمترین شەریان دژی ڕژێم نەکردووە.

حیزبی (اخوان المسلمین)، کەگەورەترین حیزبی سیاسی سونیگەرای عێراقن، لەساڵی (١٩٧٢)ەوە، لەبەرامبەر فشاری ڕژێمدا چالاکیەکانی خۆی هەڵپەسارد. ئەمە لەکاتێکدا، ڕێك ئەو کاتە ڕژێم فشاری بۆسەر شیعەکان زۆرتر بوو، زۆر زیاتریشی لێدەگرتن‌و دەکوشتن‌و دەردەکردن. کەچی شیعەکان بەرگریان لەخۆیان کردو سوننیەکان دەستیان لەخەبات هەڵگرت. بێگومان ئەوسیاسەتە ئێستا باجەکەی دەدەن. ئەوەتانێ شیعە بەهێزەو سوننی لاوازە. گرفتەکەش لەوەدایە کەلەمەودوا، کاتێك دەبینین هەلومەرجێکی سیاسی گونجاو هاتۆتە پێشەوە، بتوانرێ ئاراستەیەکی سیاسی هاوچەرخ بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، هەم شیعە دەیانەوێ تۆڵەی کارەساتە مێژووییە کۆن‌و نوێکان لەم هەلمەتەدا بکەنەوەو شێوەیەك لەشێوەکانی سەرکەوتنی ئێران دووپات بکەنەوە. هەم سوننیش هەولیانە کەمتر لەو سەنگ‌و کاریگەرییەی بەدرێژایی مێژوو، لەم وڵاتەو لەناوچەکەدا هەیانبووە، ڕازی نەبن. ئەم دوو بۆچوونەش لەنێوان شیعەو سوننەدا، ڕەگە عەقیدەیی‌و سیاسییەکەی لەقوڵایی مێژوودایەو بەرژەوەندیەکەشی لەئێستادایە، ئەمەش گەورەترین کێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و مەزهەبین بۆ پرۆسەی دیموکراسی. ئەو دوو جەمسەرە، دوو جەمسەری مەنگەنەیەکی سیاسین، کەهەتا دێت پرۆسەی دیموکراسی دەگوشن.

عەلمانییەکان.. مەخابن، لاوازن وەکو هێزی سیاسی، بەڵام لاوازنین وەکو ڕای گشتی. ڕای گشتی عێراق: شڵەژاوە. ترساوە. بێخاوەنە. ئەگەر ڕای گشتی عێراق بێتەوە هۆش‌و هەرەشەکانی تۆقاندنی لەسەر نەمێنێ، بێگومان لایەنگری حیزبایەتی تایفەگەری نین. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کاتی ڕۆشن کردنەوەی ڕای گشتی کەمەو ترس‌و تۆقاندنەکەش زۆرو بەردەوامە. شیعەکان ئەم ڕاستیە باش دەزانن بۆیە ئەو پەری فشار بەکاردێنن هەڵبژاردنەکە زوو بکرێ. تیرۆریستەکانیش خێرا خێرا تاوان ئەنجام دەدەن، هەتا حکومەت‌و هێزە دیموکراتخوازەکان نەیان پەرژێ بنەچەی دیموکراسی دارێژن‌و خەڵك پەروەردە بکەن. دیموکرات‌و عەلمانیخوازەکانیش فاکتەری کات دەیانبرێ‌و ناشتوانن بەرهەڵستی مەترسی‌و هەرەشەکان بکەن، هەتا بتوانن ڕای گشتی خەڵك ئاراستەبکەن.

کێشەکان.. بەهەر دیوێکدا تاوتوێ بکرێ، مەترسی هێزە ئیسلامەگەراکان‌و دەست تێوەردانی ئیقلیمی، مەترسیەکی ترسناکەو سێبەری ڕەشی بەسەر ڕووداوەکاندا هەیە. بەڵام هێزە کوردستانیەکان لەم هاوکێشەیەدا، مەترسی کەمتریان لەسەرە، ئەگەر بێت‌و بتوانن"

١- لیستی هاوبەشیان گەڵاڵە بکەن‌و ڕێگە نەدەن تەنانەت تاقە کورسیەکیشیان لەکیس بچێ.

٢- هێزە دیموکراتخوازە هاوچارەنوسەکانی عێراق، لەدەوری پرۆسەی دیموکراسی‌و هەڵبژاردنی دیموکراسیانە کۆبکەنەوە.

٣- سووربن لەسەر پرنسیپی (توافق) لەبریاردانی ناو پەرلەمان‌و حکومەتی عێراقدا.

٤- یەکگرتنەوەی سێ پارێزگا، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر یاساو بریارێك دژی دیموکراتی‌و فیدراڵی، لەدەست نەدەن.

٥- هێزە سەرەکیەکانی کوردستان لەسەر لیستی هاوبەشی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کۆك بن.

لەکۆتاییدا دەڵێین: ڕاستە کورد وەکو جاران تەنها شاخەکان پشتیوانی ڕاستەقینەی نین. ڕاستیشە پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی باشمان هەیە. ڕاستیشە عێراق عێراقی جاران نیەیەو هێزە سیاسیەکانیش زۆرن. بەڵام لەهەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە: ئەو هەرەشە ئیقلیمی‌و ناوخۆییانە لەسەر عێراقێکی دیموکرات‌و فیدراڵ کەم نین. هێشتا ڕێگەیەکی پێچاوپێچی پر لەپیلانگێری لەبەردەمماندا ماوە. ئەگەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان بنج‌و بناوانی ڕووداوەکان، ئەگەرەکان، مەترسیەکان‌و پیلانەکان لێك نەدەنەوە، دوورنیەیە دووچاری هەلومەرجی ئەوتۆ بین، هەرگیز ڕەچاومان نەکردبێ. زۆرجاریش لەمێژووی شۆرشە دیموکراسیەکاندا، سەرکەوتن بۆتە مایەی بەڵای دەیان ساڵ. ئەوە شۆرشی گەورەی فەرەنسا، ئەوە شۆرشی ئەمریکا، ئەوە بریتانیا، ئەوە ئەڵمانیا، ئەوە تورکیا، ئەوە ئێران‌و ئەوەش جەزائیر. کوردستانیش لەو نێوەندەدا کەم تاقیکردنەوەی نیەیە:

ئەوە شۆرشی کەمالیەکان، ئەوە شۆرشی مەشروتیەو شۆرشی ئیسلامی ئێران، ئەوە کۆماری مهاباد. ئەوە شۆرشی ١٤/ی تەمموزی عێراق‌و ئەمەش پرۆسەی ئازادی عێراق .. لەهەموویاندا .. کورد مارانگازە.

دان پیانانی ئەمریکا.. بەهەڵە قورسەکانی لەعێراقدا

ئازاد عەلی

دوای‌ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لەژێر هەژمونی ئەمریکا ڕازی‌بوو، عێراق وەکو وڵاتێکی داگیرکراو بەڕێوەببرێ، ئیتر هێزە سیاسیەکانی عێراق دۆش دامان. ناچار ملی ناڕەزایی‌بونیان، کەچ کرد. هۆیەکەشی بۆئەوە دەگەڕایەوە کە هەرچی‌چۆنێ بووە، ڕازی‌بن، بەڵکو ڕژێمی سەدام بڕوخێندرێ. ئەوەبوو هاوپەیمانان هێرشی پرۆسەی ئازادی عێراقیان دەستپێکردو سەریشکەوتن‌و عێراقیان وەکو وڵاتێکی داگیرکراو، ماوەیەك بەڕێوەبرد. بەڵام هەرزوو دەرکەوت داگیرکردن گەورەترین هەڵەی سیاسی بوو، ئەمریکا سەپاندی. بەدانانی پۆل بریمەریش، هێندەی دیکە سیاسەتی داگیرکردن دوچاری سیاسەتی لێك تێ‌نەگەیشتن لەنێوان ئۆپۆزسیۆن‌و هاوپەیمانانداا، هات. ئەوەبوو، بەناچاری، دوای تاقیکردنەوەی سیاسەتی داگیرکاری، ئەمریکا ڕازی‌بوو مەجلسی حوکم دابمەزرێ. بەڵام دوای‌ئەوەی کێشەکانی سیاسی، ئاسایش، باری ئابوری‌و عەسکەری لەگرێژنە دەرچوون. ئیدی لەلایەکەوە ئیسلامگەراو پاشماوەی تێکشکاوی سەدام سوودیان لەسیاسەتی داگیرکاری وەرگرت" لەلایەکی دیکەشەوە، دەوڵەتانی ئیقلیمی کەوتنە جێ‌بەجێ‌کردنی نەخشەکانیان‌و هاندانی دوژمنەکانی ئەمریکاو دیموکراسی.

هەست دەکرا.. لەو دوادواییەدا ئەمریکا، هەڵەکانی خۆی درك پێکردبوو. بەڵام بەزەقی دانیان پیانەدەنا. ڕۆژی (١٠/٢٦) ڕیتشارد بیرل، کە یەکێکە لەداڕێژەرە سەرەکیەکانی سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا، دانی پیاناوە کە ئەمریکا چەندین هەڵەی گەورەی لەعێراقدا ئەنجامداوە. بەتایبەتی دوای ڕوخاندنی ڕژێم.

لەئاخاوتنێکدا بۆ ڕۆژنامەی (لیدوفی نوفینی) چیکی، دەڵێ: گەورەترین هەڵە ئەوەبوو کە دوای ڕوخاندنی ڕژێم حکومەتمان تەسلیم بە ئۆپۆزسیۆن‌و خەڵکی عێراق نەکرد. چونکە تەنها ئەمانە دەتوانن دوای جەنگ زاڵ ببن بەسەر دۆخەکەدا، کەچی لەباتی ئەوە، ڕێگای داگیرکردنمان گرتەبەر.

ئەم بۆچونە، ڕاستورەوان هەمان بۆچونە لەکاتی خۆی ئۆپۆزسیۆن دەریانبڕی‌و چەندین نوسەریش باسیان لێوەکرد. بەڵام ئەمریکا گوێی‌نەدەگرت. بەڕاستی گوێ‌نەگرتنێکی زیانبەخش بوو، هەم بۆ عێراق‌و هەم بۆ ئەمریکا.

ئەمریکا.. وڵاتێکە لەدەورانی کۆلۆنیالیزمدا، تاقە نمونەی سەرکەوتووی نەبووە لەئیدارەکردنەدا. لەو هەموو کودەتایانەی کردوشنی، شکستی سیاسی هێناوە، ئەگەرچی لەرووی عەسکەرییەوە سەریش کەوتبێ. بەپێچەوانەشەوە، پەیوەندییە سیاسی‌و ئابورییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ئەمریکای لاتین‌و ڕۆژهەڵات، کە داگیری‌نەکردبون، یان کودەتای نەکردونەتەسەرو لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە کەوتونەتە فەلەکی سیاسەتی ئەمریکا، سەرکەوتوتربووە لەسیاسەتی داگیرکاری ڕاستەوخۆ، کە لەوڵاتانی داگیرکراودا پەیڕەوی لێکردووە.

سەردەمی ئێستاش.. سەراپا لەسەردەمەکانی هەردوو جەنگی یەکەم‌و دووەمی جیهان جیاوازترە. لەو سەردەمانەدا، بەتایبەتی لەسەردەمی جەنگی سارددا، ئەمریکا لەسیاسەتی داگیرکاری سەرکەوتوو نەبوبێ، هەڵبەتە لەسەردەمی جیهانگیریدا، کە باس هەر باسی دیموکراسی‌و مافی گەلان‌و ئازادییەکانە، لەسەردەمێکی وادا، هەرگیز ئەمریکا ناتوانێ وەکو وڵاتی داگیرکەر سەرکەوتوو بێ، نەخوازەڵڵا لەوڵاتێکی وەکو عێراقدا کە هەم پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو نەگونجاوی هەیەو هەم لەچەندین لاوە، دوژمنەکانی ئەمریکا لەسەر هێڵەکانی سنورەوە سەرقاڵی پوچەڵکردنەوەی بەرنامەکانی ئەمریکان.

ئەمریکا وڵاتێکی زەبەللاحە. دەپرسین: ئەوە چۆنە هەڵەی گەورەی ئاوای کرد، چۆن چۆنی لەسەرەتای هەزارەی سێهەمدا، سەرەتای گۆڕانکاری ڕۆژهەڵات بەرەو دونیای دیموکراسی، ئاوا عێراق بەداگیرکردن دوچاری تەنگوچەڵەمەی دژوار بکا؟ بەڕاستی سەیرە ئەمریکا هەڵەی ئاوا بکا.

هەتا زووە، ئەو هەڵەیە دەبێ ڕاست بکرێتەوە، دەنا ئەمریکاو ستراتیژی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە دوچاری کێشەی قورستر دەبن. سەرەنجامیش، هێزە سەلەفییەکانی سەر حوکمی وڵاتانی ناوچەکەو ڕۆژهەڵات، لەگەڵ هێزە تیرۆریستەکان، سوودی زیاتر لەشسکستی سیاسەتی گۆڕانکاری ڕۆژئاوا دەبینن.

دەبێ ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، وردتر هەنگاو بۆ مەسەلەی دیموکراسی هەڵبێنن" هەستی نەتەوەیی‌و نیشتمانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات چاکتر لەبەرچاو بگرن" گیروگرفتەکانیان چارەسەربکەن" مافی چارەی خۆنوسینی گەلان باشتر بسەلمێنن" ئەوپەڕی هەوڵبدەن.. حکومەتی باشتر، مافی زیاتر، ڕەفتاری شیاوترو کرداری مرۆڤانەتر پشانی گەلانی ڕۆژهەڵات بدەن. دەنا.. ئەمریکاو ڕۆژئاوا، دەکەونە ناو سەدان کێشەی چاوەڕوانەکراوی وەکو عێراق.

ایلاف : ئەنتەرنێت ٢٠٠٤/١٠/٢٦

ئیسرائیل‌و مستەوتەناتی فەلەستین
عێراق‌و مستەوتەناتی کوردستان

سەرکەوت عەلی

لە جەنگی قەڵەمڕەوەکانی مەسیحیەکان‌و پاشان خاچ پەرستەکاندا، هەمیەش ئەم سیاسەتە گیراوەتە بەر" لەجەنگی فتوحاتی ئیسلامیدا، هەردەم ئەم سیاسەت‌و نەخشەیە سەپێنراوەو بەرە بەرە لەگەڵی شوێنی ڕۆژهەڵات دا کە پێشتر هەرگیز عەرەبی لێ نەبووە، عەرەبی دەسەڵاتداریان سەپاندۆتە سەریان‌و عەرەبیشیان لەو شوێنانە نیتشەجێ کردووە. کوردستان، یەکێکە لەو وڵاتانەی مەینەتیەکی زۆری لەم بارەوە دیووە.

کاتێك سەفەوی‌و عوسمانیەکانیش، دوو قەڵەمڕەوی زلی ڕۆژهەڵات بوون، ئەمانیش هەمان سیاسەتیان گرتە بەر، لەسەپاندنی نەژادی فارس‌و تورك لەناو سەرزەمینی نەژادەکانی دیکەدا. ئێستاش ڕەگو ریشەی ملیۆنەها فارس‌و عەرەب‌و تورکمان، لەسەر زەمینی نەژادەکانی دیکەی ڕۆژهەلات دا، بەتایبەتی لەکوردستان، ئەرمنستان، ئازەربایجان‌و خوزستان.. تد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانە، کەنەوەکانی ئێستاو ئایندە، دەبێ ئێستاش لەکەرکوك‌و خانەنقین‌و ناوچەکانی موسڵ دا، باجی ئەو سیاسەتە لەمێژە سەپێنراوە، کەهێشتا دەپارێزرێ بدەن، وە نەبێ سیاسەتی نەژاد سەپاندن‌و نەژاد گۆڕین، تەنها لەسەردەمی دێرنەداو لەسایەی قەڵەمڕەوی ئاینەکاندا، بەشێوە سەرەتاییەکەی سەرپێنرا بێ، نەخێر. لەسەردەمی نوێش دا، ئەم سیاسەتە، بەڕێو شوێنی نوێ چەشن‌و ئایدیۆلۆژیەتێکی زیانبەخشتر، سەپێنراوە.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، ئەندێشەی (شۆفێنیزم) لەلایەن جەنەراڵ (شوفێن)ی فەرەنساییەوە، باسی هێنرایە ئاراوە. کاتێك فەرەنسا، ڕووبەڕووی بەرەنگاری گەلی جەزائیر بونەوە، ئەمانیش گەڕەکی جیاو شەقامی جیاو ئۆردوگای جیاجیای فەرەنسی‌و فەرەنسی خوازەکانیان دا سەپاندو خۆیان لەخەڵکی جەزائیر جوێ کردەوە.

کە حیزبی فاشی ئیتاڵیاش سەرکەوت، مۆسۆلۆنی لەحەبەشەو لیبیادا، سیاسەتی ئیستیتانی ڕەگەزپەرستانەی سەپاند، ئەمە جگە لەئۆردوگای زۆرە ملێ بۆ خەڵکی ئەو دوو وڵاتە. ئەڵمانیای نازیش هەمان سیاسەتی لەپۆلۆنیا، چیکۆسلاڤیاو ڕۆمانیادا سەپاندو ملیۆنەها ئەڵمانیان لەو وڵاتانەدا نیشتەجێ کرد، بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەییان. بەڵام هەموو ئەو سیاسەتانە، لەدوا ئاکامدا شکستیان هێنا، فەرەنسیەکان لەجەزائیرو ئیتالیەکان لە لیبیاو ئەڵمانیاش هەروا،هەموویان لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانەوە وەدەرنران، مافی خۆشیان بوو. بەکارێکی نا دیموکراسی‌و دژە مرۆڤیش بۆیان نەنوسرا.

ئێستا.. لەجیهان دا، لەدوو شوێنی ڕۆژهەڵات دا، ئۆردوگای زۆرەملێ نەژادەکانی دیکە، هەیە: لەناو نیشتمانی فەلەستین‌و لەناو کوردستان دا. لەفەلەستین دا جولەکە، بەزۆری زۆرداری سەپێنراونەتە سەر عەرەبی فەلەستین. لەکوردستانیش دا عەرەب، بەزۆری زۆرداری سەپێنراونەتە سەر کوردو تورکمان‌و کلدۆ ئاشوری کوردستان.

لە فەلەستین دا، ئەوەتانێ حکومەتی ئیسرائیل، دوای (٥٠) ساڵ لەسیاسەتی ئیستیتان، باشەکشە دەکاو خەریکە (ظفهی غەربی) (قطاعي غەزە) چۆڵ دەکا. حکومەتی ئیسرائیلی

بۆل(١٥)

پێشێل کردنی مافی ژنانی کورد لەتورکیا

ئا: لەیلی حەسەنپوور

ئەم دەقەی بەردەست وتەبێژیەکی خاتوو یالینگ ژنە کوردی بیست و نۆ ساڵەی مافناسی کوردستانی تورکیەیە کەپاڵێوراوی دادگای ئوروپایە سەبارەت بەمافی مرۆڤ و هەروەها نوێنەری سەرۆکی یەکیەتی مافی مرۆڤی تورکیەیە (IHD).

ئەم وتە بەنرخانە دوای بانگهێشتی رێکخراوی لێبوردنی نێو نەتەوەی و هەروەها ئاکادیمیای پرۆتستانی شاری بەرلین لەئەڵمانیاو لەسەر پێشێلکردنی مافی ژنانی کورد لەتورکیا، پێشکەش کرا.

یەکێك لەو پێوانانەی کە سەلمێنەری بوونی دیموکراسی لەوڵاتێکدایە، توێژینەوەی رەوش و مافی ژنانە لەو وڵاتەدا. مافی هەڵبژاردنی هاوسەری خوازراو بەرگری لەمێردکردنی ناچاری، مافی تەڵاق، سەفەرکردن، مافی چاودێری منداڵان، بەرگری لەبەدکەڵك وەرگرتنی رەگەزی و دەسدرێژی، بەرگری لەداسەپاندنی جۆری جلوبەرگ، مافی خوێندن و پەروەردە، مافی دەنگدان و بەشداریکردنی چالاکانە لەبڕیارە سیاسیەکانی وڵات و مافی دەربڕینی بیروڕاو بەرگری لەجیاوازی و سوکایەتیکردنی رەگەزی وەك مافە سەرەتاییەکانی ژنان دێنە هەژمار.

بەڕای خاتوو رێحان یالینگ زۆربەی ئەم خواستانە لەوڵاتی تورکیەدا لەبەرچاو ناگیرێن و لەلایەن داڕێژەرانی یاسای تورکیاوە پێشێل دەکرێن. ئەو هەروەها ئاماژەشی کرد کەدەبێ خوازیاری زیاتری دیموکراسی بەتایبەت لەبەرچاوگرتنی مافی ژنان لەتورکیادا بۆ ئەندامێتی ئەو وڵاتە لەیەکیەتی ئوروپادا وەك پێویستیەك لەبەرچاو بگیردرێت.

تەنها تورکیە نیە کەئەم ژنە شۆڕشگێڕە کوردە دەیخاتە بەر رەخنە، بەڵکو ئەو رەخنە لەهەموو کۆمەڵگای کوردی لەم وڵاتەدا دەگرێ، ئەو کۆمەڵگایە کەخۆی تێیدا پەروەردە بووەو لەنزیکەوە دەیناسێت، ئەو لەو باوەڕەدایە کە دواکەوتووی گشتی شێوەی بیرکردنەوە لەم کۆمەڵگایەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ توندوتیژی بەرانبەر بەژنان، هێشتا نەریتە کۆنەکان وەك پاراستنی ئابڕو شەرەف لەوێدا رۆڵێکی مەزن دەگێڕێ، سوننە گەلێك کەهەندێجار دەبێتە هۆی کوشتنی ژنان و بەناوی پاراستنی شەرەف و ئابڕو پاساو دەدرێت و دەڵێت" توندوتیژی بەشێوەگەلی جۆراوجۆر لەتورکیا دەردەکەوێت.

توندوتیژی دەرونی، توندوتیژی جەستەیی و خراپ کەڵك وەرگرتن و دەسدرێژی. بەڵام لەسەرو هەموو شتێکەوە ئێمە نیگەرانی توندوتیژی بەرانبەر ژنان هەتا رادەی لەناوچونی ژیانی ئەوانین، هەموو ئەو شێوە توندوتیژیانە لەکۆمەڵگادا و تەنانەت روبەڕوی ژنانی زیندانیش دەبێتەوە. بەڵام توندوتیژی بەرانبەر بەژنان لەناو خێزانیشدا زۆر بەرچاوە. لەخێزاندا بەڕاستی دوجار دەبنە قوربانی.

خاتوو رێحان یالینگ وەك ژنێکی مافناس و پارێزەرێك زۆرجار لەگەڵ کێشەی ئەو ژن و کچانەی کە کەوتونەتە بەر دەسدرێژی سەرو کەلەی کوتاوە. ئەم دەسدرێژیە زۆرجار لەلایەن خزمێکی نزیکەوە کراوەتە سەر ژنان، کاتێك ئەم دەسدرێژیانە ئاشکرا بوو ئەو ژنەی کەدەسدرێژی کرایە سەری بەناوی پاراستنی شەرەف و ئابڕووەوە دەکوژرێت. لەناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا رۆڵی بنەماڵە لەچارەنووسی ژناندا گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەوەی کەژنانی زیندانی و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە دەکەونە بەر دەسدرێژی شتێکی بەهەڵکەوت نیە بەڵکو کارێکی لەپێش داڕێژراوە. خاتوو رێحان یالینگ لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەمە شێوازێکە بۆ دورخستنەوەی ژنان، لەکارو چالاکی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگیرێ و خەباتی ئەوان لەدژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سنوردار کەن و هەروەها ئەوان لەدەربڕینی خوازیاریەکانیان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، دڵ سارد بکەنەوە. لەشەڕی چەکداری لەباکوری کوردستاندا کاتێك ژنان بەدیلی دەکەوتنە دەس تورکیا. لەزیندانەکاندا بە بەرفراوانی دەسدرێژیان لێدەکرێت. کەڵك وەرگرتن لەم شێوازە ئەشکەنجەیە لەبەرئەوەیە کەدوای زیندان لەبەر هۆکارە نەریتیەکان، نەتوانن بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگاو بنەماڵەکانیان لێرەدا باسەکە زیاتر لەسەر ژنانی کوردە، چونکو قوربانیانی سەرەکی ئەوانن.

٩٥٪ لەو ژنانەی کە لەساڵانی رابردوو لەزینداندا کەوتونەتە بەر دەسدرێژی ژنانی کورد بون تورکیا بۆچونە ناو یەکیەتی ئەوروپا دەبو لانیکەم پێوانە گەلی لەبەرچاوگرتنی مافی ژنانی لەم وڵاتەدا بەڕەسمی بناسیبا. لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئوردوغاندا لەم بارەیەوە چەند هەوڵ و یاسایەك، وەك قەدەغەکردنی یاسایی سزای لەسێدارەدان و ئەشکەنجەی زیندانیان دیاریکرا.

خاتوو رێحان یالینگ کە خۆی لایەنگری ئەندامێتی تورکیایە لەیەکیەتی ئوروپادا، تەنها دانانی ئەم یاسا نوێیانە بەگۆڕانکاری بنەڕەتی لەڕەوشی ژنان لەم وڵاتەدا نازانێ و دەڵێ: گرنگترین کێشە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ گۆڕانکاری لەڕۆحیەت و شێوەی بیرکردنەوەی خەڵکی لە ژیانی رۆژانە لە تورکیادا دروست بکەین.

لەبەرئەوەی تورکیا وڵاتێکی سەربازیە، وڵاتێکی کە دیموکراسی تێدا پێنج ساڵە کە کەوتە بەر دەسدرێژی داروسیەکەیانەوە دواتر لە لایەن بنەماڵەکەیەوە کە گوایە ئابڕو شەرەفی ئەوانی بە با داوە. رەجم کرا، تەوەرێکی لە رۆژنامەگەری تورکیادا کردەوە. شەمسیە ئالاك بۆ ماوەی هەشت مانگ لەبێهۆشیدا بوو دواتر وێڕای هەوڵێکی زۆری پزیشکان گیانی لەدەس دا.

پەڕلەمانی تورکیا ناچار بوو لەم بارەیەوە هەڵوێست بگرێت و باسی نوێنەران لەم بارەیەوە ئەوەبو کە قەتڵ بەهەر شێوازێك قەتڵ و داشکانی سزا لەبەر پاراستنی ئابڕوی بنەماڵەیی دەبێ نەمێنێت. ئێستا هەرچەندە تورکیا قەتڵی ناموسی قەدەغە کردوە بەڵام هەروەك پێشتر ئەم توندوتیژیە بەرانبەر ژنان دەکرێ.

سەرۆکی وەزارەتی کاروباری ئاینی تورکیا عەلی بارداش ئوغلۆ لەم بارەیەوە دەڵێ، توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لەگەڵ یاسای ئیسلامیدا ناگونجێ و بنەماڵەکان مافی ئەوەیان نیە کە خۆیان ببنە حاکم بۆ حوکمدان و نەریتەکانیش یاسا نین.

ئۆردوغان سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئەوەی بەهەڵەیەکی گەورە دەزانی کە لەتورکیا هێشتا کێشەی ژنان چارەسەر نەکراوە، بەپێی

> **ئەوەی کەژنانی زیندانی و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە دەکەونە بەر دەسدرێژی شتێکی بەهەڵکەوت نیە بەڵکو کارێکی لەپێش داڕێژراوە**

نیە، وڵاتێکە کە رێز لە جەماوەری خۆی ناگرێت، وڵاتێکە کە رێز لە کەمینەکان ناگرێت.

بۆ وێنە تا ئێستاش لەم وڵاتەدا شوناسی فەرهەنگی کوردان بەرەسمی نە ناسراوە.

کێشە ئەوە نیە کە گۆڕانکاریەکان بە رەسمی بناسرێت. بەڵکو ئەوەیە کە بەرەو یاسایەکی بنەڕەتی دیموکراس بچێت و ئەم یاسایە بەتەواوەتی پراکتیزە بکات. ئەم ژنە مافناسە کوردە، رژێم بەوە تاوانبار دەکات کە بۆ ئەم کێشەیە هەوڵ نادات، بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی ئاشیتخوازانە، دەوڵەت ئەشکەنجەو دەسدرێژی بۆ سەر ژنان بەردەوام دەکات. کەسانی دەس بەسەرکراو راستەوخۆ بۆ زیندان

> **کەسانی دەس بەسەرکراو راستەوخۆ بۆ زیندان نابرێن بەڵکو دەبرێنە ناو ئەو ماڵە چۆڵانەی کە ئیجارە کراون بۆ ئەوەی لەوێدا ئەشکەنجە بدرێن و دەسدرێژیان بکرێتەسەر**

نابرێن بەڵکو دەبرێنە ناو ئەو ماڵە چۆڵانەی کە ئیجارە کراون بۆ ئەوەی لەوێدا ئەشکەنجە بدرێن و دەسدرێژیان بکرێتەسەر. ئەو وەك نوێنەری یەکیەتی مافی مرۆڤ لە تورکیا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی رەوشی سیاسی ئێستا و رابردو دەڵێت: چوار کەس لە ئەندامانی رێکخراوەکەی ئێمە لە سەردەمی شەڕی چەکداری لەم وڵاتەدا کوژران. هەنوکە ئێمە لەگەڵ ململانێی یاسایدا روبەڕو بوینەتەوە. بە تەنها ئەم رێکخراوەیە دەبوایە سەرقاڵی بابەتەکانی ٥٠٠ دۆسیە بوایە ئەمانە ئەو بابەتانەی کە بەهۆی رەخنەگرتن لە پێشێلکاری و دەسدرێژی، بەهۆی رۆڵی رۆشنگەری لەڕاگەیاندنەکاندا، بەهۆی هەواڵنێری و راپۆرت ساز دانەوەو.. تاوانبار کراون، بەڵام ئەگەر بەگشتی ئەمانە لەگەڵ رابردوودا هەڵسبەنگێنین دۆخی چالاکی ئێمە گونجاوتر دەبێ.

لەسێ مانگی رابردودا مەرگی "شمسیە ئالاك" ژنە کوردی سی و راپۆرتی یەکیەتی ژنانی تورکیا ٧٣٪ ژنان لەم وڵاتەدا کە خوێندنی باڵاشیان تەواو کردوە لە سێ ساڵی سەرەتای ژیانی هاوبەشیدا دەبنە قوربانی توندوتیژی لە بنەماڵەکاندا. و ئەم رێژەیە لە ژنانی چینەکەم دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگادا دەگاتە ٩٠٪ لە کۆتایی ئەم راپۆرتەدا هاتوە کە لەهەر دو پیاوی تورکیادا پیاوێك بەڕەوای دەزانێ کە لەبەرئەوەی ژنەکەی بێدڵی ئەو دەکات تەمێی بکات و لێی بدات. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەهەر چوار پیاو لەم وڵاتەدا پیاوێك خۆی ژنەکەی دەخاتە بەر دەسدرێژی.

توندوتیژی دژ بە ژنان لەم وڵاتەدا بە شێوازی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگاو بنەماڵەکاندا بەردەوامەو خەباتی ژنانیش بە دژی ئەوان بەردەوامە.

سەرچاوە: ئینتەرنێت.

لەرۆژهەڵاتەوە

ئامانج عەزیزکەندی



ئەوانەی کە ئاگایان لە هەل و مەرجی روناکبیری کوردستانی رۆژهەڵات هەبێت دەزانن کە ئەم پارچەیەی کوردستان, ئێستا بە شوێن پێناسەیەکدا دەگەڕێ کە دەیان ساڵە لێی بزرکراوە. بە سەرنج دانێك لەبەرهەمە هونەری و ئەدەبیەکانی ئەودیو واتە کوردستانی رۆژهەڵات تێدەگەی کە عەشق, دڵسۆزی بە پەرۆش بوون, پەلەقاژە و چنگ کوتان بۆ وەدەست هێنانی پێگە و پێناسەیەك چەندە دیار و گرینگە. ئێستا ئەوێ لە کەش و هەوایەکی تایبەت و ئاستەم دایە کە رەنگە ناوی گوزار یان ناوی ئاوس بوون بە ئاڵ و گۆڕێکی جیدی هەڵبگرێ.

دەیەی هەشتای زایینی کوێرترین و رەشترین دەیەیە بۆ روناکبیری و رۆژنامەگەری کوردی.هەموومان دەزانین کە نە ئەو سەردەم و نە ئێستاش هەر لە راپرسی یەکەمی کۆماری ئیسلامیەوە تا شەڕی ئێران و عێراق و هەموو ئەو رووداوانەی دوایی، کوردستانی رۆژهەڵات قەت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەبووە. بۆیەش کوردستان لە پرۆژە بنەرەتیە ئابووری و خزمەتگوزاری و رۆشنبیریەکان بێ بەش بووە و هیچی بۆ نەکراوە. رۆشنبیری و رۆژنامەگەری هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ لەسەر دەست و خەباتی خودی رۆژنامەوان و رووناکبیران گەیشتۆتە ئێرە و تازە خەریکە خۆی دەچەسپێنێ. لە دەیەی ٨٠ ی زایینیدا نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و رووناکبیران هیچ مەجالێکی خۆ دەرخستنیان نەبوو، جگە لە دوو گۆڤاری بەرتەسکی"سروە"و "ئاوێنە" کە دەبوو هەر بابەتێك بکرێتە فارسی و لە پشتی پەردەوە بڕیار لەسەر بڵاو بوونەوەی بدرێ. بۆیە هەموو ئەو پتانسیەلە رووناکبیریانە ژێر پێستی کاریان دەکرد و ئەزموونی فۆرم و شێوازی دەربڕینیان دەکرد. ئەو سەردەم کۆڕ و کۆبوونەوەی رووناکبیری و هونەری و ئەدەبی زۆرتر لە ماڵان و لە دوکانی چایخانە و شوێنەکانی کاری رۆژانە بەڕێوە دەچوون. لەبەر هەلومەرج و تایبەتمەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کوردستانی رۆژهەڵات، هەر بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ مەحکووم دەکرا. هەرچەند گۆڤار و رۆژنامەکانی وەك کوردستان و پێشرەو و پێشەنگ و ئەوانیتر بەردەوام لە شاخ دەردەچوون، بەڵام ئەوانە هەم ئۆرگانی حیزبی بوون هەمیش بەدەستی خەڵك نەدەگەیشتن هەمتر لە هەموویان لە رووی بابەتیەوە لاواز بوون. هەروەها پەیوەندی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتیش ئەوکات لە ئەوپەڕی کزیدا بوو. تەنیا شتێك کە رۆشنبیران و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی کوردستانی رۆژهەڵاتی لە دەوری یەکتر کۆ دەکردوە لە راستیدا شەو نشینیەکان بوو کە دواجار بوون بە ئەنجمەنە ئەدەبیەکان.

راپەرینە مەزنەکەی کوردستانی باشوور و کاریگەریەکانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و رۆژنامەگەری ئەوپارچەیەی کوردستان کۆمەڵێك شتی لە کوردستان ئاڵوگۆڕ پێدا و بە حەق ئەم کاریگەریانە حاشا هەڵنەگرن. زۆربەی هەرەزۆری ئەنجومەنە ئەدەبیەکان و ئەنجومەنە هونەریەکان و گروپی موسیقی و لە چاپدانی کتێب و دەرکردنی بڵاڤۆکی سەربەخۆ لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا دروست بوون و دەکرێ بڵێین دەیەی٩٠ لە کوردستانی رۆژهەڵات دەیەی تەقینەوە و راپەرینی ئەدەبی و روناکبیری و رۆژنامەگەری بوو.

لە گەڵ ئەوانەشدا چوونە سەری ئاستی خوێندەواری لە کوردستان, دەرکردنی گۆڤار لە زانکۆکانی تەورێز و تاران و ئیسفەهان و شارەکانی دیکە, دەرکردنی حەوتوو نامە و مانگنامە و گۆڤاری وەرزی وساڵانە, کۆڕ وکۆبوونەوەی ئەدەبی و هونەریەکان, گرتنی رێ ورەسم و بۆنەکان, پێك هاتنی ئەنجوومەنە ئەدەبی وهونەریەکان, دیاردەی فیستیڤاڵە ئەدەبی و هونەریەکان, وەك فستیڤاڵی شانۆ و چیرۆك و رەخنە و کتێب و... دیاردەی گرتنی کۆنگرەی رێز و مەزنیەتی کەسایەتیە کوردەکان, هەڵوێستی رادیکاڵانەی رووناکبیران سەبارەت بە دیاردە دزێوەکان, هاتنەکایەی بەرینی ژنان لە بواری رووناکبیری و داواکاری مافەکانیان, پێك هاتنی کۆمەڵێك نیهاد و زۆر شتی دیکە کە جێگا پەنجەیان لە کۆمەڵگای کوردستانی ئێستا دا دیارە و هەرچەند هەموو ئەوانە رەنگە مۆرکی رەسەنایەتی و دڵخوازی گشت نووسەر و شاعیران نەبێ, بەڵام لە راستیدا زۆر باش بەم هەڵسوورانە بەردەوامانە خۆیان چەسپاندوە.

دیارە هەر بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی سیاسی رۆشنبیری و فەرهەنگی _بە تایبەت فەرهەنگی_ خاوەنی رەوتی جیاوازە. دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوە نوێیە لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی دا سەرەتاکانی دیار کەوت و ئێستا لە لوتکەی خۆیدایە و خەریکە رەهەندەکانی خۆی دەدۆزێتەوە. هەر رەوت و دیاردەیەك لە دونیادا کە سەری هەڵداوە کۆمەڵێك رەشپۆز و لەمپەر و رێگر و پارێزەرو رەش وسپی و شتی جۆراوجۆری بووە . ئەو بزاڤەش بێ کەند و کۆڵۆ نیە و تەنانەت هەندێ جار دەسەڵات و ناوەندەکانی کوردستانی باشووریش توشی هەڵە بوون لەم بوارەدا یارمەتی کەسانێکیان داوە کە مێملێ ئەم بزاڤەبوون .

ژن و سەربەخۆیی کوردستان

ئاگرین & سەیران مهابادی

منداڵەکان! ئەی بێ لانە ژین تاڵەکان، شەو لەخەوما رێبوارێك بووم، بۆ بارەگای (یۆتان) ئەچووم، کەدەروازەکەی قووتی دام، رەشم بینی ئاڵای هەبوو، سپیم بینی ئاڵای هەبوو، هەرچیم بینی ئاڵای هەبوو، قیژاندیان: ئەی بێوڵات بۆ دەرەوە! ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە!، منیش گوتم مەقیژێنن: کەچوومەوە ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان ئەگێڕمەوە..

پێمان وایە، بێجگەلە کورد، لەو عالەمەدا، چ نەتەوەیەك بۆ ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم چەکی هەڵنەگرتووە و رۆڵەی خۆی بەکوشتن نەداوە و ئاوارەیی و دەربەدەری بۆ جەماوەر بەدی نەهێناوە. پێمان وایە، سەرەرای هەرچەشنە ئازارێکی ناوخۆیی و دەرەکی، هۆی ئەم شێرپەنجە شوومە بۆ نەبوونی ئیرادەی سەربەخۆیی خوازی، بێ باوەری بەخودو لەوانەش دڵتەزێن تر، کردنی کوردستان بەتاقیگەی بیرە هاوردەییەکان و بەکوشتدانی رۆڵەکانی میللەت لەژێر بەیداخی سووری کۆمۆنیزم و ... هتد.

دوورکەوتنەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامی رێکخراوەکانمان لەناسیۆنالیزمێکی رزگاریدەرو یەکێتی خوڵقێن، وەك هۆکارێکی دیکە، بەردەوام ئازارمان دەدات.

کوردستان، تەنیا وڵاتی بێ دەوڵەتی سەدەی بیست و یەکەمە، نەتەوەکانی دنیا لە (R.Y.K)[1] ،نوێنەرو ئاڵایان هەیە، زۆر نەتەوە هەن لەئاستی فاکتەرە پێکهێنەرەکانی نەتەوەدا بەقەد کورد دەوڵەمەند نین، کەچی ئەمرۆ خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، خاوەن دەیان باڵیۆزخانەن.

١٣ ساڵ بەسەر ئازادی پارچەیەکی کوردستاندا تێدەپەرێ، ١٣ ساڵ، دەرفەتێك بوو بۆ پیادەکردنی سەدان و بگرە هەزاران خەونی ئینسانی.

١٣ ساڵ، بێ داگیرکەری کوردستانی باشوور، ئەمرۆ بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆرێکی دژ بەکورد، جەلادێکی وەکو (سەدام)ەوە، کارەسات دووپات دەبێتەوە: هێشتا ویست و ئیرادەی سەربەخۆیی خوازی لەهەواری سەرکردایەتی ئەمرۆماندا نابینرێت، سەدەی بیست و یەکە رێبوارانی ئاسۆی بیری (ئەحمەدی خانی)، دیسان دەبێت لەبارەگای شیعرێکی دیکەی عەبدوڵا پەشێودا ژان بەحەسرەتەوە بگرن، کورد مریشکە رەشەیەکە، بەتۆپیش ناجولێتەوە، نازانم ماوە یان مردووە. دەیان ساڵە، لەسەر لوغمی ئۆتۆنۆمی... کڕ کەوتووە!

نازانین، ئایا داوای سەربەخۆیی، هاوینە هەوارەکان دەربخێنێ؟!

نازانین، زەلیلانە جولانەوەی سەرکردایەتیمان گەرەنتی کام خەونمان دەکات؟!

وادیارە، هێشتا زاتی بەرگری لەسەربەخۆیی رووی دە مێشکی ساڵەها بەخوێن یەکتر تینووی سەرکردایەتیمان نەکردووە؟!

ئەوەی کوژرا، پێشمەرگە بوو. ئەوەی شینی گێرا دایك، ژن، خوشکی پێشمەرگە بوون. خۆ خوڵقێنەری، پێشمەرگەش (ژنە کورد)ە.

من کچێکی کوردم، عێراقی نیم، دەنگی دلێری (شنۆ محمد)ە کەلە هەولێری ئێستاش تینووی سەربەخۆیی و کەرامەتەوە لەرەهەندی گوڵانی ژمارە (٤٧٨)ەوە، جیهانی پڕ تامەزرۆی کوردی گرتەوە، بەڵێ ئەمە سرووەی ژنە کوردێکی ئاشنای دەربەدەری و غوربەت و ژیانی پێشمەرگایەتیە.

ئەمرۆ، خەریکە دەرفەتێکی زێرین لەناو گەردەلولی بەناو فیدرالیزمی خەڵاتی بێ گەرەنتی بەغدا، لەکیس دەچێت!

ئەمرۆ، خەریکە رووبارە خوێنی شەهیدانی دوورو نێزیکمان وەزیرە دەکەوێتەوە!

ئەمرۆ، خەریکە لەسایەی سست و سری سەرکردایەتیمان، خەونی بارزانی نەمرو پێشەوای شەهید بەدەست خۆمان، لەسێدارە ئەدرێتەوە!

ئەمرۆ، مەترسی تێکچوونی نەزمی ئێستای (قەڵاچوالان و سەری رەش)، سەرکردایەتیمان لەخەونی رەوای سەربەخۆیی دوور ئەکاتەوە!

ئەمرۆ، دەیانەوێ، بریاکانی نەوەی نوێ کوردایەتی شەهید بکەن!

ئەمرۆ، سەفەر بۆ ئەوروپاو ئەمریکاو گەرانەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی، خەریکە سیمایەکی کوشندە ببەخشێت بە چیاکانمان. ئەمرۆ، چیاش هاتۆتە دەنگ!

بۆیە ئەرکی ژنانی پێشمەرگەو پێشمەرگە پەروەر، ئەرکی بێوەژنی شەهید، دایکی شەهید، ژنی شەهیدو خوشکی شەهید، لەهەمیشە گرانترە.

هۆ تاج لەسەرەکانی ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتە

هەستن! ئەگەر بارەگای سەرکردایەتی کورد لەکۆشکی شاهانە دەچێت، ئەوە بەرهەمی خەباتی ئەو قارەمانانەیە کەئێوە بۆ وەتەن گەورەتان کردن.

هەستن!

قژی سپیتان، کراسی رەشتان، یادگاری شەهیدەکانتان، بەرن و لەبەردەمی قرچاوو زمانی لاڵی سەرکردایەتی ئەمرۆی کورد، مان بگرن.

هەستن! بەناو شارو گوندەکانی باشووردا، کفن لەبەر بکەن.

هەستن! ئاڵای کورد بگرنە دەست. پڕ بەگەرووی ئەی رەقیب، بڵێنەوە.

هەستن! بەگژ سەرکردایەتیدا بچنەوە، ئێوە شەهیدتان داوە، بۆ رزگاری، نەك بۆ سەودایەکی ترسنۆکانەی سیاسی.

بڕیار نامەی خۆپیشاندان بخوێننەوە:

یان سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، یان شەهیدانمان بدەنەوە.

ئەی ژنی کورد! گەرچی چەوسانەوە هەموو کەلێن و پەسێوێکی ژیانی داگیر کردووی، بەڵام دیسان جەنگەو خاکی سوور تکای یارمەتیت لێدەکات، مەگەر ئێوە قفڵی ئەم بێدەنگیە زەلیلانە تێك بشکێنن. گەر رانەپەرن، ئامادە بن، رەوێکی دی بەرێوەیە.

ئەوان لەلایەکەوە تۆڵەی دوور مانەوەی فیسارە کەس لەدەسەڵات، لەلایەکی تریشەوە تۆڵەی خەبات بۆ کوردستانمان لێدەکەنەوە، ئەوان دوودەمی یەك مقەستن، تا لەت لەتمان نەکەن، دڵنیابن هەدا نادەن، ناچنە خەوی خەو بەکورد نەکوشتنەوە.

هەستن! گەر ئەم هەلەش بسوتێندرێ، دڵنیابن لەکاروانی بەختیاری دوور ئەکەوینەوە.

کرێکاری هاوردەو سەرنجێکی ڕۆژنامەوانی

لەم چەند ساڵەی پێشودا شتێك کەزۆربەی خەڵکانی ئەم هەرێمەی سەرقاڵ کردووە وەرگرتنی پارچە زەویەو کردنێتی بەخانوو، تاوەکو بتوانێت شوێنێکی هەبێت بۆ نیشتەجێ بوونو ببێتە مایەی حەوانەوەی خۆیو خێزانەکەی، ئەمەش خەڵکانێکی زۆری وەك خێزانی شەهیدو فەرمانبەرو پێشمەرگەی دێرینو.. هتد سەرقاڵ کردووە تاوەکو زوو بە زوو لەو زەویانەی وەریان گرتووە بیکەنە بیناو تێیدا نیتشەجێ بېن.. لەسەروو ئەمانەوە ئەوەی کە سەرنجی ئەو خەڵکانەی راکێشاوە نەبوونی کرێکارە ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە چەند هاوڵاتیەکمان دواند.

لەسەردانێکماندا بۆ ناوچەی دەرەوەی شەستی خانووبەرەیەکی زۆری لێدەکرێو خەریکن بەدروست کردنی خانووەوە چەند پرسیارێکمان ئارستەکردن.

چوینە لای کاك (محەمەد) کە لەسەر خانوەکەی بەتەنیا دانیشتبوو لێمان پرسی دەربارەی نەبوونی کرێکار کە تا چەند کێشەی بۆ دروست کردویت، ئەویش زۆر ماندوو و دیار بوو وەڵامی داینەوەو وتنی من لەناوەڕاستی مانگی حەوتەوە دەستم بەخانوو کردن کردووە بەڵام ئەوەتا ئێستا وا مانگی یانزەیە کەدەبینن تەواو نەبووە، من نازانم ئەم خەڵکە بۆ وای لێهاتووە کەس ئیشی خانوو ناکات من وەستایەکی لەبغم هەیە بەخانووەکەی منەوە ئیشی ٥-١٠ خانوو دەکات لەیەك ڕۆژداو کردویەتی بەسەرە ڕۆژی دو کات ژمێریان کەمتر دێتە سەر بیناکەی من تۆزێك ئیش دەکاتو بەجێی دەهێڵێو دەچێتە سەر بینایەکیتر، هەموو راکەراکەمانە بەدوای کرێکارو وەستاوە.

جاری وا هەیە لەبەر نەبوونی کرێکار ناچارین خۆمان قۆڵی لێ هەڵکەینو بکەوینە پاچ کاری، کە کرێکاریش دێت دەڵێت ڕۆژی بە (٢٥) هەزار ئیش دەکەم ئێمەش ناچارین بیدەینێ یان وەستا کەدێتە سەر خانوەکەت جارێ تۆزی نازو مەکر ئەکات بەسەرتاو داوای پارەی زۆر دەکات ئێمەش بەمەمنونی پارەی بۆ زیاد دەکەینو دڵنەواییان دەکەین تاوەکو ڕۆژی دوو سێ کاتژمێر ئیشمان بۆ بکات. لێمان پرسی کە گوایە کرێکاری هاوردە پەیدا بووە واتە کرێکار لەشوێنەکانی ترەوە دێن بۆ ئێرە بۆ کرێکاری؟.

ئەویش بەم جۆرە وەڵامی داینەوەو وتی/ من وەکو خۆم کە خەریکی ئەم خانوەی خۆمم لەماوەی دەست پێکردنمەوە تائێستا سێ کرێکاری کوردی ئێرە ئیشی بۆ کردووم ئیتر هەموو ئەو کرێکارانەی تر کەئیشیان بۆ کردووم زۆربەیان شێخانینو یەزیدین یان لەناوچە عەرەب نشینەکانی جنوبەوە هاتوونو ئیش دەکەن ئەوانیش ئێستا کەم ئیش دەکەن لەبەرئەوەی داوای پارەی زۆر دەکەن.. من کرێکارێکم هەبوو لەموسڵەوە هاتبوو ناوی (جاسم) بوو بەرۆژ لەسەر بیناکەی من ئیشی دەکردو ئێوارانیش دەچوو شاگردی چێشتخانەی دەکرد شەویش دەهاتەوە سەر بیناکەمو لێرە دەخەوت. بەڕاستی دەبێت حکومەتی هەرێم چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزێتەوە لەڕێگەی سەندیکاکان یان لەڕێگەیەکی ترەوە کرێکار دابین بکات تاوەکو سەدان خەڵکی وەکوو من گیرۆدە نەبێتو دوا نەکەوین.

دوا بەدوای ئەو چوینە لای ئەنجومەنی گەڕەكو لەسەر ئەو بارودۆخە لێمان پرسی.. ئەویش لەوەڵامدا وتی: من ئەنجومەنی ئەم گەڕکەم ئەو خەڵکانەی لێرە خانوو دەکەن هەموو کێشەکانیان ڕووبەڕووی من دەکەنەوە کەزۆرجار ئەوانە کێشەی من نییە نەبوونی ئاویان ئاوەڕۆ زێراب ئەوە دەبێت شارەوانی فەرمان دەربکاتو ئەو ئیشو کارانەیان بۆ جێبەجێ بکات.. یەك لەو کێشانەی تر لەڕووبەڕووی من دەبێتەوە ئەوەیە کەرۆژانە دەبمە ناوبژیکەر لەنێوان ئەو کەسانەی کەخانوو دروست دەکەن لەگەڵ کرێکارو وەستادا.. کرێکارێکی زۆر لەناوچەکانی موسڵو بەسرە بەغدادو هەندێك شوێنی ترەوە هاتوون هەمانە هەندێك کێشەی تێنەگەیشتنو زمانیان هەیە لەگەڵ خاوەن خانووەکەدا یان

ئێستە داوای پارەیەك زۆر دەکەن لەخاوەن زەویەکە ئیشی بۆ ناکەن ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەو رۆژانە دەیان کێشەی وا دروست دەبێت.

دوا بەدوای ئەو چوینە سەر خانوویەك چەند کرێکارێك کاریان لەسەر دەکرد دوان لەوانە خەڵکی شێخان بوون لێمان پرسین کەئێوە بۆ لێرە کاردەکەن ماوەی چەندە لێرەن؟

ئەوانیش بەکوردیەکی لاوازو تێکەڵ بەوشەی عەرەبی وەڵامیان دایتەوە.. یەکێکیانی کەناوی (یاسر مەحمود) بوو وتی/ من خاوەنی دوو منداڵم خێزانێکم کەوتوە بەسەرداو هۆکاری هاتنەکەشم بۆ ئێرە ئەوەیە کەلێرە ئیشێکی زۆر هەیەو ماوەی دوو مانگە هاتوم بۆ ئێرە ڕۆژێك بێ ئیش نەبووم لەماوەی دە ڕۆژ یان پانزە، ڕۆژ جارێك هەندێك پارە بۆ ماڵەوە دەنێرمەوە بەهاوڕێکانمدا کەدەڕۆنەوە من لەماوەی ئەم دوو مانگەدا لێرە دووجار سەردانی ماڵەوەم کردووە، لێرە وەزع باشە ئاسایش هەیە دەتوانین بەئارەزووی خۆمان کار بکەین ئەو کەسانە کەئیشیان بۆ دەکەین ڕێزمان دەگرن بێجگە لەڕۆژانەی خۆمان هەندێکیان یارمەتی تریشمان دەدەن هیوادارم بتوانم لەداهاتودا لێرە دابنیشم لەگەڵ خێزانەکەم داو بژین.

ئامادەکردنی: چاودێر

کافتریاو گازینۆکانی شاری سلێمانی

ئا/ چاودێر

زۆرن ئەو کافتریاو گازینۆیانەی لەشارەکەماندا هەن، ڕۆژانە سەدان خەڵکی شارەکە لەمامۆستاو خوێندکارو فەرمانبەرو خەڵکانی بێ ئیش ڕوودەکەنە ئەم شوێنانە، جا لەهەندێکیاندا خۆ خەریك دەکەن بەیاری کردنو چا خواردنەوەو قسەی نەستەقەوە یان مامۆستایانو خەڵکانی رۆشنبیر لەم شوێنانەدا دەکەونە گفتوگۆی جدیو باس لەرۆژانی خۆیان دەکەن یان قسە لەشیعرو ئەدەبیاتی خۆیان دەکەن.. ئەم کافتریاو گازینۆیانە ڕۆژانە باوەشیان بۆ زۆر لەچینو توێژەکانی کۆمەڵ کردۆتەوەو لەو شوێنەدا پەیوەندی هاوڕێیەتیو دۆستانە دروست دەبێت، ئێمەش بە باشمان زانی سەردانی هەندێك لەو کافتریانە بکەینو لەنزیکەوە ئەو خەڵکانە بدوێنین کەڕۆژانە خۆیان خەریك دەکەنو کات بەسەر دەبەن.

چاودێر: بەڕێز کاك یاسین وەك خاوەنی گازینۆی ماملێ لەشەقامی مەولەوی، ئەو خەڵکانەی ڕۆژانە دێنە گازینۆکەتان هۆکاری ئەو هاتنە زۆر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەبێئیشن؟.

کاك یاسین: بەڵێ، ئەتوانم بڵێم کە لەسەدا

کاك یاسین: وەکو گرفت گرفتی بۆ دروست نەکردوون، ئێستاش کەرەمەزانە کەسانێك هەن کەسەردانی ئەکەن، هەمووی یان هەریەکەیان بەبۆنەی یەکێکی ترەوە دێتە ئێرە ڕۆژ بەسەر دەبەن.

چاودێر: بەڕێزت وەك خوێندکارێکی ئامادەیی رۆژانە چەند کاتژمێر لەم گازینۆیەدا بەسەر دەبەیت؟

سەرباز عەلی: بەڵێ، پێشەکی سوپاستان دەکەم من خوێندکاری ئامادەیم رۆژانە دوای دەوام دێمە ئێرە نزیکەی ٢-٣ کاتژمێر لێرە بەسەر دەبەم بەیاریکردنو چا خواردن لەگەڵ هاوڕێکانم، ئەگەر نەیەینە ئێرە بەدیلێکی ترمان نییە، لەبازاڕدا دەسوڕێیتەوە چی ئەکەیت یان دەچیتە ماڵەوە بێزار دەبیت، من کەم لێرە دەبم بەڵام هاوڕێم هەیە لەبەیانیەوە تا ئێوارە دەمێنێتەوە.

چاودێر: بەرێز م. عوسمان دەبینین بەڕێزت لەم گازینۆیە دانیشتوی ئەمە لەبونی فەراغەوەیە یان چی؟

م. عوسمان: سوپاس، من هەر خۆم نیم لێرە

سەد هەمووی بێئیش نییە زۆربەیان ئیشیان هەیە لەدوای دەوامەوە دێن، هەندێکیان مامۆستان، یان کارمەندن لەدائیرەکاندا، هەڵبەتە بێئیشی تێدا هەیە خۆت باش دەزانی لەسلێمانیدا خەڵکانی بێ ئیشی زۆرە، بەڵام بەزۆری خوێندکارە مامۆستایە فەرمانبەرە یان خەڵکی ترە.

چاودێر: بەڕێز کاك یاسین دەبینین گازینۆکانی شار زۆر قەرەباڵغە ئەم قەرەباڵغیە تا چەند گرفتی دروست کردووە؟

وەکو مامۆستا بگرە رۆژانە کەدێمە ئێرە کۆمەڵێك لەمامۆستایانی هاوڕێم دێنە ئێرە، ئەمە لەفەراغەوە نییە چونکە لێرە یەك دەبینین باسو خوازی خۆمان لێرە دەکەینەوە یان لەدەوامەوە دێین بۆ ئێرە یارییەکی تاوڵە دەکەینو دو چا دەخۆینەوە تا رۆژمان لێ ئاوا دەبێت. دوای ئەوە هەر لەکۆنەوە مامۆستاو خەڵکانی رۆشنبیر هاتونەتە ئەم شوێنانەوە گفتوگۆیان کردووەو خۆیان بە باسی ئەدەبی رۆشنبیریەوە خەریك کردووە.

زەکەریاو تیشکێک لەسەر بەرهەمە نوێیەکەی

ئا/ ژینۆ عەبدوڵڵا

"پێش ئەوەی زەکەریا بەرهەمە هونەریەکانی بڵاوبکاتەوە بەهیچ شێوەیەك گوێ بیستی گۆرانی کوردی نەدەبووم، بەڵام بەهۆی داهێنانی زەکەریاوە ئێستا بەردەوام گوێ لەدەنگی زەکەریا دەگرم" ئەمە وتەی (بانە)ی کچە خوێندکاری قۆناغی سێی زانکۆی سلێمانی بوو کاتێك لێم پرسی رات چیە دەربارەی ئەم ئەلبومە نوێیەی هونەرمەند زەکەریا، ئەو کچە تەمەن ٢٤ ساڵە کە تاڕادەیەکی باش زمانی تورکی دەزانێو شارەزای کلتورو فەرهەنگی تورکیایە ئاماژەی بەوەدا، زەکەریا فۆلکلۆرو کەلەپوری کوردی زیندو دەکاتەوە، چونکە ئەو ئاوازو شێوازی گۆرانی وتنەی هونەرمەند پەیڕەوی دەکات گۆرانیە باوەکانی ناوچەی ئورفەو ماردینو بۆتانی کرودستانی باکورە، کە بەدرێژایی مێژوو لەنێو هونەری تورکیدا توێنراوەتەوەو تورکەکان خۆیانی بەخاوەن دەزانن و ئەگەر چەند هونەرمەندێکی کورد ئەو هونەرە زیندو بکەنەوە جێگای شانازیە، هاوڕێکەی بانە کە کوڕێکی تەمەن ٢٦ ساڵ بوو رایەکی تری هەیە ئەو دەڵێ "هەرگیز حەزم لەدەنگی نەبووە چونکە رەسەنایەتی کوردی بەگۆرانیەکان وەنابینرێتو هەر لەسەرەتاشەوە لاسایی گۆرانیبێژەکانی فارسی کردۆتەوە لەئاوازو هۆنراوەشدا"، ئەو کوڕە خوێندکارە وای دەبینێ گۆرانی (نەم زانی) ئاوازو هۆنراوەی هونەرمەندی فارسی (بێژن مرتضی)یەو بەهەمان شێوەش گۆرانیەکانی تری لاساییکردنەوەی گۆرانیەکانی تری بێگانەیە.

هونەرمەند زەکەریا بەم دواییە سیدیەکی تازەی بڵاوکردۆتەوەو ١٥ گۆرانی لەخۆگرتووەو بەهەردوو زاری سۆرانیو کرمانجی ژووروش گۆرانیەکان دەچڕێو لەنێو چینو توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵك دوو بیروبۆچونی جیاواز سەبارەت بەو بەرهەمە دەبینرێ هەندێکیان بەداهێنەر وەسفی دەکەنو هەندێکیشیان بەشێواندنی زەوقی هونەری کوردی تاوانباری دەکەن.

بەوپێیەی ئێستا رووی گەشی هەر نەتەوەو کۆمەڵگایەك بەهونەرەکەیەوە دەبینیو بەتایبەتی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کەئێستا بۆتە زانستێکی جیهانی و مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبونی ژیانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو هونەرەدا پەیدا کردوەو رۆژ بەڕۆژ لەهەوڵی جوانکاری ئەو هونەرەدا بوو. لەگەڵ گۆڕانکاریکردن تیایدا بەمەرجێ رەسەنایەتی کلتورو فەرهەنگی تیا پارێزراو بێ.

هێمن کاکەیی (هونەرمەندی شێوەکاری تەمەن ٢٤ ساڵ) سەرکەوتنی بەرهەمەکەی زەکەریا دەگێڕێتەوە بۆ دابەشکردنی مۆسیقاو ئاوازو لایەنی تەکنیکیەکەیو بە بڕوای ئەو چونکە میلۆدی کرمانجی ژووری بەسەردا زاڵە رەنگە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێ لەپارچەکانی کوردستانی گەورەدا.

سالار حەمید خوێندکاری دووی ئامادەیی بازرگانی بەسەرسوڕمانەوە لەو کەسانە دەڕوانێ کەئارەزووی گوێگرتنیان هەیە لەزەکەریاو پێی وایە کەسەرەڕایی دوری لەڕەسەنایەتی فۆلکلۆری کوردیەوە زۆربەی گۆرانیەکانیشی لەسەر یەك ریتمە.

هێمن عومەر ئەکتەر لەبەرنامەی بەرنامەدا (تەمەن ٢٤ ساڵ) ئەم بەرهەمە نوێیەی زەکەریا بەچاکترین بەرهەم دادەنێو بەبۆچونی ئەو مۆسیقای گۆرانیەکانی تازەگەری زۆری پێوە دیارەو تائێستا هیچ هونەرمەندێکی کورد نەیتوانیوە ئەو کارە بکات.

مامۆستا جەمال ئیبراهیم لەدواناوەندی داری کەلی کەوەك خۆی دەڵێ زۆر پابەندە بەهونەری رەسەنایەتی کوردیەوە، زەکەریا لەکلتورو فەرهەنگی کوردی چۆتە دەرەوەو خۆی تێککەڵاوی کۆمەڵی ئاکار کردووە کەزیادەیەو لەگەڵ فەرهەنگی کوردا یەکناگرێتەوە، هەروەها ئەو مامۆستا تەمەن ٢٩ ساڵە دەڵێ "ئەو هەموو گۆرانیە زۆرە لەو تەمەنە کەمەی هونەریدا لەکێشی هونەری ئەو گۆرانیبێژەی کەمکردۆتەوەو زۆربەی بەرهەمەکانیشی گۆرانی زیاد ئەسعەد بوونو بەبێ ئاماژەکردن بەناوی گۆرانبێژەکە بڵاویکردۆتەوە".

ئەو نەوەیەی ئەمرۆ گوێ لەهونەرمەند زەکەریا دەگرێ لەئایندەدا ئەبێتە یادەوەریەیکی هەمیشەییو بەنەمری لەزەینی گوێگردا بمێنێتەوە، ئەمە بۆچوونی رۆژنامەنووس سالار فەتاح بوو.

لەهەڵەبجەی شەهید

خوێندنگەیەکی ئێواران و (٤٥٠) خوێندکار

ئا/ ئەرسەلان تۆفیق

زۆرجار لەبەر نەبوونی کارەبا تاوانەی سێهەم دەخوێندرێت..

خوێندنگای هەڵەبجەی ئێواران لەساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمجار لەهەڵەبجە کراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری ئەم خوێندنگەیە ناوی مامۆستا (حافظ بائی) بووە، ئەڵبەتە بوونی ئەم خوێندنگایە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵە فەرمانبەرێك یان کاسبکارێك درێژە بەخوێندن بدەنو نەیانتوانیوە سەر لەبەیانیان بخوێنن، ئیتر لەبەر زۆری تەمەن یاخود هەر شتێکیتر بووبێت.. خوێندنگەکە درێژەی داوە بەرەوتی ئاسایی خۆییو تیایدا زۆرێك لەفەرمانبەرانو کاسبکارانو ئەوانی کە لەکاتی خۆیدا هەلی خوێندنیان بۆ هەڵنەکەوتووە، خوێندنی ئاسایی خۆیان درێژە پێداوەو تیایدا بڕوانامەی جۆراوجۆری ئامادەیی و ناوەندی تێدا بەدەست هاتووە، تا ساڵی ١٩٨٨ و ئەم خوێندنگەیەش وەك سەرجەم خوێندنگاکانی تری هەڵەبجە بەر شاڵاوی کیمیا باران کەوتو ئیتر کارو چالاکییەکانی ئێرەش وەستا تا ساڵی ١٩٩٢ و لەم ساڵەدا دووبارە خوێندنگا کەوتەوە سەر رەوتی ئاسایی خۆیو مامۆستایانی دڵسۆزو کارامە تیایدا دەستیان کردووە بەوانە وتنەوە کەئەمساڵ (٢٠٠٣-٢٠٠٤) — ١٩- نۆزدە مامۆستاو چەند کارمەندێکی تری هەیە، بەڵام ئەو ژمارەیەی مامۆستا بۆ (٤٥٠) چوار سەدو پەنجا خوێندکار لەپۆلی یەکەمی ناوەندیەوە تا شەشەمی وێژەیی بەس نییەو وانەکانی (زیندەوەرو کیمیاو ئینگلیزیو بیرکاری) وەکو پێویست مامۆستایان نییە، تەنها پۆلی شەشەمی وێژەیی لە (٤٦) خوێندکار پێك هاتووەو لەبەر زۆری ژمارەیان کراونەتە دوو پۆل. رۆژانە لەم خوێندنگایە لەکاتژمێر (٤)ی عەسرەوە دەوام دەست پێ دەکرێت و کاتژمێر (٥,٤٥) دوای خوێندنی سێ وانە دەوام تەواو دەبێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆری ژمارەی خوێندکارەکانو کەمی ستافی مامۆستا و بوونی ناوەندیو دواناوەندیش پێکەوە کۆمەڵە گرفتێکیان دروست کردووە وەك مامۆستاکانی باسی دەکەن، جگە لەمەش لەبەر خراپی کارەبای ناوچەکە و زۆرجاریش نەبوونی گرفتی زۆری دروست کردووەو بەناچاری جاری وا هەیە وانەی سێیەم ناخوێندرێ بۆیە حەق وایە پەروەردەو دامو دەزگا ئیدارییەکانی ناوچەکەو حیزبەکان چاوێکی جدی بەم مەسەلەیەدا بخشێننەوەو چارەسەری گونجاویان بۆ دابنێن دەتوانین کێشەکانیش لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١-جیاکردنەوەی هەردوو قۆناغی ناوەندیو دوا ناوەندی.

٢-زیادکردنی ستافی مامۆستایان بەتایبەتی ئەو وانانەی کەپێشتر باس کران.

٣-دابین کردنی (موەلیدە)یەکی کارەبایی تا بتوانرێت وانەی سێیەم و بگرە چوارەمیش بخوێندرێت.

٤-خەمی ئەو خوێندکارانەش بخورێت کە لەشارەکانی (سیدصادق) و (سیروان)ەوە رۆژانە هاتوچۆ دەکەن. بەجۆرێك کە بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن.

لەکۆتاییدا ناکرێت جوهدو ماندووبوونی سەرجەم مامۆستایانی ئەم خوێندنگایە لەبەرچاو نەگیرێت بەگشتیو بەتایبەتیش مامۆستا خالیدی بەڕێوەبەر بەهیوای چاکترکردنی رەوتی خوێندن لەناوچەکەدا.

ئازادییەکانی ژن.. لەتێڕوانینی (کەژاڵ ئەحمەد)دا

سازدانی: گوڵێ

چاودێر: دەکرێ پێناسەیەکی کورتی ژنمان بۆ بکەی؟

کەژاڵ ئەحمەد: ژن ئەو بوونەوەرەیە کەوەك پێوەری ئازادییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەشوێنێکی دنیا بەرزیی و لەشوێنێکی تری نزمتر ئاستی ئەو ئازادییانە تۆمار دەکات.

چاودێر: ئازادی کۆمەڵ بەئازادیی ژنەوە بەندە بەڵام هەمیشەش دەچەوسێنرێتەوە تاکەی ئەم رستەیە دەوترێتەوە و تاکەی ژن دەچەوسێنرێتەوە؟.

کەژاڵ ئەحمەد: ئەو پرسیارانە رابردووی دوورو ئایندەی میللەتانی سەر رووی ئەم زەمینە دەبێت وەڵامی بدەنەوە چونکە مینش دەپرسم تاکەی؟

چاودێر: لەناو کۆمەڵی ئێمەدا ئازادی ژن لە چیدا دەبینیتەوەو ئێمەی کچان چی بکەین تا خۆمان لە کۆت و بەند رزگار بکەین؟

کەژاڵ ئەحمەد: ژنان و کچانی کورد کاتێ ئازاد دەبن واز لە وابەستەیی بهێنن بۆ نەریت" ئەحکامەکان، قسەی خەڵك" فەرمایشتەکانی کۆمەڵی پیاو سالار" واز بێنن لەئیرەیی" چاو لەیەکتر کردن، تەسلیم بوون بەکۆیلەیی، حەزکردن بە لەویترچوون و ترسان لەجودایەیك کە تایبەتمەندیی کەسێتیانی تیا بەرجەستە بێت.

ئازادیمان بەژن و پیاوەوە لەهوشیاریمانەوە سەرچاوە دەگرێت بەرامبەر بەمافو ئەرکەکانمان" لەڕازی نەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت بەو ژیانەی کە شایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە نیە، دەتوانم بڵێم ئازادیی کەرامەتی ئنیسانە لە سەردەمی کەرامەت شکێنیدا ئازاد ئەوەیە دەستەبەری بکات و بیپارێزێت.

چاودێر: خۆشەویستی لای ئێمە قوربانیدانی دەوێ، ئەمە خۆشەویتسیەیان چونە ناو دۆزەخەوە، لەم رۆژەدا ئەم خۆشەویستییە جۆرێك لەبێباوەڕیی تیا دروست بووە لای کچان بۆ؟

کەژاڵ ئەحمەد: خۆشەویستی لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێت هەر قوربانیدانی دەوێت بۆ خۆی قوربانیدان لەخەسڵەتە سەرەکیەیکانی پرۆسەی ئەڤینداریییە بۆیە هەمیشە ئەو چیرۆك و ئەفسانانە سەرنجمان رادەکێشن کەیەکێ لەپاڵەوانەکانی (کچەکە یان کوڕەکە) لە پێناوی یەکتردا دەمرن یان هەردووکیان لە پێناوی عەشقدا گیانیان پێشکەش دەکەن، ئەوەی تۆش ناوی دەنێی دۆزەخ ئەوە بەهەموو ئازارو گریان و شەونخونی و لەنیگەرانیدا ژیانەکانیەوە بریتیە لەبەهەشتی دڵداران، ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت، کەئەڤینداران حەز بەئازاردانی خۆیان و خەڵکی تر دەکەن، نەخێر، ئەم عاشقانە هێندە تامەزرۆی بەختیاریی و گەڕانن بەدوای گەنجینەی شادومانیدا لەو رێگەیەدا وەختە مەراق بیانکوژێت و بەوجۆرە لەپێناوی پێکەنیندا دەگرین و لەپێناوی شادیدا غەمبارن، سەبارەت بەوەش کەبێباوەڕیی لای کچان دروستبووە بەرامبەر بەخۆشەویستی من لەو باوەڕەدام کوڕانیش بێ باوەڕن بەرامبە خۆشەویستی کچانی ئەم سەدرەمە هەردوولاش حەقی خۆیانە چونکە بەرژەوەندیی خوازیی لەناخی هەردوو رەگەزەکەدا، جێگای بەهەشتی خۆشەویستیی راستەقینەی لێژ کردووەو لەئەنجامدا باوەڕبوون بەخودی عەشق و ئەڤین لاواز بووە.

بە بڕوای من گەنجان دەتوانن ئەو باوەڕبوونەی کەجاران بەخۆشەویستیی هەبوو بیگەڕێننەوە ئەویش بەڕاگەیاندنی چەند هەڵمەتێك لەو پێناوەدا چونکە چۆن لە ئێستادا ژینگەی کوردستانەکەمان بەجۆرێ لەلایەن خودی کورد خۆیەوە وێرانکراوە پێویستمان بەهەڵمەتێك و لەجۆری پاککردنەوەو سەوزکردنەوەی دەوروبەرەکەمان هەیە، بەهەمان شێوەش هەستە ئینسانیەکانمان پێویستیان بەدووبارە پاککردنەوەو سەوز کردنەوە هەیە. خوێندکاری زانکۆو رێکخراوەکانی لاوان و گەنجان و خوێندکاران دەتوانن رۆژی خۆشەویستی بەگوڵ و پەیڤی جوان ناردن بۆ یەکتری دابگیرسێنن و درێژەی پێبدەن کە ئەمە نەك لەنێوان کوڕو کچدا هەستێ دروست دەکاتەوە کە رووخاوە لەنێوان کوڕان و کچان و خێزانەکانیشیاندا ئەو پەیوەندییە پڕ لە سۆزە دووبارە دەکاتەوە کە ژەنگی دووبارەبوونەوەو گرنگی نەدات بەیەکتر بەهۆی سەرقاڵیی هەموو لایەکمانەوە لێیداوە.

چاودێر: ئەمڕۆ کچان زانستی خوێندنگەو جوانی لاوێتی خۆیان و جوانی ژیان دەدەن بەشووکردن لەتەمەنێکی زۆر منداڵدا ئەمە سەقەتیی کلتورە یان هۆکارێکی خێزانیی لەپێشە؟

کەژاڵ ئەحمەد: مێینە لەوڵاتی ئێمەدا وا گۆش دەکرێ کە ئایندەی ئەو بەتەنیا شووکردنە هەروەها پێی دەوترێت کە ناتەواوە بەبێ شووکردن بێجگە لەوەی هەمیشە کچ لەترسی ئایندەدایەو دەڵێ دایك و باوك بۆ کەس نامێنێ و ئەو پاش ئەوان ناتوانێت و کۆمەڵ رێگەی پێنادا بەتەنیا بژی بۆیە دەکەوێتە لای براو براژن و بەمشێوەیە ژیانی دەکەوێتە بەردەمی مەترسییەکی گەورە، بۆیە هەڵپەی شووکردن هەموو مێشکی کچانی داگیرکردووەو هەر لەتەمەنێکی منداڵەوە خەمیان لێدێ ئەمەش وا دەکات هیچ پرۆژەو داهێنانێکی جدیی لە بەرنامەی ژیانی زۆرینەیاندا نەنێت، چونکە هەموو توانایان بۆ بیرکردنەوەیە لە شتێکی دیاریکراو کە شووکردنە، هەر لەبەرئەمەشە کە ئەم شووکردنە رووناداتە دەبن بەکەسێکی تەواو مردوو تێکشکاوی ناو کۆمەڵ چونکە هیچ شتێکی تر لەژیانیاندا نیەو ئەوەی تاکە شتێکیش بوو ئاواتیان پێدەخواست ئەویش روویندەدا، هەموو ئەمانە پێویستیان بەهوشیارکردنەوەو رێنومایکردنە بۆ فێربوونی چۆنێتی ژیان واتا چۆن بژین کە لەم وڵاتەی ئێمەدا کەس لەخەمی ئەوەدا نیە گەنجان فێر بکات چۆن بژین و لەئازارەکانیان کەم کەنەوە.

چاودێر: دەتەوێت چی بەکچان بڵێیت هەروەها بەژنان بۆ دەربازبوون لەگرفتەکانی ژیان؟

کەژاڵ ئەحمەد: ژیان بەگرفتەکانیەوە خۆشە بەڵام بۆئەوەی مرۆڤی خاوەن باوەڕبون بەخۆو داهێنەرو دیاربین لەناو کۆمەڵەکەماندا پێویستە ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراوانترو جورئەتمان زیاتر بێت کە بەمشێوەیە بووین دەتوانین بەسەر هەموو گرفتێکدا زاڵبین.

ژنان و کچانی کورد کاتێ ئازاد دەبن واز لە وابەستەیی نەریت بهێنن..
ئەحکامەکان، قسەی خەڵك" فەرمایشتەکانی کۆمەڵی پیاو سالاری

زانکۆکانی عێراق بەگومانەوە لەخوێندکاری کورد دەڕوانن!

بەدواداچوونی ـ عەبدول محەمەد

لەماوەی ئەم چەند رۆژەی رابردودا بەردەم دەروازەی تۆمارگەی گشتی زانکۆی سلێمانی رەنگە بەقەد هەموو ساڵەکە قەرەباڵغی بەخۆوە دیبێ و کاری هەمەجۆرەی راپەڕاندبێ.

بەتایبەت دوای ئەوەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبڕیارێکی بوێرانەی خۆیدا، بڕیاری گێڕانەوەی ئەو خوێندکارە کوردانەی دا کە لەم ساڵ و ساڵانی رابردودا لەزانکۆکانی باشورو ناوەڕاستی عێراق لەبارودۆخێکی نالەباردا دەیانویست درێژە بەخوێندنەکانیان بدەن.

ئەو خوێندکارانەش کە لە بەردەم تۆمارگەی گشتی ئاپۆڕەیان بەستبوو بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، هەریەکەیان چیرۆکێك لەچاوەکانیان دەخوێنرایەوە، گەر لێیان نزیك بویتایەتەوە بەسەرهاتی وات لێ دەبیستن لات سەیر بوو ئەوەندە خۆیان پێ گیراوەو توانیویانە درێژە بەخوێندەکانیان بدەن.

گەرچی ئەم بڕیارانە بۆ ئەو خوێندکارانەی مایەی خۆشحاڵیەکی گەورە بوو، بۆ حکومەتیش وەك هەڵوێستێکی نیشتمانی تۆمار کرا.

بەتایبەت کە ئەو خوێندکارانە هەندێکیان کێشەی وانەو عبورو گۆڕینی بەشەکانیان هەیەو، بۆ کۆلێژەکانیشی کێشەی مامۆستاو نەبونی هۆڵی پێویست و قەرەباڵغتر بونی هۆڵەکانی خوێندن، ئەو کێشانەن کە رووبەڕووی زانکۆ دەبنەوە.

بۆ زیاتر ئاشنابون بەو باسو خوازانە با لەدەمی خۆی خوێندکارو مامۆستاو بەرپرسانی زانکۆوە مەسەلەکان رونتر ببێتەوە.

مامۆستا عەباس مستەفا سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی وتی ئێمە لەلایەن خۆمانەوە خۆشحاڵین بەو بڕیارە پیرۆزەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە خوێندکاری کوردی لەغەریبی و مەینەتی و دەردەسەری رزگارکرد. بەتایبەت دوای پرۆسەی ئازادی عێراق رۆحی خوێندکاری کورد رووبەڕووی هەڕەشەو مەترسی راستەقینە بۆیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتنەوەی ئەو خوێندکارانە چەند کێشەیەك بۆ ئێمە دروست دەکەن، وەك هەندێ لەو خوێندکارانە دوو وانەی عبورو یەکێکی دیکەشیان لای ئێمە بۆ دروست دەبێت، ئەوەش وا دەکات خوێندکار هەمیشە چاوی لەقۆناغێکی دوای خۆی بێت، بەتایبەت ئێمە سیستمی خۆمانی بەسەردا جێبەجێ دەکەین، جگە لەوەش ئێمە بۆ خوێندنی ئەمساڵ ١٢٠ خوێندکارمان وەرگرتووە، ئەو ژمارە زۆرەش کێشەی نەبونی هۆڵی خوێندن و مامۆستاو هەندێ شتی ترمان بۆ دروست دەکات.

ئەو خوێندکارانەش کە لەزانکۆکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە هاتونەتەوە چیرۆکی سەیریان لەلایە، لەسەر شێوەی ژیان و مامەڵەی خوێندکارانی عەرەب لەگەڵیاندا.

ئومێد مەلا ئەحمەد، لەبەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ بووە، وتی "هەرچیەك لەسەر بارودۆخی ژیانی خوێندکاری کوردت بۆ باس بکەم هێشتا کەمە جگە لەوەی کەبەشی ناوخۆیی و یارمەتی بۆ خوێندکاران نەبووە، خوێندکاری کورد بەکەسی گوماناوی و تۆمەتبار ناسرا بوین، ژیانمان لەمەترسیدا بوو، شوێنی نیشتەجێمان لەناوچەی دەواسەی موسڵ بوو، کەشەو دادەهات وەك بەرەی جەنگی لێ دەهات".

کاتێك باسوخوازی فیدراڵی هاتە ئاراوە، رقی زیاتر لەخوێندکاری کورد دەبۆوەو بەدوژمن ناویان دەبردین تەنانەت وەك ئومێد دەڵێ زۆرجار کە بەیانیان دەچوین بۆ زانکۆ لەسەر

ئومێد لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو وتی لەوێ کەوتت خەڵکی سلێمانیم حسابی یەکێتی و خەڵکی هەولێریشی حسابی پارتیت بۆ دەکەن، حەقیان نیە تۆ چیت و سەر بەچ بیروبۆچونێکی تری.

بەهۆی هەڵوێست و فشاری گروپە تیرۆریستی و شۆڤێنیەکانەوە، تەنانەت لەناو زانکۆشدا کەس روو بەخوێندکاری کورد نادات، خۆیانی لێ

مەسەلەی فڕاندن و هەڕەشەکردنە لەکورد، من سەرەڕای ئەوەی لەپۆلی دووەمی کۆلیژم و ناچارم لێرە لەبەرئەوەی بەشەکەم نیە لەپۆلی یەکەمی کۆلێژی ئەندازیارییەوە دەوام بکەمەوە، بەڵام وا دەزانم تازە لەدایك بوومەتەوە، بەڕاستی بەغدا زیندان بوو بۆ ئێمە سەرەڕای مەترسی کوشتن و رفاندن، شوێنی نیتشەجێ کەمە، بەشە ناوخۆییەکان تاڵان کراوە، چەند باسی ناخۆشی

دیوارەکانی نوسرا بوو، قەدەغەیە (٥٪)ی خوێندکاری کورد بێنە زانکۆی موسڵ.

ئومێد عەلی خوێندکاری کۆلێژی ئابوری زانکۆی موسڵە دەڵێ نازانم تائێستا وەرم دەگرنەوە لەزانکۆی سلێمانی یان نا چونکە بەشەکەی من لێرە نیە.

ئومێد دەڵێ ئێمە ببوینە کێشە بۆ کوردەکانی موسڵیش، چونکە کێشەی زمانمان هەبوو، بەناچاری بۆ ڕایی کردنی کارەکانمان پەنامان بۆ کوردەکانی ئەوێ دەبرد.

ئەو دەڵێ بارودۆخمان ئەوەندە خراپ بوو، دەبوایە لەدوای بانگی ئێوارەوە تا بەیانی دەرگای شوقەکەمان دابخستایە، گەر خوێندکارێك بەمردنیشەوە بوایە نەماندەتوانی لەترسی رۆحی خۆمان ببەین بۆ نەخۆشخانە.

ئێستاش کورد لەهەندێ ناوچەی موسڵ بەرۆژیش ناتوانێ بگەڕێ، چونکە مەترسی ئەوەی هەیە کە بکوژرێت، لەکاتێکدا کە ئومێد قسەی بۆ دەکردین، خوێندکارێکی تر خۆی پێ نەگیراو گوێی لەقسەکانمان بوو وتی کاکە ئەوە ئێوە باسی چی دەکەن، من برادەرێکی کوردی موسڵاوی دەناسم دوکانی سەوزەو میوەیان هەیە، لەوەتەی لەو شارەن باوکی بەجلی کوردی و جامانەوە لەسەر دوکانە، ئێستا لەترسی هەڕەشەی گروپە تیرۆریست و شۆڤێنیەکان ناوێرێ بەجلی کوردییەوە دوکان بکاتەوە..

جیادەکەنەوەو دەیانبوغزێنن.

ئومێد دەڵێ عەرەبمان لەگەڵدایە وا بۆ دوو ساڵ دەچێ لەپۆلێکداین تا ئێستاش قسەیان لەگەڵدا نەکردوین و هاوکاری خوێندن و موحازەرەکانیشمان ناکەن، بۆیە بەم بڕیارەی حکومەتی هەرێم وا دەزانم تازە لەدایك بوومەتەوە.

ئەو بارودۆخە تەنها لەزانکۆی موسڵ نەبووە، وەك ناوچەیەکی چالاکی گروپە تیرۆریست و توندڕەوەکانی د ژ بەکورد، بەڵکو بارودۆخەکە لەبەغدای پایتەختیش هەر وابووە کە دەبوایە وانە بووایە، بەتایبەت، کە بەسەنتەری دەسەڵاتی نوێ و هاوبەشی عەرەب و کورد دادەنرێ.

خالید حامید خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی موستەنسریە بووە، دەڵێ لە ئێستادا گەورەترین کێشە بۆ خوێندکاری کورد لەوێ

بارودۆخەکە بکەین هەر نابڕێتەوە.

ئەو خوێندکارە گەڕاوانە هەرچەندە هەندێکیان زانکۆکانیان و بگرە کۆی نمرەکانیشیان کەمە لەچاو نمرەی خوێندکارە وەرگیراوەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمە بۆتە نیگەرانی لای هەندێ خوێندکاری زانکۆی سلێمانی، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا، حکومەتی هەرێم توانی بەم بڕیارە رۆحی سەدان خوێندکاری کورد لەمردن و تیاچون رزگار بکات.

محەمەد ئەحمەد لەکۆلێژی پزیشکی زانکۆی تکریتەوە گەڕاوەتەوە، ئێستا لەقۆناغی سێیەمی کۆلێژەکەی لەزانکۆی سلێمانی وەرگیراوەتەوە، پێی وتین باوەڕ بکەن وا دەزانم خەونە، باوەڕ بەخۆم ناکەم، نازانم چۆن سوپاسی حکومەتی هەرێم بکەم بۆ ئەو بڕیارەی کەرۆحی ئێمەی پێ کڕیووە.

مامۆستا جەزا تۆفیق سەرۆکی بەشی جوگرافیاش، وتی ئێمە خۆشحاڵین بەهاتنەوەو وەرگرتنی خوێندکاری نوێ لە بەشەکەمان، بەڵام باشتر وا بوو، پێش ئەوەی ئەو هەموو خوێندکارەمان بۆ بنێرن بۆ قۆناغی یەکەم حسابی توانای بەشەکەمانیان بکردایە.

ئەو قەرەباڵغیە کێشەی بۆ دروست کردوین بەتایبەت بۆ وانە پراکتیکیەکانمان، جگە لەوەش کێشەی خشتەوانەکانمان و چۆنێتی رێکخستنی تایمەکەی لێ تێك داوین ئێمە هەمانەو نیمانە سێ هۆڵمان هەیە لەسەرو ١٠٠ خوێندکاری قۆناغی یەکەمان بۆ رەوانە کراوە.

راز کامەران، ئەمساڵ لەبەشی جوگرافیا وەرگیراوە، دەڵێ سەرەڕای ئەوەی بەحەزی خۆم نەهاتوم لەگروپەکەماندا هەندێ وانە بەناچاری بەیەکەوە دەخوێنین، ژمارەمان (١٠٥) خوێندکارە، تێ ناگەین مامۆستاش هۆڵەکانی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ لەڕووم نایەت پرسیار بکەم.

بۆ تاوتوێکردنی گەڕانەوەی ئەو خوێندکارانەی زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و قەرەباڵغی زانکۆو بەشەکان و نەبونی هۆڵ و مامۆستای پێویست رومان **کردە خاتوو تارا عومەر** بەڕێوەبەری تۆمارگەی گشتی زانکۆی سلێمانی، سەرەڕای سەرقاڵی ئەو زیاتر لە ٣ رۆژ چاوەڕوانی بۆ بینینی ناوبراو، بەسوپاسەوە داوەکەمان قبوڵ کردو چاومان پێی کەوت.

پێی وتین لەهەست کردن بەبەرپرسیارێتی حکومەت بەرامبەر بەڕۆحی رۆڵەکانمان ئەو بڕیارە دەرکراوە.

بڕیارەکە ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لەشاری سلێمانی تاقیکردنەوەیان کردووەو فۆرمی بایەعی و پشتیوانی شوێنی نیتشەجێ کردنی سلێمانیان هەبێ.

بڕیارەکەی ئێمە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە بەو مەرجەی بەشەکەی لەزانکۆکانی لای ئێمە هەبێت یان بەشەکەی نزیك بێت لەبەشێکی تری کۆلێژە جیاجیاکانی ئێمەوە.

ئەو خوێندکارانەی کە دەگەڕێنەوە زانکۆی سلێمانی، هەموو بڕیارو رێنماییەکانی ئێرەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ.

دواتر پرسیاری ئەوەمان لێ کرد کە ئایا ئەم بڕیارە ئیدارەی هەولێریش بۆ زانکۆکانی خۆیان دەریان کردووە پێی وتین بەڵێ زانکۆکانی ئیدارەی هەولێریش (سەلاحەدین و دهۆك) دەگرێتەوە، بەڵام ئەوان بەنیازن تەنها قۆناغی یەکەمی زانکۆ وەربگرنەوە.

بەگوتەی خاتوو تارا، ژمارەی ئەو خوێندکارە گەڕاوانە لەوانەیە بگاتە ٥٠٠ خوێندکار کە بەسەر بەش و کۆلیژەکانی زانکۆی سلێمانیدا دابەش دەبن.

ئەویش لەگەڵ قسەی مامۆستاو خوێندکارەکانماندا بوو کە هاتنەوەی ئەو ژمارەیە، کێشەی هۆڵ و مامۆستاو تاقیگەش بۆ زانکۆی سلێمانی دروست دەکات، بەڵام بڕیارەکە هێندە پڕ بایەخە بۆ ژیانی خوێندکاری کورد، رەنگە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەوەندە زۆر بێت کەس لەڕووی نەیەت باسی لایەنە نێگەتیڤەکانی بکات..

پەژارەی هاووڵاتی

- پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، بۆ دواوەکەون..؟ (هاوڵاتییەک)
- شەترەنج لەئامادەییەکی کچاندا.. (خوێندکارێک)
- دیارە شارەوانی کارەکانی لەبەفرەکەدا دەستپێدەکات! (گوڵێ)
- مانگی ڕەمەزان" خۆگرتنەوە لەخواردن یان لەهونەر؟! (شنروێ)

پواز

بریارەکان بڕناکەن!

لەهەموو وڵاتێکی دونیادا، کەخاوەنی دامودەزگاو دامەزراوەی حکومین و حکومەت بەرپرسە لەرێکخستنی لایەنەکانی ژیاری و هاوسەنگی کۆمەلایەتی.

کاتێك حکومەت بیردەکاتەوە لەدەرکردنی بریاریك، پێشتر بەووری لەلایەن کەسانی پسپۆرو شارەزاوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و لایەنە سلبی و ئیجابیەکانی هەڵدەسەنگێنریت و رادەی سەرکەوتنی بریارەکەو توانای جێبەجێکردنەکەشی حسابی بۆ دەکرێت، دواتر قسە لەسەر پێویستی دەرکردن یان دەرنەکردنی بریارەکە دەکرێت، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا شێوازی مامەڵە لەگەڵ دیاردەو بریارەکان هیچ کام لەو لایەنانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن بەهەند وەرناگیرێن لەوادەی دەرچوونی بریارێکدا، رەنگە ئەوە بۆخۆی بروا بەخۆ بوونی حکومەت بێت لەئاست رەوایی بریارەکانی و جێبەجێکردنیشیاندا، بەڵام سەیرتریش ئەوەیە هەر زوو لەدوای دەرچوونی بریارەکان ئاشکرا دەبێت کەبریارەکە نەلێکدانەوەو نەهەڵسەنگاندن و نەتوانای جێبەجێکردنیشی لەبەرچاو گیراون و زۆربەی بریارەکانیش ئەو راستیەیان سەلماندووە کە دەوڵەتیانە مامەڵە لەگەڵ دەرکردنی بریارەکان نەکراوە.

حکومەت لەلایەك بریاری پەیرەو کردنی بازاری ئازاد دەردەکات و لەلایەکی تریش نرخ بۆ شمەك و پێداویستیەکانی دانیشتوان دیاریدەکات، رۆژێك نرخی پاس دیاریدەکات و چەند رۆژێك بڕناکات و پەیرەو ناکرێت و حکومەتیش لێی بێدەنگ دەبێتەوە، رۆژێك بریارێکی تر بۆ نرخی تاکسی و رۆژێك بۆ چێشتخانەو رۆژێك···و رۆژێك··· هتد.

هیچ کام لەو بریارانەش جێبەجێناکرێن و چارەنوسیان لە هەڵوەشاندنەوەی بریارەکاندا دەبینرێتەوە.

ئێمە هەموو ئەو بریارانەو هەڵوەشاندنەوەیان ئاسایی وەردەگرین، لەبەرئەوەی بەبەرنامەی پێویست و پلانی دروست دەرناچن بۆیە بەو چارەنوسەش دەگەن، جگەلەوەش ئەمانە بریاری حکومەتن و دەبێت لایەنی دووەم کەخەڵك و هاوڵاتیە جێبەجێی بکات، کەرەنگە لایەنی دووەم پابەند نەبێت پێیانەوە، بەڵام ئاخۆ بریارە خۆبەخۆکانی حکومەت، ئەوانەی حکومەت دەریاندەکات و بەسەر دامودەزگاکانی خۆیدا پەخشی دەکاتەوە بۆ بڕ ناکەن.

سەرتان نەیەشێنم نموونەیەکی تازەتان بۆ باس دەکەم کەهاوشێوەی زۆرەو نازانین ئەو جۆرە بریارانە بەردەوام دەبن یان نا، لەم رۆژانەی رابردوو بەکارێکی تایبەتی رێم کەوتە یەکێك لەوەزارەتەکان و لەژووری سکرتێری بریکار چاوەروانی بینینی بریکار بووم، لەمشتومڕی نێوان چەند فەرمانبەرێکدا گوێبیستی قسەیەك بووم لەبارەی بریارێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی بریاری مۆڵەتی بێ مووچەی فەرمانبەر، حکومەت بۆ؟

رەنج قەرەداغی

هاوڵاتییەک

یەکێك لەدیارترین گرفتەکانی هاوڵاتیان لەشاری سلێمانیدا، کێشەی نیشتەجێییەو ئەم کێشەیەش وایکردووە هاوڵاتی لەگەرەکە نوێکانی شار لەدەرەوەی شەقامی شەست مەتری خانوو بینای نیشتەجێ دروست بکەن، دیارە ئەم زەوییانە، ئەوانەن کەلەلایەن حکومەت و شارەوانیەوە دابەشکراون، کەدابەشکردنیان خۆی لەخۆیدا هەڵگری چەندین گرفتی جیاجیایە، لەبەرئەوەی پرۆسەی دابەشکردنەکە هاوکات لەگەڵ بەرنامەی دروستی شارستانیدا بەرێوەنەچووەو گرنگی بەلایەنەکانی خزمەتگوزاری گەرەکی نیشتەجێ نەدراوەو خزمەتگوزاری پێشوەخت کەدەبوو کاری بۆ بکرایە، تائێستاش ئەنجام نەدراوە کەزۆرێك لەو زەویانە کراون بەبینای نیشتەجێ و گەرەکی نوێشیان پێکهێناوە.

لەهەندێك گەرەکی نوێدا کەزۆر نزیکن لەشارەوە، ئێستا خزمەتگوزاری ئاوو کارەبا دابینکراوە، بەڵام پرۆژەی ئاوەرۆ تازە بەتازە دەستی پێکردوە، چەند کۆڵانێکیان هەڵکەندووەو کاری خراپی لەهاتوچۆی دانیشتوانی ئەو گەرەکانە کردووە، ئەمە جگەلەوەی خەڵکی ئەو گەرەکانە خەمی کارەساتی باران بارین و قوڕاوو وەستانی پرۆژەکەیان لێنیشتووەو ئەگەر بەزروترین کات ئەو پرۆژەیە تەواو نەبێت رەنگە باران بارین پرۆژەکە رابگرێت و گوزەران لەدانیشتوانی ئەو گەرەك و کۆڵانانە تێك بدات، کەلەراستیدا ئەگەر ئەم جۆرە پرۆژانە زروتر دەست بەجێبەجێکردنیان بکرایە، ئەوا ئەو مەترسیە روبەرووی دانیشتوانەکەی نەدەبووەوە.

خوێندکارێک

خوێندنگەی ئامادەیی سلێمانی ئێوارانی کچان، یەکێکە لەو خوێندنگایانەی کەژمارەیەکی زۆری خوێندکاری لەخۆ گرتووە، ئەمانە زۆربەیان پێشتر لەخوێندن دابراون و گەراونەتەوە یاخود تەمەن رێگر بووە، یا مانەوەو دەرنەچوون چەند ساڵێك لەیەك قۆناغدا بەتایبەتی لەساڵانی رابردوودا وای لێکردوون لەرۆژ نەخوێنن و پەیوەندی بەم ئامادەییەوە بکەن، من وەك خوێندکارێکی ئەم ئامادەییە، سەرەرای گرفتی تایبەتی خۆمان، ئێستا خوێندنگەکەمان شێوەی یاری شەترەنجی وەرگرتوە، شکاندن و گاڵتە پێکردنی خوێندکاران لەلایەن هەندێ لەمامۆستاکانەوە.

گۆێنەدان بە وانە وتنەوە کەوامان لێدەکات هەر لەسەرەتاوە مامۆستا بگرین، تا وانەی تایبەتمان پێبڵێتەوە. ئاڵوگۆری مامۆستا لەم پۆل بۆ ئەو پۆل یان هەر بۆ دەرەوەی خوێندنگەکەمان تەواو بێزاری کردووین، خۆمان پێویستمان بە لێکۆڵەر یان توێژەرەوەی کۆمەلایەتی هەیە لەجێی نەبوونی ئەوە قیژەو هاواری بەرێوەبەرە، ئەمە جگەلەوەی خۆمان بەزەییمان بەو خوێندکارانەدا دێتەوە کەدەرەکین و دێنە خوێندنگەکەمان تا گوێ بگرن، ئەوان لەئێمە باشتر سەعی دەکەن بەڵام گەر بیانەوێ لەگەڵ ئێمە تاقیکردنەوەی مانگانە ئەنجام بدەن ئەوا مامۆستای وانە بەپۆزەوە ئەو داوایەیان رەفز دەکات، هەموو مامۆستاکان وانین بەڵام زۆربەیان، بەرێوەبەریش کەدێتە هۆڵەکانەوە، ئەڵێی سەردەمی بەعسەو هەڵاتویەك لەژوورەکەدایە، کەدۆزیانەوە پشت ملی دەگرن و بۆ دەرەوە.

نازانم بەرێوەبەرێتی پەروەردە ئێمەی لەبیر کردووە؟ یاهەر نازانێ ئامادەییەك بەو ناوەوە هەیە. ئەگەر وانیە بۆ هەواڵێکمان ناپرسێ؟

شنروێ محمود

ئەو سەردەمەی گەمارۆی ئابوری لەسەر عێراق بوو بەگشتی، گوزەرانی خەڵك خراپ بوو، بەناچاری لەخەرجی و خواردن و بەکارهێنان کەم دەکرایەوە، چونکە داهات بەشی تێرکردنی پێداویستیەکانی نەکرد.

لەو کاتەدا خەڵکی بۆ رەواندنەوەی بێ تاقەتی نوکتەو قسەی خۆشیان لەسەر ئەو دۆخە دروست دەکردو دەیانگێرایەوە، یەکێك لەو نوکتانە دەیگووت: دوو برادەر بەیەکەوە دەوەستن، هەواڵی یەکتر زۆر بەگەرمی دەپرسن تا دەگاتە ئەوەی چی دەخۆن، چەند جار گۆشت دەخۆن؟ یەکیان کەحاڵی باش دەبێت دەڵێت: رۆژ نەرۆژ واتە رۆژێك گۆشت دەخۆین و ئەویتر نایخۆین. ئەی تۆ؟ ئەویتر کەحاڵی زۆر شرە خۆی تێك نادات و بەپۆزەوە ئەڵێت: ڕۆۆۆژ نااا ڕۆۆۆژ، ئینجا زۆر بەخێرایی دەڵێت ئێمە جەژناو جەژن جەژناو جەژن، بابە ئێمە زووزوو دەیخۆین!

ئەم نوکتەیەم بەراستی لەم مانگی رەمەزانەدا بینیەوە، بەڵام لەژێر کاریگەری گەمارۆی ئابووری نا بەڵکو گەمارۆی هونەری، کەتوانای هونەرمەندان خۆیان دروستیان کردووە.

لەهەموو ولاتێك بەر لەهاتنی بۆنەیەك یان وادەیەکی تایبەت، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و تیپە هونەریەکان و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانیتر، خۆیانی بۆ ئامادەدەکەن. ئەی کەناڵ و تیپە هونەریەکانی خۆمان... چییان هەیە لەمانگی رەمەزاندا؟ گەر سەرەتا باس لەفیلم و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی بکەین ئەوا لەمسەر بۆ ئەوسەر فیلمە وەرگیراوەکانی (اصحاب الکهف، مریم المقدسه) جابە کوردی بێت یان بەزمانێکیتر.

رەمەزانەو رەمەزانیش زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی دروست دەبێت کەئەمساڵ بەهۆی عێراقچێتیەوە کەمێك کاری کردە سەر ناونیشانەکەی و بوو بە (جومعە) بەجلوبەرگێکی کوردیەوە، بێگومان بینەری هەیە لەبەر نەبوونی بابەتێکیتر، سەیری دەکەن چونکە ئەم جۆرە زنجیرانە وەك چەرچڵ دەڵێت: کەمتر خراپن. هەندێکیش بەووریاییەوە سەرنجی دەدەن بۆئەوەی دوای تەواو بوون وەك ساڵی رابردوو، راستەوخۆ بەکاکی دەرهێنەر بڵێن: کورەکە بەلای راستدا کەوت یان بەلای چەپ؟ ئەمانە بۆ کاتی خۆی.

بوونی چەند کەناڵێکی تایبەت یان سەر بەحیزبە ئیسلامییەکان هیچی وای بۆ ئەم مانگە زیاد نەکردووە، ئەو پرۆگرام و بەرنامانەی لەم کەناڵانەوە پەخش دەکرێن وەك فیلم و گۆرانی و سروودەکان، یان کۆنن یان وەرگێراون، بۆ کات پڕکردنەوە باشن. ئەگەر گومانێك لەمەدا هەیە با چەند پرسیارێك بکەین لەوەی سەرجەم کەناڵەکان بەوانەوە کەتەواو پرۆگرامێکی ئایینیان هەیە، چەند سروودی نوێ بۆ ئەمساڵ تۆمارکراون، تالەم مانگەدا پێشکەشی بینەرانی بکەن؟ چەند فیلم و زنجیرەو بەرنامەی نوێ لەم مانگەدا لەدایك بوون؟ هەر مامۆستایەکی ئایینی وتارێك دەخوێنێتەوە باس لەئاوێتە بوونی کورد دەکات لەگەڵ ئایینەکان، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام. ئەی کاتی ئەوە نەهاتووە خەڵکی لەزۆر ووتن رزگاری بێت و ئەو چیرۆکانەش ببنە (صوت و الصورة)؟!

هەق وایە نمونەیەمیش لەسەر رادیۆ بدەین کەهەندێکیان بەمەبەستی رازیکردنی جەماوەر بەرنامەیەك ساز دەکات بێ گوێدان بەشارەزایی. رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٦ی ئەم مانگە گوێم لەکەناڵێکی ناوخۆ بوو، بێژەرێکی کچ بەرنامەیەکی پێشکەش کرد تایبەت بەژیانی پێغەمبەران، پێموایە هەر بەو ناوەشەوە بوو، سەرەتا کەدەستی پێکرد بەخوێندنەوەی ژیاننامەی حەزرەتی (یونس) پێغەمبەر، چەندجارێك ووتی لەقورعاندا واهاتووە ... لەقورعاندا وابووە ... باوەر ناکەم خوێندنەوەی ووشەی (قرأن) هێندە گران بێت، لەگەڵ ئەمەشدا گوێم لێنەبوو یەك ئایەتی بەسەر یەکەوە بخوێنێتەوە، بەڵکو وشە وشە.

مەلایەك لەوتارێکدا ئایەتێك لێك دەداتەوەو دەڵێت (کل نفس ذائقة الموت) واتە: کوللی نەفسێك زائیقەی مەوتە.

بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لەلێکدانەوەی بابەتێکی ئایینیدا بۆتە خوو کەلە ترسێکی کۆنەوە سەرچاوەی گرتوە کە قورئان ناکرێت بەکوردی، بەڵام ئێستا ئەو هەنگاوەش نراوە. دیارە هەر لەبەرئەوە بوو بێژەرەکە زووزوو دەیوت: ئیمان، نازڵ بوو، عەلامەت، غەزەب، عەزاب، قەوم، بەحر،... وێرای شێوازی دەربرین لەخوێندنەوەدا.

ئەمانە نمونە بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە بەرنامەکان تەواو ئایینی بن، دەکرێت کۆبوونەوەو سەرنجی خەڵکی لەکەناڵەکان لەم ٣٠ رۆژەدا بکرێتە هەل بۆ نیشاندانی بابەتێکی پەروەردەیی، کەبۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگە بچوکترین هەل لەدەست نەدرێ.

هێشتا کاتمان بەدەستەوەیە، (مرحبا) رۆیشت (الوداع) ماوە.

سوپاس و پێزانین

ئێمە وەك کۆمەڵێك ماڵی گەرەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی، کەدەکەوینە سەر شەقامی سەرەکی زەرگەتە، نزیك دواناوەندی یەکێتی کچان، سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ رۆژنامەی چاودێرو ستافی لاپەرەی ئاوێنەی رۆژنامەگەری دەنێرین، لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی بابەتێك سەبارەت بەو پرۆژەیەی کەلە گەرەکەکەمان دەستی پێکردبوو و ماوەیەکی زۆر راوەستابوو.

لەژمارە (٣)ی چاودێرو لەلاپەرەی ئاوێنەی رۆژنامەگەریدا، بابەتێکی بڵاوکرایەوە لەژێر ناوی (تو ئەم مانگە موبارەکە، خەمەکانمان بخوێننەوە)، کەبەرێزێك بەناوی (دانیار عەبدوڵڵا)، نوسیبووی، لەو نوسینەدا گرفت و ئاستەنگەکانی دانیشتوانی گەرەکەکەمانی خستبووە بەرچاو، دیارە هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە، دەزگای پەیوەندیدار گەیشتنەوە سەر پرۆژەکەو لەماوەیەکی کەمدا گۆرانێکی بەرچاو لەپرۆژەکەدا بینرا، وەئێستا بەبەردەوامی کاری جدی تیادا دەکرێت و بەشێکی زۆری گرفتەکانمان روو لەچارەسەرن، بۆیە دووبارە سوپاسمان بۆ چاودێرو لاپەرەی ئاوێنەی رۆژنامەگەری، بەهیوای بەردەوامی و سەرکەوتن.

بەشێک لەدانیشتوانی گەرەکی زەرگەتە

گوڵێ

رۆژانە ئێمەی مرۆڤو ئێمەی خەڵکی شار لەزیاد بووندایین، لەگەڵ زۆربوونی ئەم ژمارەیەی شاریش دا ناوچە تازەکان شاریان فراوان کردو ناوچەی زۆر دەوروبەری شاری سلێمانیان ئاوەدانکردۆتەوە، وەکو دانیشتویەکی (ناوچەی کانی سپیکەی سەرچنار)، دەڵێم: مافی خۆمانە گەر داوای پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بکەین لەشارەوانی پاش ئەوەی لە ٢٠٠٤/٦/١٧ عەریزەمان داوە بەئەنجومەنی شارەوانی بەرێزو داوای پرۆژە خزمەتگوزاییەکانمان کردووە. بەڵام بەداخەوە تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، پاشان چەندجارێك سەردانی (خاك T.V)مان کردووە تاکو چاوی کامێرەکەیان وێنەی نەبوونی پرۆژەکان لەناوچەکەمان بخاتە بەردیدی حکومەت و لایەنەکان، بەڵام دیسان بەداخەوە بۆ نەهاتن؟ نازانم؟ راستە چەندین جار کەسانی شارەزا هاتوون و وتویانە ئێرە شوێنی خوێندنگایەیا ئەم زەویە شوێنی نەخۆشخانەیە یا ئەمە شوێنی مزگەوت و باخچەو....یە. بەڵام بەداخەوە تەنها قسەو سەردان بووە، ماوەیەکە دەستکراوە بەدروستکردنی نەخۆشخانەکە رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٨ چەند کەسێك سەردانی ناوچەکەمانیان کرد کەئیدی کارەبامان بۆ دێت، خوابکات ئەمجارەش هەر قسەنەبێت. بوونی هێڵی تەلەفونی ماڵەوە یەکێکی ترە لەگرفتەکانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ دووری ناوچەکە لەنوسینگەکان لەلایەکی ترەوە خۆڵی کۆڵانەکان و رێگەی پاسەکانی کانی کوردەش بۆتە هۆی بێزاری بۆ ناوچەکەو نەبوونی ئاوەرۆ کەئاوەرۆی ماڵەکان تەنیا چەند مەترێکی کەم لەماڵەکانەوە دوورە یان دەتوانم بڵێم منداڵانی ئەو ناوە لەسەر جۆگەلەی ئاوەرۆکاندا بازدەدەن بۆ چوونیان بۆ خوێندنگە. رێك و پێك نەکردنی کۆڵانەکان وایکردووە چەند ماڵێك ئاوەرۆکە بەبەردەم ماڵەکەیاندا بروات... گەر سەیری کۆڵانی ماڵە وەزیرەکان بکەین بەردەم ماڵەکانیان گوڵ و گوڵزارە... بەڵام لێرە چی؟ بانەیڵێم خۆتان بێن سەیری بکەن.. یەکێکی تر لەدەردەسەریەکانی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە نەبوونی پرۆژەی ئاوە، کەژنان و پیاوان ئەم هاوینە هەر خەریکی سۆندەو بۆری چاککردن بوون، بەرۆیشتنی سەیارەیەکی بارهەڵگر بەسەریاندا سۆندە یان بۆریەکان دەتەقێن، هەروەها برا شۆفێرەکانیش (شۆفێری تاکسی) گەر لە (٢٥٠٠-٣٠٠٠) دیناری کەمتر بدەیتێ، ئەڵێ: خۆسەیارەکەم نەدۆزیوەتەوە بیهێنمە ئەو رێگەیە. گەر دوا گرفت باس بکەم کەلە خوێندنگەو کەناڵەکانی راگەیاندن و زۆرجار لەسەر پەرەی رۆژنامەکان باس لەژینگە پارێزی دەکەن... پاراستنی ژینگەکەمان کەبەداخەوە لەم باسە ئێمە تەرك کراوین لەوبەر ماڵەکان گردێکی لێیە کەشۆفڵ کاری لێدەکات، هەرچی پاشماوەی هەندێ شوێن هەیە دەیهێنن لەو شوێنەدا دەیسوتێنن.. ئیدی دانیشتوان لەجیاتی (O_2) ئەبێ چ هەوایەك هەڵمژێ··· نازانم لەبەرئەوەی لەو بارەوە زانستیم نیە، ئەمە بۆ لێکۆڵەرەوان لەو بارەوە بەجێ دێڵم... لەکۆتاییدا داوا لەشارەوانی بەرێز دەکەین کەتا زووە دەست بدەنە کارەکانیان، ئێمەداواکەمان ئاراستەی هەڵبژێراو و کەسانی متمانە پێکراوی خۆمان دەکەین، دەئیدی ئێوە (شارەوانی) متمانەی خۆتان لەدەست مەدەن، کەی دێن؟ نازانم چاوەروانی وەڵام بم، یان نا؟!

(N.G.O) كان و..

دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵ

زەنوێر سالار

یـــەكێك لەكۆڵەكـــە بنـــچینەییەكانی دیموكراسـیەت‌و كۆمـەڵی مـەدەنی، رێكخـراوە (N.G.O) كانـە، ئـەو رێكخراوانـەی، لـەدەرەوەی چوارچـێوە دەسـەڵات‌و ئاراسـتەی دەسـەڵاتی حكـومی، ئامانجـەكانی خـۆی لەبەرنامەیـەكی خزمـەتگوزاری دیموكراسـی ، دیاریـدەكات. بێگومـان شـێوازی كـاركردنی ئـەم جـۆرە رێكخراوانـە، بـەپێی هەلومەرجـە جیاوازەكـان، بەپێی تایبەتمەندی ئەو وڵات‌و ناوچانەی كـاری رێكخراوەیی تیادا ئەنجام دەدەن، دەگۆرێت. ئەو گۆرانكاریانەش هەندێ جار راستەخۆ كاریگـەری ئیجابیـە ، بـۆ ئاراسـتەكانی دەسـەڵات‌و ئـەو سیـستەمە سیاسیانەی ، لـەوڵاتێكی دیـاریكراودا پـەیرەو دەكرێـت، هەنـدێ جاریش، پەیوەسـتە. بەسـتراتیژیەتی داخـراو، كەراسـتەخۆ خزمـەتی بەرژەوەندیـەكانی شـاراوەیە.بـۆ وڵاتێكـی دیـاریكراو. بەهـەرحاڵ گفتوگـۆكردن‌و بـەپراكتیك بوونی ئـەم جۆرەكارانـە ، لـەوڵاتێكی وەك ئێمـە، هـەنگاوی تـازەو هەناسـەی تـازەو رووبـەروو بوونەوەیـەكی تازەیـە. دیـارە هـەر لـەدوای جیهانگیرییـــەوە. لەدەسـتدانی قودسـیەتی سنورەكان‌و نەمانی بەهای ئەو جۆرە چـەمكانە، شەپۆلی پەرەسەندنی ئـەو جـۆرە رێكخراوانـەش، بەئاراسـتەی جیـاواز، بـەئامانجی جیـاواز، بەستراتیژی جیاواز، بەچۆنییەتی پراكتیزەكردنی جیـاوازەوە روو لەئەزموونـەكانی دیموكراسـیەتی وڵاتەكەمان دەكات، هەڵبەتە لەئاستی پێویستی، ئەم جۆرە شەپۆلانەش ناتوانین، هـەموو دەرگـاو پەنجـەرەكانمان دابخـەین، بـەڵام والا كردنـی پەنجـەرەو دەرگاكانیشمان، لـەم هەلومەرجـەدا، دەبێت، گەلێ بەئاگابین.

دیموكراسـیەت‌و كۆمـەڵی مـەدەنی، چ وەك بیرۆكــە، چ وەك سیاسـەتێكی هۆشـیاری كۆمەڵایـەتی، چ وەك پراكتیزەكردنـی، چـەند پێویـستی ئـەم قۆناغەیـە، ئەوەنـدەش گرنگـە، لەبەئاگاییـەكی مەعریفیـیەوە، رێـساكانی بدۆزینەوە، بەڵام زۆربـەی جار لای خۆمـان، رێـك پێچەوانە، دەكەوێتەوە.

(N.G.O) كان، هەرچەندە ئامانجیان خزمـەتی بەرژەوەنـدی گـشتی بێـت، كەچـی هەنـدێكجار تێكـەڵ بـوونێكی ناسروشـتی بـەدی دەكرێـت، لەپەیوەندیـەكانیان، لـەو بەرژەوەندیانـەی، تـەنیا تاكـە كەسـێك دەتوانێـت حـوكمی رەهـای لەسـەر بـدات. هـەر لـەدوای رزگـاربوونی عێـراق. یـەكێ لەكۆڵەكـە بنـچینەییەكانی بنـەمای دیموكراسـیو بەدیموكراسـی كردنـی كۆمـەڵ، ئـەوەی كەئەمریكاییـەكان‌و هاوپەیمانـەكانیان كاری جدی لەسـەر دەكـەن، گرنگی پەرەپێـدانی ئەو شێوازی رێكخراوانەیە، كەپێیان وایـە، لـەنێو ئـەو كۆمەڵانـەی كـەمترین سـەرەتای هۆشـیاری مەعریفی نیە، بۆ چەمكەكانی، ئازادی‌و ئازادی تـاك، دیموكراسیەت. ئـەوا بـۆ ئـەو چوارچـێوەی كرانەوەیـە (N.G.O)كـان دەتـوانن ببنـە ئەلتـەرناتیڤێكی كاریگـەری، ئـەو ئامانجـەی كەمەبەسـتی خزمەتكردنـە بەهـەموو رەوتـە تازەكـانی ئازادی. بـەڵام بەداخـەوە، لـەنێو ئـەو هـەموو گەمـە سیاسـیو نەخـشە سـتراتیژیانەدا، بەشێكی زۆری (N.G.O)كانیش، بەدەر نابن لـەم چواچـێوە تەمومژاویـەدا. سـەرەرای ئەمانـەش، نەدۆزینـەوەی كـادیری لێوەشـاوەی بوارەكـانی كـاری سـەندیكایی‌و كـاری رێكخراوەیـی بەشـێوەیەكی گـشتی، دەرەنجـام دەبیـنین راستەوخۆ، رێكخراوەكـە بـەئاقارێكی ناسروشـتی گـوزەر دەكـات. ناسروشـتی، لەچۆنیەتی بـەكار هێنانی ئەم جۆرە رێكخراوانـە، بۆ بەرژەوەنـدی تاكە مشەخۆرەكان، ئەو تاكانەی ئەوەنـدەی بـیر لەبەرژەوەندی خودی خۆیان دەكەنەوە، كەئەمـە دەبێتـە ئامـانج‌و سـتراتیژیەتی كارەكـەیان، ئەوەنـدە بەتـەنگ چـۆنیەتی خزمـەتكردنی ، توێـژەكانیان، چـینەكانیان‌و رێكخراوەكانیـان .. هتـد، دانـێن. بۆیـە لـەم هەل‌ومەرجـەی ئێـستای كوردسـتاندا، بەتایبـەتیش، كەنێوەنـدە بنـچینەییەكانی رووەو بەدیموكراسـی بـوونی كۆمـەڵ، لـەرێكخراوە دیموكراسـی‌و ئینجـا (N.G.O) كـان خـۆی دەبینێتـەوە، زۆر گرنگـە، بتـوانن، ئاقـاری راسـتەقینەی رێكخراوەكـان، سـەندیكاكان، كۆمەڵـەكان، ئاقارێـك بێـت، كەمتر.توخنی خـراپ بـەكارهێنان بكـەوێت، بۆیـە بـەكارهێنان‌و دەست بەسـەردا گرتنیـان لەلایـەن ئـەو دەنگـە مـشەخۆرانەی بێجگەلـە بینینـی هەناسـەی كـورتی خـودی خۆیـان، هـیچ شـتێكی دیاریكراوی تر بەدی ناكەن، زەمەنی ئەو هاتووە، پاكـەكان، هۆشـیارو پـسپۆرەكانی بـواری كـاری دیموكراسـی‌و كـاری پیـشەیی‌و سـەندیكایی، دەسـتی مانـدوو بوونیـان بگوشـرێت‌و پاداشـتی ئەرك‌و ماندوو بوونیان لەمەر پێناوی دڵسۆزانیان بـۆ دیموكراسـیەت بكرێـت، مـشەخۆران‌و خوپەرستان‌و هەلپەرستان‌و نەزانانی بواری كاری رێكخراوەیی.

سەرجەم كاری رێكخـراوەیش ، بخرێتەبەردەم چـاودێری دیموكراسـی، تـابزانن، ئـەم ئـەرك‌و كارانە، هـی كەسـانێكن، پـەرۆش‌و دڵسۆزی ئـەو رەوت‌و چـەمكانەن كـەوا ئـەمرۆ، لەنێوەنـدە ئـەكادیمی‌و سـتراتیژییەكاندا، پـسپۆران‌و بیرمەندان، زۆربەجدی، تەنزیرات، لەمەر ئازادی‌و بەدیموكراسی بوونی هەموو كۆمەڵـەكان دەكـەن، رێكخـراوە دیموكراسـیەكانیش، هـەموو ئامانجـە دوورو نزیكـەكانی ئـەم رەوتـەی تیـا بـەدی دەكرێت.

كاری پیشەیی لەبەر رۆشنایی ئەركەكانی سەردەمدا

سەروەر عومەر

بێگومان خۆ رێكخستن‌و كاركردن لـەنێو هـەر رێكخراوێكـی دیمـوكراتی‌و پیـشەیی‌دا. پێویـست بەئەرك‌و ماندوبوون‌و هۆشیارییەكی جیاواز هەیە. بۆئـەوەی بتوانێـت لـەپێناو بەدەسـت هێنـان‌و جێببـــەجێكردنی ئامانجـــە پیـــشەیی‌و دیموركاسـیەكانی‌دا، سـەركەوتنی دیـارو گـەورە بەدەسـت بهێنێـت. هەڵبەتـە لـەوڵاتێكی كـەم ئـەزمونی دیموكراسـی‌و كـەم ئـەزموونی كـاری رێكخراوەیـی، وەك ئێمـە، ئەمـە سـەرەتایانە، پێویستیان، بەهۆشـیاری‌و هۆشیاری بـەردەوامی سەرجەم بوارەكانی كاری پیشەیی‌و دیموكراسی‌و مەدەنی هەیە. دیارە مەبەستمان ئـەو ئەزموونـە كۆنانەیـشە لەكاتێكـدا زامـی تـاك ئایـدیۆلۆژی‌و كاریگەریەتی ئەزمونەكانی ئـەوروپای رۆژهـەڵات‌و ئـەو بیروباوەرەانـەی راسـتەوخۆ رۆڵـی تاكیـان دەخـستە دەرەوەی مێـژوو، دیـارە لـەنێو ئـەزمونێكی ئاوەهـا زاڵ ئایـدیۆلۆژیای ئاوەهـادا، دیدەكان. رامانەكان، سـەرنجەكان، لەمـەڕ كـاری پیـشەیی. هـەر لـەم رەهەنـدەوە سەرچـاوە دەگرێت. بێگومان ئـەم چوارچـێوە داخـراوەیش، كەئێـستا ئاماژەمـان بۆ كـرد، راسـتەوخۆ، تـاكو هەنووكەیش كاری دیموكراسـی‌و پیشەیی هەیـە، بۆیـە، هەنـدێكیان، تاكـە جیـاوازێكیش لـەنێو حیزب‌و رێكخراوی دیموكراسی، بەدی ناكـەن ئـەم دیدە، یـاخود ئـەم خوێندنەوەیـە، ئاراسـتەیەكە، ئەوەنـدەی زیانمـان پـێ دەبەخـشێ، بێگومـان قـازانجیش سـەری مایـەی دەخـوات. بۆیـە، بـۆ كاركردن‌و هەڵبژاردنی هەر رێكخراوێكی مـەدەنی، بۆ ئەوەی تواناو بـەهرەی خـۆتی پـێ بەخـشیت، بەر لەهەر شتێ، ئاسـتی تێگەیـشتن‌و هۆشـیاری، دەسـت نیـشانی پلـەو چـۆنیەتی دەسـت بـــەكاربوونی ئینجـــا ئاینـــدەی ســـەركەوتن دەستنیشانیان دەكات. بۆیـە ئامـانج‌و بەرنامـەی هـەر كـارێكی مـەدەنی‌و پیـشەیی دیموكراسـی، راسـتەوخۆ پەیوەسـتە بەپلـەكانی هۆشـیاری تاكـەكان، لـەم نێوەندەیـشدا تـاك دەتوانێـت، بڕیاری بەشداری كردنێكی جدی بـدات. چـونكە هۆشـیاریە پاڵنـەرە بـۆ ئـەم ئامانجـە، نـەك زاڵی بەرژەوەنـدی داخـراوی زاد، بەهـەرحاڵ. لـەم ئەزموونـە كەمـەی خۆمانـدا، دەتـوانین بڵـێین خۆشـبەختانە هـەنگاوی پـڕ لـە پـەرۆش بـۆ ئـەم كارانـە، هاویـشتراوە، بـەڵام هێـشتا، سـەرەتای، سەرەتاین، چونكە تێگەیشتن‌و قوڵبوونـەوە، لـەو چـەمكانەی مۆدێرنـە، كـە هەریەكـەی بـۆ خـۆی دەورانێكی مێژووی گرنگی دیوە، لەقەیرانـەكانی، لەئەزمونـــەكانی، لـــەپێش كـــەوتن‌و بەپراكتیزەكردنی‌دا. میللـەتێكی كـەم ئـەزموونی وەكـو ئێمـەیش. كـە هەمیـشە داگیركـەران، ویستویانە لە هەموو ئەو پرانسیپانە بـێ بـەشمان بكـەن، كەسـەرەتایی تـرین، مـافی مـرۆ، مـافی تاكەكانی نێو كۆمەڵن.

بۆیـە ئـەم سـەرەتایەم بەهەنـد وەرگـرت، تـا بزانین كارو بەكاركردن لەرێكخراویی دیموكراسی‌و مەدەنی‌ـــدا. ســـەرەڕایی كـــارو ئـــەرك‌و بەرپرسیاریەتی. ئـەم جـۆرە كارانـە، پێویستیان بەهۆشـیاری، دیموكراسـی‌و مـەدەنی هەیـە، ئـەو هۆشیاریە، هەمیشە رێگـای بەرەنگاربوونەوەیـە، بۆ ناكۆكیەكان، بۆ هەموو حاڵەتە سلبیەكان، بـۆ ئەو دەروازانەی تاریكی‌و نەزانی تیایدا زاڵە. بۆیـە لەهـەنگاوە هەنووكەیەكانمانـدا چـەند گرنگـی بـە بـواری كـاری رێكخراوەیـی‌و هۆشـیاری كـاری دیموكراسـی، پیـشەیی بـدرێت، هێـشتا ئـەو سەرەتایەیە، پێویستیمان بەئـەزموونی سـەرجەم وڵاتە قاڵبووەكانی ئەو بوارە بیرمەندانی قـاڵبووی ئەو بوارە هەیە. چونكە بەرەنگاربوونەوەی ئێمـە تەنیا ئەزموون‌و تەمەن پچڕپچڕی ئەو بوارە نیـە، نـەخێر هۆشـیاریەكی مـۆدێرن‌و هاوچـەرخ، كـە بتوانێـت هەمیـشە جیاوازیـەكانی بەئاراسـتەكان، بەشێوەیەكی رەها بدۆزێتەوە.

لەكۆتایـــدا. هـــەمومان پێویـــستمان بەسەرەتاكانی دیموكراسی‌و كاری مەدەنی هەیە، ئەم سەرەتایەش بەشێكی زینـدووی لەئـەزموونی ئێستای خۆمانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشەكەی تـریش، وە یـا ئـەزمووونی زینـدوی گەلـە پێشكەوتوەكان، بكـەن بەمینبـەری دۆزینـەوەی هەموو ئامانجە پیشەیی‌و دیموكراسیەكان.

ئەرێ ناوەندی گفتوگۆ چی لێهات؟

عەبدوڵڵا ئەحمەد

حـەزمكرد بابـەتێك بنوسـم بـۆ لاپـەڕەی رێكخراوەكان چـەند دێـڕێكم لەسـەر خوێندكاران نوسـی‌و كوژانمـەوە، چـەند دێـڕێكم لەسـەر لاوان نوسی بەهەمان شـێوە كوژانمـەوە تـا وای لێهات هـەموو رێكخـراوە پیـشەیی‌و دیموكراتیـەكان دەهـات بەخـەیاڵم دا، بـەڵام وتم بـا لەخۆمـەوە دەست پێبكەم، هاوڕێیان ساڵی پار لەگەڵ چـەند هاوڕێیەكی هونەمەرندو رۆشنبیر لـەهۆڵی یـەكێتی مامۆستایان‌و، سەنتەری رۆشـنبیری سـەرا چـەند دانیـشتنێكمان كـرد بۆئـەوەی ناوەنـدێكی رۆشنبیری هونـەری دروسـتبكەین، تـا گەیـشتینە ئـەو ئەنجامـەی كـە بەیاننامەیـەك بڵاوبكەینـەوە بەناوی ناوەندی گفتوگۆ لەكوردستان‌و كۆمـەڵی قـسەی گـەورەشمان تیـا كردبـوو بـەئیمزای هەمووماں، لەدوای بڵاوبوونـەوەی بەیاننامەكـەوە بیرمـان كـردەوە كەئێمـە وەك زۆربـەی ئـەو ناوەندانەی تر كەدائەمەزرێن یەكەسەر پەیوەندی ئەكەین بەدوو حزبە حەیاتەكەوە بۆئەوەی بژێوی ناوەندەكەیان دابین بكەن، بەڵام من لێرەدا ئەمە وەكو خـۆی ئەخـەمەڕوو، بـەحوكمی ئـەوەی كـە هەڤاڵ مەلا بەختیار پەیوەندیدارە بـە مەسـەلەی دیموكراسـی‌و دامـەزراوە مەدەنییەكانـەوە پەیوەندیمان پێـوە كـرد ئـەویش بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لێكـردین ئامـادەیی مـادی مەعنـەوی دەربڕی بـۆ ناوەنـدی گفتوگـۆو، دواتـر سـەردانی هـەڤاڵانی لقـی چـواری پارتیمـان كـردو ئـەوانیش سـەرەڕای كۆمـەڵێ تێبینـی لەسـەر سـكرتێری ناوەند كەنوسەری ئەم بابەتەیە هـەیانبووە هـیچ جـۆرە پـشتیوانیەكیان بـۆ ناوەنـدی گفتوگـۆ دەرنـەبڕی‌و بـەڵكو لـەو میواندارییـەدا كەوتنـە ئیمتیحـان كردنمـان.. بەهـەرحاڵ ئـەوە مەسەلەیەكە پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیە، ئەم سیاسـەتەش وا هاتۆتـەوە نـاو مانـەوە باوەڕتـان هـەبێت هەمووشـــۆكردنی خزمایـــەتی‌و برادەرایەتیشی گرتۆتەوە.

بۆئەوەی لە سیاسـەت بێینـە دەرێ‌و بچینەوە سـەر ناوەنـدی گفتوگـۆ كـە ژمارەیـەكی زۆر بەیاننامەی بڵاوكردەوەو لەگۆڤارو رۆژنامـەكانیش دا ئاماژە بەوە درا كە ژمارەیـەك گـەنج ناوەنـدی گفتوگۆیان دروستكردووەو، بـەڵام بێئـەوەی هـیچ جـۆرە روونكردنەوەیـەك بـدەین وازمـان هێنـاو، هەریەكەمان چوینەوە ماڵی خۆمان، بەبێ ئەوەی كەسیش پرسیارمان لێبكات‌و پێمان بڵێ ئەرێ بۆ ناوەندەكەتان نەماو، چالاكیەكی نـەكردو، ئێـوە بۆ لەدوای بەیاننامەی دامەزراندنـەوە هـیچ جـۆرە گفتوگۆیەكتان نەكرد خۆ ئێـوە ناوەنـدی گفتوگـۆ بـوون. مـن چـەند رەخنـەم لـە خۆمـان هەیـە، هێنـدەش رەخنـەم لـەو دامەزراوانـە هەیـە كـە پەیوەندیـدارن بـەم جـۆرە ناوەندانـەوە چونكە ئەبوایـە پرسـیارێكیان لێمـان بكردایـە، بۆچـی كتوپڕ دیار نـەماین بـەبێ ئـەوەی هـیچ جـۆرە چالاكیەك بكەین، من پێم وایـە ئـەبێت حوكمـەتی خۆمان بەشێكی پەیوەندیدار هـەبێت لەسـەر ئـەو شوێنانەی كـە دائەمـەزرێن‌و بـەڵام بـەبێ ئـەوەی هیچ جۆرە رونكردنەوەیەك بدەن نـامێنن، یـاخود راستەوخۆ لەكێشەكانیان بكۆڵنـەوە، چـونكە من دڵنیابووم ئەگەر ئـەو ناوەنـدە پێداویستیەكانی‌و كێـشەكانی نـاوخۆی چارەسـەر بكرایـە ئێـستا یـەكێك دەبـوو لـە ناوەنـدە باشـەكانی هونـەرو رۆشـنبیری بەهـەرحاڵ ئێمـە بەگفتوگۆیـەكی زۆر درێژخایەن دامانمەزراندن، بە بێدەنگیەكی كتوپڕ دامانخست.

سەردانی هەڤاڵانی لقی چواری پارتیمان كردو ئەوانیش سەرەڕای كۆمەڵێ تێبینی لەسەر سكرتێری ناوەند كەنوسەری ئەم بابەتەیە هەیانبوو، هیچ جۆرە پشتیوانیەكیان بۆ ناوەندی گفتوگۆ دەرنەبڕی‌و بەڵكو لەو میواندارییەدا كەوتنە ئینتیحان كردنمان..

رێكخراوە دیموكراتیەكان‌و ئەرك‌و مافی هەڵبژاردن

سیروان محەمەد

هەڵبـــژاردن‌و رێكخـــراوە دیموكراتیـــەكان، یـــان رێكخراوە دیموكراتیەكان‌و هەڵبـژاردن، دوو مەسـەلەن كـە هـەرگیز لێـك جوێ‌ناكرێنـەوە. نـاكرێ قـسە لـەرێكخراوی دیمـوكراتی بكـرێ، بـیر لەهەڵبـژاردن نەكرێتـەوە، ناشـكرێ بـیر لەهەڵبـژاردن بكرێتـەوە، رێكخراوی دیموكراتی بیرنەخرێتەوە.

لـەرۆژئاوادا، بـۆ هـەر هەڵبـژاردنێك لەهەڵبژاردنـە گشتیەكانی حیـزب‌و دەسـەڵات‌و ئۆرگانـە میللیـەكان، پـێش هـەموو شـتێك پـشت بـەرێكخراوە دیمـوكرات‌و سـەندیكاكان دەبەسـتن. تەنانـەت وای‌لێهـاتووە, هـەر حیزبێـك سـەندیكاو رێكخـراوە دیموكراتیـەكان دابـین نـەكا، هەڵبـژاردنی سـەرۆكایەتی مەحاڵـە بباتـەوە. بەڵكو، دەمێكە لەناو حیزبە دیموكراتیەكانی رۆژئاوادا، نـەریتی وا بـاوە كـە بـۆ هەڵبـژاردنی سـكرتێرو سەركردایەتی حیزبەكان، رێژەی دەنگی كاندیدەكانی سـەندیكاو رێكخراوەكـان، رۆڵـی كاریگـەری لـەناو كۆنگرەی حیزبە سیاسیەكانیشدا، هەیە.

هەڵبەتـە.. لـەرۆژئاوا، دیموكراسـی بۆتـە نـەریت‌و تەنانەت، رێسای دیموكراتی لەناو تاك‌و كۆی كۆمەڵدا، وا چەسپیووە، كـە لـەكاتی هەڵبژاردنـدا، تـاك‌و لـەناو پرۆسـەی هەڵبژاردنیـشدا، سـەندیكاو رێكخـراوە مەدەنیـەكان، بەوپـەڕی سەربەسـتی دەنـگ دەدەن. فـشاری دەسـەڵات‌و هـەژمونی حیـزب‌و كاریزمـای سەرۆك، كەمترین كاریگەری لەسەر بڕیاری هـاووڵاتی، بۆ دەنگدانی گشتی هەیە.

وەلـێ.. مـەخابن، لەرۆژهەڵاتـداو لەكوردسـتانە هەمیـشە بێبەشـكراوەكەی لەدیموكراسـی، جـارێ نەریتی سیاسی دیموكراتی نیە، چ جای بۆ نـەریتی دیموكراسی رای گشتی.

رێكخـــراوە دیمـــوكرات‌و ســـەندیكاكان، هێـــشتا رێگەیـەكی دورودرێیـان مـاوە ببنـە خـاەن نـەریتێكی دیموكراتی‌و كۆمەڵیش زۆر زۆری ماوە دیموكراسی تیـا بچەسپێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمە ئەوە ناگەیـەنێ كە لەكوردستاندا، هیچ نـەكراوەو تاقیكردنەوەیـەكیش لـەم بـارە نیـیە. نـەخێر. لەكوردسـتاندا، لەراپـەڕین بەدواوە هەوڵ دراوە. بـەڵام هـەموو هەوڵـەكان هێشتا كاری سەرەتایین. ماویانە. گەرچی دەشێ بگوترێ:

ئـەو ئاسـتە دیموكراسـییەی لـەناو سـەندیكاو رێخراوەكاندا هەن، باشترن لەو ئاستە دیموكراسییەی لـەناو حیزبەكانـدا پـەیڕەو دەكـرێ. گەرچـی لـەناو رێكخراوەكانیشدا، كەموكوڕی هەیـە. بـەڵكو زۆرجار، كـەكوموڕی نـاو حیزبـەكان‌و دەسـتگەری نـاو دەسـەڵاتەكان‌و بەرژەوەنـدی ئیـدارەكان، دەگوێزرێنـەوە ناو رێكخراوەكـانیش. بـەڵكو زۆرجار، سەریـشیان لـێ‌تێكدەدەن. سـەرەڕای ئـەو راستیيە بابەتی‌و تایبەتی‌یە، دەبێ لەبـەردەم هەڵبژاردنـەكانی ئێستای عێـراق‌و كوردسـتاندا، رێكخـراوە دیمـوكرات‌و مـەدەنیخوازەكان هەڵوێـستەیەك بكـەن‌و ئاگایـان لەئەركە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و سیاسییەكان، هـەبێ. بۆ؟

لـەوەڵامی پرسـیارێكی وادا، دەڵـێین: كوردسـتان بەقۆناغێكی چارەنوسسازو هەستیاردا تێدەپەڕێ. لەم قۆناغەدا، كوردستان‌و ئەزمونەكەی, دوچاری جۆرەها كێشەو تەنگوچەڵەمەی سیاسی‌و ئابوری بوون:

- دەوڵـەتانی ئیقلیمـی، لەپیلانـدان ئـەزمونی دیموكراسی كوردستان، تێك بشكێ.
- هێـزە ئیـسلامگەراكان، نەخـشەیان هەیـە لەهەڵبـژاردن ببینـەوەو حكومـەتی دژی دیمـوكراتی دابمـەزرێنن. لەمەیانـدا دەوڵـەتانی ئیقلیمیـدا، پشتیوانیانن.
- هێزە دیموكرات‌و عەلمانیخوازەكان، لاوازن.
- رای گـشتی دیموكراتیخـواز، هـەم مەترسـی دوژمنـانی دیموكراسـی لەسـەرەو هـەم هۆشـی دیموكراسی لاوازە.
- هێـزە تیرۆریستەكان، جگـە لـەتیرۆری جەستە، پـەیتا پـەیتا، هـۆش‌و ئـەقل‌و پرسیاری جوان لای هاووڵاتی دەكوژن.
- بەشـێكی گرنگـی كوردسـتان ئازادنـەكراوەو دۆسـتانی ئـەو بەشـە ئازادنەكراوانـەش، كـەمترن لەدوژمنانی.
- لەكوردستان خۆیشیا، هێشتا كێشەی حكومـەتی دوفـاقی‌و پـاوانی دەسـەڵات‌و تێگەیـشتنی شـەفاف لەئەركە دیموكراسیەكان، ئاڵۆزە.

ئەو راستییانە تێكڕا، هاوشانی راستیگەلێكی دیكە، وادەكەن كـە وردتـر مەسـەلەی دیموكراسی ببینـری‌و بەئاگاتر مامەڵەی لەگەڵ بكرێ.

ناوەنـدێك لـەو ناوەندانـەی دەبـێ بـەئاگابێ، سـەندیكاو رێكخراوە دیموكراتیـەكانن. ئەمانـە، نابـێ ئەركە دیموكراسـی‌و مەدەنیـەكانیان، لەسـەر حسابی ئەركە نەتەوایەتی‌و سیاسیەكان، پیادە بكـەن. بـەڵكو دەبـێ لەدیـدێكی شارسـتانی ئـازادەوە، هـەردوو ئەركەكـە، رابپـەڕێنن. چـونكە راپـەڕینی هـەردوو ئەركەكـــە، لەدوائاكامـــدا، لەخزمـــەتی مەســـەلە دیموكراتیەكاندایە.

دیموكراسی.. لەسەر ئەرز، لەناو كۆمەڵ، لەسـایەی دەسـەڵات‌و لـەناو هۆشـی تـاكۆ كـۆی نەتـەوەدا، جێ‌بەجێ‌دەبێ. كاتێـك.. نەتەوەیـەك ئـەرزی رزگـاری نـەبێ، دەسـەڵاتی ئـازادی نـەبێ، كۆمـەڵێكی پێشكەوتوی ژیان ویستی نەبێ، چۆن دەتـوانرێ بیر لەدیموكراسـی‌و مافـە دیموكراسـیەكانی رێكخـراوە دیموكراتی‌و مەدەنیەكان بكرێتەوە.

ئـەمرۆ.. دیموكراسـی، بەكوردسـتانی رزگـارەوە خۆشـە" ئـەمڕۆ ئـازادی، بەكوردەوارییـەكی خـاوەن دەسـەڵاتەوە دەسـتەبەرە" ئـەمڕۆ هـاووڵاتی، بەسەربەرزی نەتەوەو نیشتمانەوە، دەتوانێ مافەكانی دابین بكا.

كەوابێ..

چـۆن هەڵبـژاردن، دیموكراسـی، دیموكراسـی‌و هەڵبـژاردن، لێـك جیاناكرێنـەوە" ئاواش سـەندیكاو رێكخـراوە دیوكراتیـەكان لەپرۆسـەی هەڵبـژاردنی سیاسـی‌و سـەركەوتنی دەسـەڵاتی دیمـوكراتی — سیاسی گەلەكەمان جیاناكرێنەوە. بۆیە، زۆر گرنگـە، رێكخراوە دیموكراتیەكان، هەر رێبازو فەلسەفەیەكیان هـەبێ‌و لـەپێناوی هـەر ئامـانجێكی ئـازاد تێبكۆشـن، هەقوایە ئەركە نیشتمانی‌و دیموكراسییە نیشتمانیەكە فەرامۆش نەكەن.

وشیار بن لەبەشداریكردنی هەڵبژاردنەكانی عێراق‌و كوردسـتان. ئـەم ئەركـە.. بەئـەركی چارەنوسـسازی دیموكراسی‌و ژیانی مەدەنی بزانن. دەشـبێ، دڵنیـابن لەوەی:

چ لایـــەك، چ پرۆژەیـــەك، چ دەســـەڵاتێك‌و چ بەرنامەیـەك.. دەتوانـێ، باشـتر لەئێـستا خزمـەتی دیموكراسـی‌و ئازادی‌و مەدەنیـەت.. بـەكردەوە بكـا. نەك بەقسە.

لەهەمان كاتیشدا، رێكخراوە دیموكراتیەكان هـەقی خۆیانە داوا لـە هـەموو حیزبـەكان بكـەن لەبەرنامـەی هەڵبژاردنـدا زۆرتـرین مـافی دیمـوكراتی‌و رێكخـراوە دیموكراتیـەكان رەچـاو بكـەن. زیـاتر لـەوەش، سـەندیكاو رێكخـراوە دیمـوكراتی‌و ئۆرگانـەكانی مـەدەنی، هـەقی خۆیانـە نوێنـەریان لەپەرلـەمان‌و عێـراق‌و كوردسـتاندا، بـەپێی سـەنگ‌و لێوەشـاوەیی هەبێ.

ئایندەی بەشەکانی کوردستان لەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورەدا

چاودێر:
ئێستاش ڕێگە خۆش دەکەین بۆ بەڕێزتان، ئەگەر تێبینییەکتان هەبێت دەربارەی وەڵامەکانی مامۆستا سەلاحوددینی موفتەدی، ئەو زیاتر گرنگیدا بەکوردستانی ئێران، وەک لەپارچەکانیتر، هەرچەند من باسەکەم هێنایەوە بۆ کوردستانی تورکیا، ئەگەر تێبینییەکتان هەبێت پێش کۆتاییهێنان بەگفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا سەلاحوددیندا.

نورەدین جابۆ:
سوپاس، بە داخێکی زۆر من بەهەموو ئاگایەوە ئەمویست وشەیەکی زیاتر وەربگرم، وەختێکی زۆرم لە دەست چوو، بۆئەوەی وشەیەکم لە دەست نەچێت؛ بەڵام سەبارەت بە تێڕوانینم بۆ کوردستانی سوریا، لەوانەیە من تێڕوانینی تایبەتی ترم هەبێت.

چاودێر:
پرسیارت نییە لەمامۆستا سەلاحوددین

نورەدین جابۆ:
نەخێر.

چاودێر:
پاش وەڵامەکانی مامۆستا سەلاحوددین، ئێمە دەزانین کە هەندێ باس هەیە پێویستە بەسەری بکەینەوە، هیواداریشین وەڵامی پێویست لەتۆ وەربگرین؛ سەبارەت بەو بابەتانەی کە ڕوون و ئاشکرا نین لە کوردستانی سوریا، پرسیاری یەکەممان ئەوەیە: گەلی کوردی لە سوریا چۆن پێشوازی لەو پێشکەوتنە دڵخۆشکەرانە دەکات کە بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ناونراوە.

نورەدین جابۆ:
سوپاستان دەکەم، هەرچەندە لەهاتنم بۆ کوردستانی عێراق درەنگ کەوتم، درەنگ کەوتنەکەش بەهۆکاری تایبەتی نەبوو، هێندەی بەهۆی ئەو بەزۆر نیشتەجێ کردنەوە بو بۆماوەی چوار ساڵ، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بەگفتوگۆو وەڵام دانەوەی شەفاف، بەردەوام هەوڵمداوە، لەوانەشە ئەمە دەرفەتی یەکەم بێت لەکوردستانی عێراق بۆم هەڵکەوتبێت؛ بەردەوام هەوڵمداوە ئەوە بەدەست بێنم کە بتوانم بەدەنگی بەرز بیر بکەمەوە، ئێستا خۆم دەبینمەوە لەناخی خۆمدا بەدەنگی بەرز بیر دەکەمەوە، ئەوەش لەو ڕۆژەوەیە هاتومەتە کوردستانی عێراق.

کاتێک دەڵێم (گەر بەو جۆرە نەبوایە) ئەوا دەمەوێت بچمە نێو خودو بنەمای بیرکردنەوەو ناوەڕۆکی بۆچوونەکانمانەوە، کاتێک ئێمە کوردستانی عێراق کەسایەتیم بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت، گەر بیرکردنەوەی مرۆڤ دەرئەنجامی بیرو ڕۆشنبیرییەکەی سەرچاوەی (ئەست) بێت، ئەوا پێکهاتەی ئەستی من و گەلی کورد، هەمان ئەو ڕوداوانەیە کە بە درێژایی مێژوو لە کوردستانی عێراق ڕوویانداوە.

سەبارەت بە پرۆژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن) لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلی کوردەوە پێشوازیی لێکرا، یا چاوەڕوان دەکرا، دەڵێم چاوەڕوان دەکرا، چونکە بەڕێزتان پێش ئەم چاوپێکەوتنە ڕایانگەیاند کە ڕای ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان دەکەوێتە پێش هەموو ڕایەک کە لەداهاتوودا دێتە پێش، تەنانەت پێش بۆچوونەکان دەکەوێت، هەندێک جاریش ئاسۆی فراوانیان بۆ ئاوەڵا دەکات، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان (جۆن ڕایت)ی ڕۆژنامەنوسی ئینگلیزە، لەوکاتەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران چوو، ئەفغانستان و ئەمریکاش ئەم داگیرکردنەی بەمەزن زانین و خۆشحاڵی خۆی ڕاگەیاند، جۆن ڕایت ڕایگەیاند کە: ئەم کارە یەکەمین بزمارێکە بۆ دروستکردنی تابووتی کۆمۆنیست، ئێوە لەمن باشتر ئاگادارن کە ڕاستەوخۆ لەپاش جەنگی کەنداو (جۆن ڕایت) ڕایگەیاند کە نەخشەی کوردستان لەژێر باڵیفەکەی جۆرج بۆشی باوکدایە.

چاودێر:
لێرەدا مەبەستی بەڕێزتان سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە (جۆن ڕایت) وەک ڕۆژنامەوانێک پێش ڕووداوەکان دەکەوێت.

نورەدین جابۆ:
دەتوانم بڵێم بەڕێزەی لە ٧٥ی قسەکانی بەڕێزتان تێگەشتوین، ئێمە لە ساڵەکانی ٧٣و ئائێستا، وەک دیدێکی نزیک باس دەکەین.. ڕۆچوونێک بۆ نێو مێژووی هەردوو جەنگە جیهانییەکە (یەکەم و دووەم) و دەرئەنجامەکانیان، نیشاندەرێکە بۆ ململانێی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا لەپێناو دەستەبەسەراگرتن و باڵادەستیان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەمبوونەوەی ڕۆڵی فەرەنساو بەریتانیا لەپاش جەنگی جیهانی دووەم و دەرکەوتنی زلهێزێکی وەک ئەمەریکا.

پێکەوە بەستنی ئەم بابەتە، بەباسەکەمانەوە، لەوەدایە کە ئایا گەلی کورد لەسوریا چۆن چاوەڕوانی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزنی دەکرد، کە ئەمە بۆ خۆی یەکێکە لەدەرکردەکانی پرۆژە سیاسییەکەی (کیسینجەر) و پلانەکانی، واتا سەرەتایی ١٩٧٠وە لەساڵی ١٩٧٣لەکتێبی (STEP BY STEP (هەنگاو بە هەنگاو) وە، بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە ئەرازووی هێزەکان دەبێت گۆڕانکاریان بەسەردا بێت، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەت پاش جەنگی تشرین (عەرەب –ئیسرائیل) وە ڕایگەیاند کە "ئێمە دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ گەشتن بەسەرچاوە نەوتیەکان، چ لەکەنداوی عەرەب، یاخود لەدەریای قەزوین"

ئەمە بۆ خۆی سەرەتایەکی ڕۆشنە لەسیاسەتەکانی کیسنجەر، وەک ڕەهەندی یەکەمی بۆ بۆچوون، ڕەهەندی دووەمی ئەم جۆرە بۆچوونانە لەکۆتایی سەدەی بیستەم یا ڕاستتر بڵێین کۆتایی (٩٠)ەکانە، ئەویش بەدەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی هەردوو وتاری (کۆتایی مێژوو و دوامەمین پیاو) و (ململانێی شارستانیەکان) کە وتاری دووەم لەنووسینی (سامویل هنتنگتون)ە و یەکەمیش نوسەری ئەمریکی (فرانسیسکۆ فۆکۆیاما)یە.

ئەمانەش کۆمەڵێک دەرکردەن کە هاوتای بۆچوونەکانی ئێمەن وەک کورد، لێرەوە دەردەکەوێت کەپرۆژەیەک هەیە، تەنها ناو نەبێت وەک پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن.

نورەدین جابۆ

چاودێر:
ببورە ئایا کام لەمانە: ڕۆشنبیرەکان، یاخود پارتە سیاسیەکان، ڕەیا هاوڕێیانی گەلی کورد دەتوانن ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرن و توانای پاراوکردنی ئەم ئاراتەیان هەیە.

نورەدین جابۆ:
پرسیارێکی بەجێیە.. یەکەم ڕۆشنبیران و، تەنها ڕۆشنبیران، چونکە بەدڵنیاییەوە، دەزانین پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێک پابەندە بەویستی ئەو کۆمەڵە، بۆ بەرەو پێشچوون، ئەمیش بۆ خۆی وشیاری دەخوازێت، وشیاریش ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیران. ڕۆشنبیرانی کوردیش سەرەنێزەی ئەم ئەرکەن.

لەماوەی ١٠بۆ ١٥ساڵدا ماوەی ژانی ڕۆشنبیران بوو دەرئەنجامیشی پاراوبوونیانە بەم (واقع)ەی ئێستا، هەرچەندە باروودۆخی سیاسی لەسوریا لەکۆمەڵی بچوک بچوکدا خۆی دەبینێتەوە، ژمارەیەکی زۆریش پارتی سیاسی هەیە، سەرەڕای ئەمەش، دەبینین کە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن چەسپاندنێکی نێوان ڕۆشنبیران و پارتەکانی دروست کردووە.

چاودێر:
ئەمە بەمانای گەر ڕۆشنبیران تەنها بەشێک بن لەم باروودۆخە، واتا شیکردنەوەو خوێندنەوەی داهاتووی حیزبیانە، ئەوا بوونەتە پێشینەی لەم مەسەلەیەدا.

نورەدین جابۆ:
بەڵێ ئەوان پێشەوا بوون و هەندێ جار ڕۆڵی دوو لایەنەیان هەبوو؛ یا بەپاڵپاڵی حیزبەکان یا بۆ ڕاکێشانیان بۆ هەندێک هەڵوێست ئەمەش بەهۆی کاریگەرییان لەنێوەندە میللییەکاندا، کەواتە پێشینەن لەم مەسەلەیەدا.

چاودێر:
ئایا شیکردنەوەو پرۆژە دروستەکانی پارتەکان بەشێوەیەکی گشتی چییە؟ کام حیزب لە حیزبەکانی کوردستانی سوریا، ئەم بارە دیاری دەکات یا وردتر بڵێین: هەڵوێستیان لەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی مەزن چۆنە؟

نورەدین جابۆ:
سەرەتا گەر مێژووی هەر حیزبێک، وەیا ناوی هەر حیزبێک و ئاراستەکەی دیاری بکەین، بەپێی پرۆگرامی ناوخۆی حیزبەکان، ئەوا لێرەدا ڕوداوێکم وەبیر دێتەوە: (لەڕۆژی نزیک بوونەوە) کاتێک قورئانیان لێ نزیک کردەوە وتی "ئەم قورئانەو ئەوەی عیسا هێناویەتی لەیەک جیاواز نایەن". ئەوا هەموو حیزبە کوردیەکانی سوریا لەیەک جیاواز هەڵدێن. وشەی (المشکاة) وەک من بزانم وشەیەکی عەرەبی نییە قورئانیش وەک دەزانین چەندەها وشەی نا عەرەبی وەک کوردی و فارسی و هیندی تێدایە. ئەمە بابەتێکی ترە، واتا دیدو پرۆگرامی حیزبە کوردیەکان زۆر لێک جوداو دور نین.، بۆ نمونە لە یەکێک لەئەندامانی حیزبێکی کوردیم پرسی لەبولگاریا: ئایا لەجیهاندا کام جۆری ئۆتۆمبێلتان پێ باشە؟ لەوەڵامدا وتی: لەجیهاندا دوو جۆر ئۆتۆمبێل هەیە، مارسیدس و مۆدێلەکانیتر، ئێمە ئێستا لەقۆناغێکداین ئەنانەت گەلو حیزبەکانیش کەپێیان وایە pkk و کۆمەڵی حیزبی تر هەن، لێرەوە کێشەکە دەستی پێکرد..

چاودێر:
واتە pkk بۆتە مارسدس یا ئاپۆی یەکەکە بۆتە مارسیدس؟ !!.

نورەدین جابۆ:
پێشتر مامۆستای بەڕێز سەلاحوددین باسی لەم مەسەلەیە کردووە، ڕەنگە پێگەی من لە سوریا وەک هەر تاکێکی سوری دەڵێم، بەداخێکی زۆرەوە کە ڕووداو و کارەسات و گەمەی گەلان و بەرەو پێشچوونی مێژوو، هەمیشە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم ناوچەیە هەبووە، ئەمەش لەڕێی ئەو حکومەتانەی باڵا دەستن لەپارچەکانی کوردستان.. ئێمە دەزانین کۆمەڵی ئەورووپی دەرەبەگایەتی بووەو گەشتۆتە سەرمایەداری..

نمونەیەکمان لەکوردستانی سوریە هەیە، ناوی (شێخ ئیبراهیم ئەفەندی) کەدەرچووی زانکۆ بووە کە نمونەیەکی کۆمەڵی کوردی بوو. لە سوریا کە شوێنەواری بەدرێژایی ٤٠ ساڵ مایەوە تا دەرکەوتنی PKK کە ئەمەش لێدانی دووەمی کۆمەڵە پاش شۆڕشەکەی مەجید شێخ ئیبراهیم ئەفەندی کە کۆمەڵی کەرت کردبوو. لەوانە PKK کۆمەڵی بەهەمان شێوە بەش نەکردبێت، وەک ئەوەی تورکیا پلانی بۆ دانا بوو، بەڵام کۆمەڵی سەرگەردان کردووە، چ لەئاستی پارتەکاندا، یاخود لەئاستی گەلی کوردا کەبەمانای وشە سەرگەردان و پارچە پارچە بووە..

چاودێر:
ئایا چاوەڕێ دەکەن پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی مەزن زیاترو زیاتر کاریگەری هەبێت لەسەر باروودۆخی کوردستانی سوریا، ئایا چاوەڕێ دەکەن لەبەرووبووی ئەم کاریگەرییە لە چەند ساڵێکی داهاتوودا بەهرەمەند بن؟

نورەدین جابۆ:
بەدڵنیاییەوە پرۆژەیەکی وەک ئەم پرۆژە مەزنە، ڕەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت، بەڵام لێرەدا من دەپرسم، ئایا ئێمە ئامادەییەکی لەم جۆرەمان تێدایە؟ زەمینەیەکی ڕەخساومان هەیە وەک کورد لە کوردستانی سوریا؟ ئێمە هەمیشە ئامادەیی دەردەبڕین زیاتر لەخۆشحاڵیمان، باشە دەبێت جیهان پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن پێشکەش بکا؟

من وای دەبینم ڕەنگە هەڵەش بم لەم بۆچوونەدا؛ ئێمە تا ئەوپەڕی توانا سود لەئازارەکانمان نابینین، بۆ نمونە: هەڵەبجە سوودێکی وەک فەلەستینیەکان بینیان لەسەبراو شاتیلا، لە هەڵەبجە وامان نەکردووە، بەشێوازێکی ڕاگەیاندن و لەکاتی گونجاودا ڕەنگە ئێستا وا هەست بکەین ڕەهەندێکی زیاترمان دابێت بەم مەسەلەیە. ئێمە ڕەهەندێکی دەوڵەتیانە دەدەینە ڕاگەیاندنمان بەمە دەگەینە وڵاتان ئەمەش کارێکی باشە.

هەرگیز لەبیری ناکەم کە لەجەرگەی کوردستاندام، کوردستانی عێراق ناوەڕۆکی کوردستانێکی مەزنە، پشت بەخوا دەربارەی ئەزموونی کوردستانی عێراق دەنووسم، کاتێک دەگەڕێمەوە سوریا. خۆشحاڵم بەئەندازەی عاشقێک کە دەگاتە خۆشەویستەکەی و ئەنجامی خۆشەویستییەکان منداڵێکەو زۆر بەتەنگییەوە دێت، چونکە بۆ یەکەم جارێتی بۆتە خاوەنی شت گەلێکی وەها ئازیزو خۆشەویست..

نورەدین جابۆ:
ئێمە تا ئەوپەڕی توانا سود لەئازارەکانمان نابینین، بۆ نمونە: هەڵەبجە سوودێکی وەک فەلەستینیەکان بینیان لەسەبراو شاتیلا، لەهەڵەبجە وامان نەکردووە

من خۆم بەمرۆڤێکی کوردی کوردستان دەزانم، هەر لەڕۆژی لەدایک بوونمەوە، پشتاو پشت هەر کورد بووم، بەڵام وەک هەستکردن بەوەی نیشتمانێکم هەبێت تەنها لەم (٥، ٦) ڕۆژەدا بووە، ئەمەش ڕاستیەکە تێیدا دەژیم و زۆریش بەتەنگیەوە دێم..

چاودێر:
لێرەدا کێشەیەکی گەورە لەئارادایە کە تایبەتە بەدەوڵەتە عەرەبییەکان، کاریگەریشی لەسەر کوردستانی سوریا زیاتر تا پارچەکانی تری کوردستان، ئەویش کێشەی فەلەستینە، مەسەلەی ئیسرائیل و کێشەی فەلەستین؛ لەڕاستیدا باز هەڵدانە بەسەر هەموو کێشەکانیتردا لە ناوچەکەدا، ئایا بە ڕای بەڕێزتان کاتی ئەوە نەهاتووە بە چاوێکی ترو ئەقڵیەتی دی سەیری کێشە سیاسیەکان بکرێتەوەو لە باڵا دەستی کێشەی فەلەستین ڕزگارمان بێت.

نورەدین جابۆ:
لەکۆتایی قسەکانت "بزوتنەوەی دیموکراتی نوێ"ت بەکارهێنا، بەڕاستی نایابە، ئەمڕۆ کێشەی فەلەستین لای زۆربەی بیریاران و فەرمانڕەواو سیاسیە عەرەبەکان بۆتە "کراسەکەی عوسمان" واتە بۆ تە قەوانێکی کۆن، ئاشکرایە کەئێمە بەهەزارەها فیداکاریمان پێشکەش بەو کێشەیە کردووەو خۆمان بەخت کردووە، لەو پێناوەدا، پێش ئەمەش بۆ کێشەی ڕزگارکردنی سوریا لەژێر دەستی داگیرکاری فەرەنسا. بۆ نمونە تا ئێستاش لەشاخی قاسیون (جبل قاسیون) پاشماوەی تانکێکی سوتاو هەیە لەسەری نووسراوە (شێخ دیار رشو الحرب) ئەم پیاوە کوردەکەی یەکەمین شەهیدی سوریە لەشۆڕشی فەلەستیندا.

کوڕێکیشی لە سوریا ئیعدام کراوە. ئەمەش مەسەلەیەکی دوور درێژە.. دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت ناڵێم دەبێ لەم کێشەیە دەرپەچین، بەڵکو پێویستە لەباڵادەستی ئەم مەسەلەیە ڕزگارمان بێت، لەو کوێرە ڕێیەی بە ناچاری ئێمەیان خستۆتە سەر، دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە چی دی سەرمان بەم مەسەلەیەوە پڕ نەکرێت. دەبا ئیتر مێشک بۆشی بەس بێت، ئێمەیان وەک کورد زۆر بەکێش کرد بۆ ناو ئەم مەسەلەیە، کوردەکانی سوریا زۆر زیاتر لە عەرەبەکانیان بەخشیە کێشەی فەلەستین، دەتوانم بە بەڵگەو ژمارەوە کۆمەڵێک ڕاستی بخەمەڕوو کە کوردەکان تا ساڵی ١٩٤٧(١٢٥٠) شەهیدیان پێشکەش کردووە. ناوەکانیش "لە ناوەندی ئێکۆشەرە دێرینەکانی حەلەب پارێزراون".

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئێمە چیمان دەست کەوت؟ چ شتێکمان بە دەستهێنا لەکێشەی فەلەستین؟ ئایا برایانی فەلەستینی چۆن ڕێزیان لە ئێمە نا؟ وەیا هەڵوێستی حکومەتی سوری چۆن بوو سەبارەت بە هاوکاریکردنمان لە کێشەی فەلەستین؟ من دەڵێم ئیتر با بەس بێت. . .

چاودێر:
لەقسەکانی بەڕێزتان بۆم دەردەکەوێت کە سەرەتایەک هەیە بۆ دەرکەوتنی ئەقڵیەتێکی نوێ بۆ ئاوێتە بوون بەتازەگەرییەکانی سەردەم، کێشەی فەلەستین بەراورد بە کێشەکانی تری سەردەم لە داکشاندایە، بەداخەوە ئەم کێشەیە ڕێگرێک بوو لە بەردەم ستراتیژییەکاندا، کە نەتوانێت پێ بەپێی کێشە ستراتیژییەکان کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی مەزن لەم سەردەمەدا، بچێتە پێشەوە. ئایا بەڕای بەڕێزتان ئەم مەسەلەیە نابێتە هۆی بەرەو پێشچوونی کێشەی کوردو بەپێچەوانەشەوە بۆ دواوە ڕۆشتنی کێشەی فەلەستین؟

نورەدین جابۆ:
سەیرکردنێکی مەسەلەکان یەکەمین هەنگاوە بۆ ڕوونکردنەوەی بەرچاوی خۆمان، یا بۆچوونەکەی بەڕێزتان بە بەکارهێنانتان بۆ (کشانەوەی ڕۆڵی کێشەی فەلەستین) کە ئەم پاشەکشەیە لە بۆشاییەوە نەهاتووە، چونکە کێشەی فەلەستین چەندەها جار هەڵی بۆ ڕەخساوە، بەتایبەت لە ٥٠ساڵی ڕابردودا، سەردەمانێک کە ئێمە منداڵ بووین و بەشداری ئەو خۆپیشاندانەمان دەکرد، کە حکومەتی سوری ڕێکی دەخستن، کە دروشمی (بروخێت بورقیبە)مان بەرز دەکردەوە، کە دەربارەی سنوری ١٩٤٨ڕایگەیاند بوو: "با ئەزموونی بەرلین دووبارە بکەینەوە، لێگەڕێن با عەرەب و جولەکە بەئاشتی لەفەلەستیندا بژین" ئەمە ئەو وشانە بوون کە سەرۆک بورقەیبە تەنها بەوشە دەریبڕیبوو، ئێمە بەدروشمی (بروخێت بورقەیبە) لە خۆپیشاندانەکانمان وەڵاممان دایەوە. ئەمڕۆ گەر بەراوردێک لەنێوان وتەکانی بورقەیبەو باروودۆخی ئێستا بکەین، ئایا هەڵێکی وا دووبارە دەبێتەوە؟ ئەوەتا ئەمڕۆ ڕازین بەسنوری ٢٠٠٤وەک چۆن قەزافی دەڵێت "کار بەدەستان و فەرمانڕەوایانی عەرەب ئامادە دەبن پێی ئیسرائیلەکان ماچ بکەن و بەسنوری ٢٠٠٢ڕازی بین.

ئێمە لەگەڵ قەزافی دووەم چاوپێکەوتنمان بوو، قسەمان دەربارەی کێشەی کورد کردووە، ئەو مرۆڤێک بوو ڕووبەڕووی ڕۆژنامەوانان ڕای خۆ زۆر ڕاشکاوانە دەربڕی، ڕاستیەکی ڕاگەیاند، (من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو ڕۆژنامەوانانە) "ئایا کوردەکان کە هەمیشە سەرەنێزەی جەنگە زۆرەکانی ئیسلام بوون، چییان پێ براوە، ئەم کوردانە کەوتونەتە قوڵایی ستراتیژی نیشتمانی عەرەب، هەمیشە بەربەستێکی پتەو بوون لەبەردەم داگیرکاری ئەتەرو مەغۆلەکان... (گەر سەیری کتێبەکەی بکەین ئەو کوردەکان بەهەتیوو بێ باوک ناوزەد دەکات..) بەڵێ من بەهیچ جۆرێک سەرزەنشتیان ناکەم کە دەست بۆ هەر کەسێک درێژ بکەن ئەمە مافێکی خۆیانە کە لەسەر زێدی خۆیان هەموو مافێکیان هەبێت... "

بەڵێ تەنانەت ڕۆژنامەی (الرأی)ی کوێتی چەند جارێک پاشەکشەی کێشەی فەلەستینی کردۆتە مانشێت، لەلایەکی ترەوە، دەڵێم: بەڵێ سنوردارکردنی کێشەی فەلەستین لەڕووی گرنگیی لەناوچەکەو جیهاندا هەروا گۆڕانی کێشەی کورد وەک مەسەلەی پلە یەکی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ چەند لایەنێک.. بەوتەیەکی گۆگۆل لایەنێک لەم هۆیانەت بۆ ڕوون دەکەمەوە کە دەڵێ:–

"گەر دەتەوێت پێشکەوتنی شارستانێتی هەر گەلێک بزانیت، ئەوا لەئەدەب و هونەری ئەو گەلەدا هەستی پێ دەکەیت." ئەم مەسەلەیەش لەم دوو ساڵەی دوایدا بەڕوون و ئاشکرا گوزارشت لەخۆ دەکات.

چاودێر:
لێرەدا بوار بەمامۆستا سەلاحوددین دەدەین گەر تێبینیکی لەسەر بۆچوونەکانی بەڕێزت هەبێت با بفەرموێت:

وەڵڵا مامۆستا نورەدین زۆر شتی باشی گوت، یەکێکیان ئەوەیە کەئێمە لەڕەنجو ئازارەکانی خۆمان ئەوندەی پێویستە کەڵکمان وەرنەگرتووە،

نورەدین جابۆ:
ئێمەیان وەک کورد زۆر کێش کرد بۆ ناو ئەم مەسەلەیە، کوردەکانی سوریا زۆر زیاتر لە عەرەبەکانیان بەخشیە کێشەی فەلەستین، دەتوانم بە بەڵگەوە کۆمەڵێک ڕاستی بخەمەڕوو کە کوردەکان تا ساڵی ١٩٤٧(١٢٥٠) شەهیدیان پێشکەش کردووە.

بەشێک لەژیانی بەڕێز نورەدین جابۆ

* ساڵی ١٩٥٦لەگوندی (یازی باغ) لەقەزای عفرینی کوردستانی سوریا هاتۆتە دنیاوە
* قۆناغی سەرەتایی لەباشوری سوریا لەدیمەشق و قەنتیرەو قەتیفە، تەواوکردووە.
* قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی و پەیمانگای (دار الالسن بەشی زمانی تورکی) لەحەلەب تەواو کردووەو بڕوانامەی لەچارەسەری فیزیایدا بەدەست هێناوە.
* لەسەرەتادا بەرهەمە شیعریەکانی لەگۆڤاری فتوریمای لوبنانیدا بڵاوکردۆتەوە.
* نوسینەکانی لەڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە عەرەبییەکانی وڵاتانی عەرەب و ئەورپادا بڵاوکردۆتەوە.
* پێشکەشکاری بەرنامە بووە لەرادیۆی سوری و پێشکەشکاری بەرنامە بووە لەکەنالی فەزایی لیبی (الجماهیریە).
* پەیوەندی کردووە بە (پارتی دیموکراتی کورد – سوریا)، خەباتی تیا کردووە تا گەیشتۆتە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، پاشتر وازی لە کارکردن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە هێناوە.
* لە پارتی (یەکێتی گەلدا) کاری کردووە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨.
* چوار جار لەلایەن حکومەتی سوریەوە زیندانی کراوە.

بەقـــازانجی بـــزووتنەوە نەتەوایـــەتیمانو مەسەلەکەشی هێناوەوە کەئێمە ئەوەندەمان قازانج نەکردووە وەکو عەرەب لە سەیراو شاتێلا، لە کوشتارەکەی خۆیان ئیستفادەیان کرد بۆ بەرزکردنەوە، من دەڵێم میسالێکی دیکەش هەیە ئەوەندەمان قازانج نەکرد، وەکو بەهودییەکان لەکوشتاری نازییەکان کەڵکیان وەرگرتو دەوڵەتی خۆیانیان پێدروست کرد، لەهۆلۆکۆست ئەمە یەك، چونکە ئەوان گەیشتن بەئەنجامو دەوڵەتیان پێدروست کرد، دووەم: زۆر مەسـەلەیەکی گرنگ کە چاودێر ووروژاندیەو مامۆستا نورەدینیش باشی جواب دایەوە، کاتی ئەوە هاتووە کەمەسەلەی فەلەستین لەمەسەلەی سەرەکیو میحوەریو ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەلا بنرێتو مەسەلەیەکی گرنگترو گەورەتر کەمەسەلەی کوردە جێگەی بگرێتەوە لەسیاسەتی جیهانیدا، بۆ چارەسەرکردن چونکە مەسەلەی فەلەستین مەسەلەی چوار یا پێنج یا شەش ملیۆن فەلەستینیە، مەسەلەی کورد سی ملیۆن کوردە، ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە کەپەندە بەوەی کەسیاسەتەکانمان چۆن بێت، هوێدی فەرمووبەتی بەرامبەر بەدەوری کورد بووین بەهەتیوو موسولمان شناوی ووشوبەتی لەراستیدا هەموو میللەتانی تر ئیسلامیان هێنا هەر کام بەجۆرێك کەڵکیان وەرگرت لەئیسلام، عەرەب خۆی لەدەرەجەی یەکەمدایە، کەهەر هاتنی ئیسلام پرۆژەیەك بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبیوو بۆ بەرزکردنەوەو سەرخستنی ناسیۆنالیستی عەرەبی و، بەئەنجامیشی گەیاند، دوو فارس کردنیان بە هێنانی شیعە، سێ تورك کردی بەهێنانی خەلافەتی عوسمانی ، چوار میللەتەکانی دیکە کردیان تەنانەت عەرەب لەئەندەلوسیو شمال ئەوروپا، تەنانەت میللەتەکانی شەرقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی یەعنی ئاسیای مەرکەزیو میانەش کەڵکی خۆیان لێوەرگرت، ئەفغانستانو پاکستان دەوڵەتیان پێدانا، پاکستان هەر ئاوا جیابۆوە لەسەر ئەساسی دین، هەموو ئەو میللەتانە کەڵکیان وەرگرتووە لەئیسلام، کورد نەبێتو ئێستا وەختی ئەوە هاتووە بیر لەوە بکەینەوە تاکەی ئێمە خۆمان ناچارکەین پشتیوانیکردن لەپرۆسەیەك کەکەلکی تێدا نییە بۆئێمە، بـــا مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لەمەسەلەی دین جیابکەینەوە، ئەوەیە مەعنای ڕەتکردنەوەی دین نییە، با ئەم پەیوەندیە بپسێنین، پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کوردستان بەجۆرێتەوە بڵێ دەبێت دین لەدەوڵەت جیا بێتەوە، لەو کاتەدایە کەئیتر ئێمە بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان بۆمان دیاری دەکات دەبێت لەگەڵ کێ ڕێکبکەوینو لەگەڵ کێ ڕێك نەکەوین، نەك کۆنفرانسی دەوڵەتانی ئیسلامیو کۆنفرانسی دەوڵەتانی عەرەبی، ئێمە خۆمان نابەستینەوە بەهیچ کام لەو ئینتمایانەوە، ئیلا یەك ئینتما نەبێت، ئەویش بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کوردە.

چاودێر:
ئێینە سەر مەسەلەیەکی تر کە گرنگو پەیوەندیدارە بەم باسەوە، ئەویش سیاسەتی PKK یە، بەڕێزتان جەختتان لەسەر ئەوە کرد کە سیاسەتی PKK پرۆژەی دووەم بوو بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی وشیاریو ئاگایی کورد. ئایا ئایدۆلۆژیای PKK و کاریگەرییان لەسەر باروودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەکوردستانی سوریا، هەر بەزیان بەخش دادەنرێت بەڕای بەڕێزتان؟

نورەدین جابو:
ڕەنگە ڕەشبینی بێت گەر بڵێم ئەم کاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەچارەکە سەدەیەك، کە ئەمەش ڕۆڵی ڕۆشنبیرانو حیزبە کوردییەکان بووە لەبنیات نانو تۆژەنکردنەوەی کاریگەرەیکانی PKK لەسەر پێکهاتەی خێزانو کۆمەڵەو وشیاری سیاسیو کاری حیزبەکان.. هەر بەو جۆرەش دەمێنێتەوە گەر ڕۆشنبیرانو حیزبەکان لەپرۆسەی ساڕێژکردنی ئەم برینەدا نەبێت، ئەوا درێژە بەم کاریگەرییە دەدرێتو هەمان پلانێك بۆ شێخ ئیبراهیم دانرابوو، بۆچوونە ناوچەکەو پارچەکردنی کۆمەڵ دووبارە دەبێتەوە..
من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم PKK ڕێگەی پلانی دووەمە، سوپاس بۆ خوا ڕۆژانە لێدانی کوشندەتریان بەردەکەوێت، ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین کە چۆن داگیرکەرانو دوژمنانی کوردستان جیاوازیان ئاراەی ململانێو کوشتن تێدایەو کەچی لەبەرامبەر کێشەی کورد کۆکنو تەبان.
دووبارەی دەکەمەوە گەر ڕۆشنبیرانو ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان یەك ئاراستە نەبن لەدژی سیاسەتی چەوتو نابەجێی سیاسەتی PKK ئەوا کەریگەری ئەم سیاسەتە ئاڕەوایە لەسەر خێزانو کۆمەڵگەی کوردی بۆ ١٥ساڵی دیکە درێژە دەکێشێت.

چاودێر:
بەڕێزتان ببەخشن لەم حاڵەدا هاوڕا نیمو جیاوازم چونکە: کاتێك PKK هاتە کوردستان، باروودۆخێکی سیاسی بابەتیانە لەئارادا نەبوو لەکوردستانی سوریا ئامادەیی وەرگرتنی بۆچوونە سیاسییەکانی PKKی بۆ ئەرەخسا بوو، وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی کە بەهۆیەوە هەندێك لە ئامانجو هیواکانی خۆیانی پێوە ببەستن، بەڵکو PKK هەستو خرۆشی لاوانی سوریای قۆستەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە حکومەتی سوری ئاسانکاری بۆ دەکردنو تەنانەت ئەرکەی دەبوونە چەکدار لای PKK لەخزمەتی سەربازی دەبەخشران، بۆیە دەڵێم لەماوەیەکی ئێجگار کەمدا کاریگەرێتی سیاسـەتی PKK لەناو دەچێتو ئەوبەری درێژەکێشانی ٢بۆ ٣ساڵ دەبێتو لەناو دەچێت، دەزانن بۆ؟ چونکە ئێستا بەدیلی بابەتیو واقیعیانە لەئارادایە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەکوردستانی سوریا، ئەرکاتەی PKK هاتو کاریگەری بوو، هیچ هێزێکی بابەتیو واقعی لەگۆڕەپانەکەدا نەبوو، بەڵکو چەند حیزبێك بەهۆی چۆڵی گۆڕەپانی سیاسییەوە لەئارادا بوون، ئێستا ئەم واقع بینیو بابەتیە لەخودی کوردی سوریادا ئاوێتە بووە، بۆیە وای دەبینم گۆڕەپانی PKK دەبێتە مەردایەکی بەر تەسلو کەم.

نورەدین جابو:
بەدڵنیاییەوە جیاوازی لەم حاڵەدا نابێتە مایەی کەمکردنەوەی بۆچوونەکانم لەم کێشەیەدا..

چاودێر:
نەخێر.. نا..

نورەدین جابو:
بەڕێزتان دەفەرموون لەم حاڵەدا جیاوازن، ئەویش سەبارەت بەحکومەتی سوریایە لەساتەوەختی هاتنی PKK لەتورکیاوە، قۆستنی هەل بۆشایی سیاسی ئەو سەردەمە کە لەنێوان ڕیزەکانی پارتە کوردییەکانو گەل کوردا هەبووە، هەروەها کارکردنیان لەسەر گەنجو لاوانی کورد، بەڕێزتان دەڵێن حکومەتی سوریا یارمەتی دەری PKK بووە، باشە خۆ پێشتر حکومەتی سوریا یارمەتی شێخ ئیبراهیمی نەدابوو؟!! ئەمە لەلایەك من وتم کە شێخ ئیبراهیم دەرچووی زانکۆیەکی ئەمریکی بووەو پەیوەندی بەشێخایەتییەوە نەبوو. بەڵکو بۆ پیادەکردنی سیاسەتێك ئاینی کردبووە هۆیەك، بۆچ دەبێت شوێنەوار کاریگەری لەسەر کۆمەڵ بمێنێتەوە لەگەڵ بوونی ئەو پێشکەوتنە مەزنەی تەکنۆلۆجیـــا و زانست لـــە بوارە جیاوازەکاندا،

ئاو، یۆرانیۆمو زەوییە بەپیتو دەوڵەمەندەکانی و، سەبارەت بەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی مەزنو دەوڵەتە داگیرکەرانی زەوییەکانی کوردستان، کە چەندەها سەرچاوەو کانگاو زەوی بەپیتو بەکارنەهێنراو لەخۆ دەگرێت، لەم ناوچەیەدا پارچە زەوی دەبینرێت کە بۆ ماوەی ٤٠ساڵ بوار بەمرۆڤی کورد نەدراوە بەکاری بهێنێت، کە دەبوایە ئەم زەویانە وەبەر بهێنرایە بەشێوەی پێویست سودیان لێوەربگیرێت، هەروەها ئاوێکی زۆر لەناوچەکەماندا هەیە.
پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزنیش هیچ لە کـــاریگـــەرێتی کـــەم ناکات، گەر لەبنەڕەتدا

٧٥ی بەرهەمی نیشتمانیم لەپێناو بەرگریدایە، چونکە مرۆڤی ئێستا مرۆڤێکی وشیارەو درك بەڕووداوەکان دەکات.
سەبارەت بەسوریا گەر چاوێك بەسیاسەتەکانیدا نەخشێنێتەوە بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەت هەڵوێستی لەکێشەی کوردو ڕووداو و ئەو کارانەی لەم دوایانە بەرپابوون بەتایبەت کەوتنی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا لەعێراق، ئەوا دەبێتە گەورەترین زەرەرمەندو باروودۆخەکە دەتەقێتەوە. دەبێت تاکەی کوردەکانی سوریا فشار لەخۆیان بکەن وەك لە ی١٢ ئازار لەژێر فشارێکی زۆردا تواتیان دان بەخۆدا بگرن؟ لەلایەکی ترەوە، نەك

سەلاحوددینی موهتەدی

نورەدین جابۆ:
ئێستا بێ دەستێوەردانی هیچ لایەنێك ئەمڕۆ بەدەیەها (بەژمارە لای خۆم دەیپارێزم) لەڕیزەكانی PKK هەڵدێنو دەگەڕێنەوە سوریا، بەتایبەت ئەوانەی لە عێراق بوونو بەچاوی خۆیان بۆیان دەركەوت كە سەركردەكانی PKK بانگهێشتی چیان دەكردو ڕاستیەكە چۆن بووە.

هەرچەند لێکچوونێکی دوورە، بەڵام بۆ کاریگەرێتی هێرۆشیماو ناکازاکی پاش بۆمبە ئەتۆمیەکە هەر دەمێنێتەوە، چونکە دەچێتە بۆماوە جینیەکان..
من دەڵێم کاریگەرێتی ئەم سیاسەتە بۆ دە پانزە سالیتر دەمێنێتەوە، گەر هەوڵو کۆششی ڕۆشنبیرانو پارتەکان کار لەسەر ئەم پرۆژەیە نەکەن، سەبارەت بە باروودۆخی بابەتیانە وەك مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی مەزن، من دەڵێم پێش پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی مەزنو باروودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق، گرنگترین ڕێگە چارەن بۆ تۆژەن کردنەوە، ساڕێژکردنی برینەکان بۆ چوارێیەکی مەسەلەکان.
ئێستا بێ دەستێوەردانی هیچ لایەنێك ئەمڕۆ بەدەیەها (من بەژمارە لای خۆم دەیپارێزم) لەڕیزەکانی PKK هەڵدێنو دەگەڕێنەوە سوریا، بەتایبەت ئەوانەی لە عێراق بوونو بەچاوی خۆیان بۆیان دەرکەوت کە سەرکردەکانی PKK بانگهێشتی چیان دەکردو ڕاستیەکە چۆن بووە، هەروەها پاش بینینی ئەو لێکترازانو جیابوونەوە زۆرانەی ڕوویاندا، گواستنەوەی ئەو وێنەیەی لە کوردستانی عێراق ڕوودەدات بۆ کۆمەڵەکەمان، ئەمانە بوونە هۆی ئێجگار کورتکردنەوەی مەوداکان، ژمارەی ئەو کەسانەش بە دەیان بگرە بەسەدان دەبێت کە ئەمەش بۆ خۆی مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە.
بۆیە من دەڵێم ١٠بۆ ١٥ساڵ گەر پشت بە باروودۆخی بابەتیانە ببەستین، واتە گەر ڕۆشنبیرانو پارتە کوردییەکان لەم بوارەدا هەوڵو جوڵەی جدی نەکەن.

چاودێر:
بە نەخشەی (زومێکی) سەرچاوەی ئابوورایانە دابنرێت، لەڕووبەکەوە، لەلایەکی ترەوە چوار پارچەکەی کوردستان پێشبڕکێو ملاملانێیەکی نێوان ئەوروپاو ئەمەریکای لەسەرە، بۆیە کاریگەرێتی ئەم ململانێیە هاوسەنگە.

چاودێر:
لـــە بۆچوونێکی سیاسیو جیۆپۆلۆتیکیو ئابوورییانەوە، مەسەلەی ئێرانیش گرنگە بۆ لێدانی ئەم وڵاتە لەلایەن ڕۆژئاواوە، گرنگترە لەسوریا لەهەموو ڕووبەکەوە، بەتایبەت بۆ ئەمریکا، کە بەدوای هەموو کەناڵەکانی دەگەڕێت، کاریگەرێتی لەسەر ئێران هەبێت و، گەورەترینو لەبارترین کەناڵیش کوردستانی ئێرانە، کە ئەمەش لەڕاستیدا ئامادەیەکی بابەتیانەیەو خاڵی سەرەتایە.

نورەدین جابو:
کەواتە بەجۆرێکی باش نەك خراپ کاریگەرێتی دەبێت!!

چاودێر:
بەدڵنیاییەوە باشە، پێش کوردستانی سوریا دەکەوێت.

نورەدین جابو:
بەڵێ لەمەیاندا هاوڕام، من وا تێگەشتم کە کاریگەرێتی خراپت مەبەست بووبێت.

چاودێر:
نا، نا

نورەدین جابو:
بەڵێ بەباشی سەرەتا کوردستانی ئێرانو پاشان کوردستانی تورکیا زیاتر لەکوردستانی سوریا بەدڵنیاییەوە.

چاودێر:
تەنها کوردەکان بەڵکو چەندەها بنەماڵەی دێرین بەدرێژایی وڵاتی سوریا لەگەڵ هەڵوێستی کوردەکان بوون، دەبێت چی ڕوودات گەر باروودۆخەکە لەدەست دەربچێت؟
لەپاش فشاری ئەمریکا لەسەر سوریا ئەمە ڕووداوێکی ڕاستە کە گۆڕانکاری لەمەنهەجی خوێندنی قوتابخانەکان کراوە، بۆ نمونە جلە خاکیەکانمان گۆڕیوە کە لەسەربازی دەچوو، بڕیاری دوو ڕۆژ پشوو دراوەو لابردنی کۆمەڵە بابەتێکی پەروەردەی ئیسلامیو پەروەردەی سەربازی لەمەنهەج دەرهێنراوە، پەروەردەی نەتەوایەتی و هاندان بۆ کوشتار دوور خراوەتەوە.. لابردنی ئەمانەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە بۆچ حکومەتی سوری بڕیاری لەسەر داوە، بەدڵنیایی لەڕێی فشاری ئەمەریکا ئەم کارانە ئەنجام دراون.
دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت کە دەرەنجامی تەقینەوەی باروودۆخ لەسوریا چۆن دەبێت؟ دەرەنجامی ئەم ڕووداوە ئاشکرایە بۆ هەموو گەلانی سوری چونکە جیاوازی دەرەنجام دەبێت، بەراورد بەعێراق، کەوتنی حیزبی بەعس لەسوریا، وەك کەوتنی حیزبی بەعسی عێراق نابێتو هەمان کاریگەرێتی جێ ناهێڵێت..

چاودێر:
هەمان دەرەنجامی نابێت؟!!

نورەدین جابو:
نەخێر، بەڵکو ڕەهەندی جیاوازی دەبێت، چونکە باروودۆخی ئەمنی لەعێراق جیاوازە لەهەمان باروودۆخی سوری، لەعێراق دوو نەتەوەی خاوەن قـــەبـــارەو گـــەورە کـــوردو عەرەبن، هەروەها

نورەدین جابۆ:
ئایا گەلی كورد لەسوریا چۆن چاوەڕوانی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە دەكرد، كە ئەمە یەكێكە لەپرۆژە سیاسیەكەی (كیسنجەر)، سەرەتای ١٩٧٠وە لەساڵی ١٩٧٣لەكتێبی (هەنگاو بە هەنگاو) ڕاشكاوانە باس لەوە دەكات كە تەرازووی هێزەكان دەبێت گۆڕانكاریان بەسەردا بێت..

باشە هیچ جوڵەیەکیان دەست پێ نەکردبوو؟!!

نورەدین جابو:
لەبنەڕەتدا دەست بەم جوڵەیە کراوە، بەڵام ڕۆڵی کاریگەریان بەشێوەیەکی خێراتر لەباروودۆخی بابەتیانە دێتە بەرهەم، ئەوەی لە کوردستانی عێراق ڕوودەدات، هەنگاوی بە پەلەتری ئەم مەسەلەیە دەنێت.

چاودێر:
بەشێوەیەکی وردتر بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکەمان، کەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی مەزنە، ئەگەری وا بوونی هەیە کە کاریگەرێتی ئەم پرۆژەیە لەسەر کوردستانی ئێران پێش کاریگەرێتی لەسەر کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا دەربکەوێت، چەندەها شیکردنەوەو لێکدانەوەو چەندەها ئەگەر لەئارادایە، ئایا بەڕێزتان ئەم ئەگەرانە بەچاوەڕوانکراو دادەنێن؟

نورەدین جابو:
بەڵێ ئەم ئەگەرانە چاوەڕوانکراون، جەنگەکانی داهاتوو، جەنگی نەوت نابن، بەڵکو جەنگن لەپێناو

باشە لێرەدا پرسیارێکیتر دێتە پێش: ئەمەریکا سوریای خستۆتە ژێر گوشار زیاتر لەئێرانو تورکیا.. ئایا ئەوە دەبێتە مایەی ئەگەری تەقینەوەی باروودۆخەکە لەکوردستانی سوریا، یاخود کارتێکردنی باروودۆخی کوردستانی سوریا لەگەڵ تازەگەرییەکانی باروودۆخی جیهان، لەپێش کوردستانی ئێرانو تورکیا، یا لەحاڵەتی تەقینەوەی دژایەتییەکانی نێوان سوریاو ئەمەریکا، دەشزانن کە ئیسرائیل ڕۆڵێکی گەورەی هاندانی لەم مەسەلەیەدا هەیە؟

نورەدین جابو:
بەحوکمی ئەوەی سوریا یەکێکە لەهاوسنوورانی ئیسرائیل، لێرەوە گرنگی سوریا بەراورد بەئێران دەردەکەوێت، ئەمە لەلایەك باشە، لۆژیك ئەوە ناسەلمێنێت کە هیچ پاساوێك بۆ بەڵگەو بەهانەکانی سوریا نەماوەتەوە، بۆ پشت بەستن بەدوژمنایەتی کردنی ئیسرائیل؟ پاڵپشتی کردنی لوبنان لەم قۆناغەی ئێستادا، ئەمانە هەموو بەڵگەی لاوازن گەر بڵێت من کار لەسەر هاوسەنگی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکەم، یا بڵێت لە

تورکمانو ئەرمەنو کۆمەڵێك تایفەو نەتەوەیی و دینی هەیە، ڕەنگە لەم ڕووەوە لێك چون هەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتوانین بەهەمان پێوەر زوڵمو ستەمی ڕژێمی بەعسی عێراق بەکردەوەکانی بەعسی سوریا بپێوین. لەعێراق باروودۆخەکە گەیشتبووە پلەی بێ بەست، بەڵام لەسوریا باروودۆخەکە جیاوازترە، چونکە بەچاوی خۆیان بنییان کە چۆن بەیەکەری سەدام هێنرایە خوارەوە وکاول کرا، ئەمەش بۆ خۆی ئامۆژگارییەکی باشە بۆ فەرمانڕەواکان ئەو گۆڕانکاریانە لەبۆشاییەوە نەهاتوون.

چاودێر:
بەڕێزتان وای بۆ ناچن بوونی قەناعەتی لاوو نوێخوازیانەی سەرەك کۆمار کە تەمەنی تێکەڵ بەتازەگەریو پێشکەوتنی وەدیهاتوو هەیە، زیاتر لەتێکەڵ بوونی سەرۆك حافزی باوك؟

نورەدین جابو:
بەڵێ وەك وتم لەتوانادا نییە بەراوردی بەعسی عێراقو حکومەتەکەی بە بەعسی سوریاو حکومەتی سوریا بکەین، چونکە ئاشـــکرایـــە

جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەم دوو باڵەی بەعس وەك ڕاستڕەو چەپ ڕەو هەیە، بەپلەیەك، بۆ نمونە خودی خۆمو بەڕێز مامۆستا (محەمەد)یش ئاگادارە لەپاسپۆرتو مۆڵەتی هاتوچۆکانمان زیاتر لەماوەی (٢٠) ساڵ ئەم دەستەواژەیە دەنوسرا: "بۆ هەموو وڵاتانی جیهان جگە لەعێراق."!!

چاودێر:
لەعێراق دەنووسرا هەموو وڵاتانی دنیا جگە ئیسرائیلو سووریا.

نورەدین جابو:
لای ئێمە ئیسرائیل نەبوو، تەنها دژی عێراق بوون، بەڵێ ئەمە ڕاستیەکی ڕووداو ئاکتۆکیەکی فکریانەی ئەم دوو باڵەی بەعس دەردەخات..
دوا دەرئەنجام لەتوانادا نییە بەراوردی سەدام حسێن بەحافز ئەسەد بکرێت، هەروەها ناتوانین ڕۆڵی سەرۆك بەشار ئەسەد وەك ئەوەی دەرچووی کام زانکۆیەو ئەوەی سەردەمی جیهانگیرییە و لەبنەڕەتدا خاوەن حەزو ئارەزووی نوێیە، بەڵام لەدەوروبەریدا ئەقلیەتێکی دواکەوتوی ڕێگر هەیە کە بوونەتە هۆی سنووردارکردنی ئەم ئارەزووە نوێخوازانە، گرنگترینیان مەسەلەی کورد، وەك بینیمان هەڵوێستی عەبدوڵڵا ئەحمەر و فاروق ئەلشەرع، هەمان هەڵوێستی سەرۆك بەشار نەبوو، سەبارەت بەڕووداوەکانی قامیشلی..

چاودێر:
ئایا بەڕێزتان چاوەڕوانی هیچ چاکسازیەك دەکەن سەبارەت بەکوردی سوریا؟

نورەدین جابو:
نەك چاوەڕوان بوون، بەڵکو هەر دەبێ ئەم چاکسازیە ڕووبدات، جا بەهۆی باروودۆخی بابەتیانەوە بێت یا ڕووداوەکانی عێراقو ناوچەکەو جیهانو پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزنەوە بێت.. هەروەها لەڕێی ئەو فشارە زۆرەی ئەمریکا لەسەر سوریا دەیکات.

چاودێر:
ئێمە زانیومانە پرۆژەی هەندێ لەچاکسازییەکان سەبارەت بەکوردی سوریا لەئارادا بووە، وەك پێدانی ڕەگەز نامەی سوری، بەڵام ئەم بڕیارانە ڕاگیرانو جێبەجێ نەکران، بەهۆی بوونی جموجوڵێکی دەرەکیانەو ڕەخنەی فشار ئامێز لەسەر هەندێ لەکونسولگەری وڵاتی سوریا، ئایا بەڕێزتان وا دەبینن کە ئەم ڕاگرتنو وەستانی بڕیارانە بۆ چاکسازی ئەم هۆیە بێت؟!

نورەدین جابو:
بەبۆچوونی من، هۆی دواکەوتنی ئەم بڕیارانە، کەپەیمانێکی سەرەك کۆمار بوون، بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لەچەند کەناڵێکەوە ڕایگەیاندبوو، بۆ یەکەمین جار حکومەتی سوریاش دواکەوت لەبەجێهێنانی لەوەی دان بەبوونی کوردا بنرێت و، دابنرێن بە بەشێکی خۆشەویست وەك هەنگاوی پراکتیکیش باس لەبەخشینی ناسنامە بۆ ٣٠٠٠٠٠ مرۆڤی بێ بەش لەم مافە کراوە، لەپاسای پارتەکان لە ساڵی ٦٢وە ٥٠٠٠٠٠کەسن وە بابەتی (الحزام العربي) پشتێنەی عەرەبیو گێڕانەوە موڵكو ماڵو گوندنشینە کوردەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، هەنگاوێکی پراکتیکیانەی هەنوکەییە، بەڵام بەجێنەهێنانی ئەم هەنگاوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، نیازێکی سەرۆك بەشار ئەسەد، بەڵام عەقلیەتی چەقبەستوو لە دەوروبەری سەرۆك بەشار ڕێگرە لەم کارە، وەك الگیب ئیزیتی دەڵێت "سەرەتا سەرۆك بەشار ڕزگار بکەن پاشان سوریا، ڕزگار بکەن لەم ئەقلیەتە بێگەنەی دەوریان داوە".
بەهەر حال سوریا نیشتمانمانەو هەرواش دەمێنێتەوە، من بۆ خۆم باپیرم چاوی لەدەست داوە لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری فەرەنسی لەسوریا، باوکم لەجەنگی (٦٧) دا شەهید بووەو خۆم هەڵگری نیشانەی ئازایەتی پلە یەکم، کەوەزیری بەرگری سوریا پێی بەخشیوم.. بەڵێ یەکێك لەهۆکان ئەو جۆرە ئەقلیەتانەیە کەبۆم باسکردیت..
با ئێستا بگەڕێینەوە سەر ناوەڕۆکی پرسیارەکەت، دەڵێین بڕیارەکانو دان پیانانەکانی سەرۆك بەشارو پەیمانەکانی ڕێگری سەرەکیان ئەو ئەقلیەتانە بوو، کە باسکرا، بەڵام مەسەلەی فشاری دەرەکیو ئەوروپی پێ دەچێت هۆیەکی لاوەکیو دووەمی بێت لەم مەسەلەیە.. من دەزانم گەورەیی مەترسی ڕاستەوخۆی ئەو ئەقلیەتانە چەندە..

چاودێر:
جگە لەپارتەکانو ڕۆشنبیرانی کوردی سوریا، ئایا هیچ هێزێکیتر لەئارادایە وەك ڕێکخراوە مەدەنیەکان، کە لەتوانایاندا هەبێت ئەو باروودۆخە نوێیە لەخۆبگرنو هەست بەبوونی ئەو گۆڕانکارییە گەورەو چاوەڕوانکراوەدا بکەن کەسوریاش لەخۆ دەگرێت..؟

نورەدین جابو:
پرسیارێکی بەجێیە، بەڵێ چەندەها کەسایەتی سوری هەن درك بەو مەسەلەیە دەکەنو هەندێك نیمچە ڕێکخراویش هەن "دەڵێم نیمچە ڕێکخراو" چونکە هەر لەسەرەتایی سەرهەڵدانیان لەم ماوەیەی دواییدا، لـــە باریران لەلایەن ئەو ئەقلیەتانەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد..
ئەم ڕێکخراوە مەدەنیانە چەند هەنگاوێکی شەرمنانەو ساکاریان ناوە لەم بارەیەوە و دەنگی خەڵکیان گەیاندە دەرەوەی بزوتنەوەی کوردی. هەروەها ڕۆشنبیری وشیار و بەئاگا لەسوریا هەن، کەخوێندنەوەیەکی واقعیان هەیە بۆ باروودۆخی ئێستاو دوارۆژ بەچارەساز دەزانن، زەمینەیەکی ڕەخساو لەئارادا بوو بۆ کۆمەڵی مەدەنی کە ببێتە گرۆیەبانێك بۆ چالاکیەکانی

بۆ ل (١٥)

گێڕانەوەی کرنۆلۆژی و زمانی داخراو

نیهاد جامی

ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان گێڕانەوە وزمان سیستمێکی ئاماژەکارییە کەهەریەکەلە ودوانە بەشداریی ئەویتردەکەن لەناو بەرهەمهێنانەوەی مانادا، ئەوەش وای کردووە ئەو دوو ڕەگەزە ببنە ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمان ، لەهەر شوێنێك یەکێك لەو دوو ڕەگەزە بەرەو نووشستی چوو، ئەوا دەبێت چاوەڕوانیکەلێنی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەبین، بەتایبەت کاتی گێڕانەوە بەپێی ڕێکخەرێکی کرنۆلۆژی ڕووداو بگێڕێتەوە، ئەوکاتە ئێمەی خوێنەر لەبەردەم ڕۆماندانین، بەڵکو لەبەردەم ڕووداوێکین کەسیستمی داخراو دەیگەیەنێت بەکۆتایی و بەهیچ چەشنێك دەرفەتی ئەوەمان پێنادات خوێنەرێکی بەشداربین لەناو پرۆسەی نووسین، بەشداریی نەکردنی خوێنەر لەناو دەق مانای وایە نووسەربە هیچ چەشنێك نایەوێ دەق لەگریمانەی مانا بترازێت و مانایەکی ترجیاواز لەوەی نووسەر مەبەستیەتی بەرهەم بێت، ئەوەش دەکرێت وەك عەقڵێکی ئایدیۆلۆژی سەیربکرێت، بەوەی دەبێت ئایدیای نووسەر ببێت بەتارمایی بەسەر فەزای دەقەوە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان وسەرنجی ئێمەبێت، ئەو ڕەخنەیە بەتەواوی دەسەپێتە سەر ڕۆمانی(تەمی سەرخەرەند)کە نووسەرەکەی دیارترین ناوی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی چیرۆکی ئێمەیە، ئەو ناو بوو نەوای کردووە کەمتر بوێری ئەوە هەبێت ڕەخنە ئاراستەی ئەو ڕۆمانە بکرێت، هەرلەبەرئەوەی نوسەرەکەی "شێرزاد حەسەن"ە، دیارە ئێمە پێشتر لەسەر دەقەکانی"حەسار، کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان" قسەی ترمان هەبووە، دەشێ ئیدی ئەو قسەکردنە پەیوەندیی بەدژایەتیکردن وەنەبێت لەگەڵ نووسەرێکدا، وەك ئەو دۆخەی ئەمڕۆ ڕەخنەی کوردی تیایدا دەژی، بەڵکو قسەکردنە لە ڕۆڵی گێڕانەوەی ڕووداو بەپێی زەمەنی کرنۆلۆژیی بوونی زمانێکی داخراو لەناو گێڕانەوەدا، بۆئەوەش سەرەتا دەپرسین: ڕۆڵی گێڕانەوەلەو ڕۆمانەدا چییە ؟پەیوەندیی گێڕەرەوە بەزمانەوەچیە؟ ئایا زمان بەشداریی دەکات لەگێڕانەوەدا لەسەربنەمای پێدانی مەعریفە بەخوێنەر؟

زمان دەیەوێ لەڕێگەی گێڕانەوە بگەڕێتەوە سەر یادەوەری پاڵەوان، ئێستابوون مانایەك بەپاڵەوانی ڕۆمانەکە نابەخشێت، بەڵکو ئەو یادەوەریە مانایەك بەبوونی دەدات، گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم کەلێی سەفەری کردووە.. گەڕانەوەیە بۆ یادەوەریی، بۆزەمەنێك کەشوێنەواریی نەماوە و تەنها لەڕێگەی بینینەوەی شوێن توانای بیرکەوتنەوەی هەیە.

زمان لەناو گێڕانەوە ڕۆڵی نێرەرێك دەگەیەنێت کەزۆرترین وێنە بدات بەسرووشت، سرووشتێکی کوژراو، بەڵام ئەو وێنانە هەڵگریی دالێکی بێ دەلالەتن، ئەوەش پەیوەندیی بەزیادەڕۆیی وەسف و ئیش نەکردنەوەیە لەسەر ئەو ئاماژانەی کەزمان لەناو گێڕانەوەی دەنگ دەربازی دەکات، مردنی ئەسپ ئەو دالەیە کە تەنها وێنەیەکە بۆخستنە ڕوو دەنا نەڕێگەی خوێنەردەدات بەشداریی لەمەدلول بکات، وەنەخۆشی ڕەهەندێکی فراوان بەو داله دەبەخشێت، ڕەنگە لێرەدا بووترێ خوێنەر ئازادە لەدۆزینەوەی مەدلولی ئەو مردنە، بەڵام ئەوەیان تەنها وەهمێکە، چونکە نووسەر دەرگا لەو دۆزینەوەیە دادەخات، بەوەی تاکە دەنگێك کەدەنگی تەواوکەریی کارەکتەرەکانە بەدەردێك ناوی دەبەن کە (غەزەبی خوایە).

ئەگەر ئەوە زانینێکی هەرە ساکارە بەهەموومان، کەدەڵێین ڕۆمان بەرهەمی شارە، بەڵام ئەو ڕۆمانە لەبیرکردنەوەدا خاڵیە لە عەقڵی شاربوون، عەقڵی نۆستالۆژی دەنگ و کارەکتەرەکان گوزارشت لەو دەقەدەکەن، بەوەی دەنگێك نیە ئاگایی ناودەق بێت، تەنانەت پاڵەوانە سەرەکیەکەش لەڕێگەی یادەوەریەوە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ شوێنی لەدایکبوونی ئاگایی تەسلیمی شوێنی دووەم دەکات، ئێستابوون نەك هەر هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو لەگەڵ چوونە سەر خەرەند زەمەنی ئێستا کەزەمەنی نووسینە کۆتایی دێت، زەمەنی یادەوەریی شوێنی دەگرێتەوە، ئیدیی تادواڕێرەکانی کۆتایی ئەوە ڕابردووە وێنە بەدوا یەکەکانی منالیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر لەناو ئەو زەمەنەش دەق کۆتایی دێت، بێئەوەی ئێستابوون بەهیچ شێوەیەك بەشداری هەبێت.

بۆچی زمان ناتوانێت بەشداریی لەگێڕانەوەدا بکات؟ ئەوپرسیارە تا ئەو شوێنەی دەپرسین هەڵگری گومانە، بەڵام بەدوای پرسیارکردن گومانکردن لەخوێندنەوەدەچێتە گومانکردن لەزمان، هۆیەکەشی ئەوەیە زمان هەر لەسەرەتاوە هەڵگری سیستمێکی عەقڵانیە، توانای نییە بەشداری لەنەستی کارەکتەر و پاڵەواندا بکات، زمانێك نەتوانێت لەودیو مردنی ئەسپ و ماسیەوە ئاماژە بەرهەم بێنێت، زمانێکە ناتوانی لۆژیکی عەقڵانی تێك بشکێنێت، هەربۆیە ئەو عەشقەی لەنێوان فەرهاد و شیرینی منالدایە، عەشقێکە لەناو سیستمێکی عەقڵانی زماندا عەشقێکە شایەنی گومانکردنە، توانای یاخیبوونی نیە، چونکەزمان کاتی نەتوانێ دەستکاری واقیع بکات، گۆڕینی ئەو واقیعە دواتر پەیوەندی بەتێکشکاندنی ئەو وێنەیە هەیە، کەتەنها خەیاڵێکە و لەیادەوەریی نووسەردا دەژییێت نەك پاڵەوان، بەڵام ئەگەر بپرسین: ئایا شیرین و فەرهاد لەو دەقەدا دوو کارەکتەری جیاوازن کەدەق پێمان دەناسێنێت، یان بەرهەمی یادەوەری عەشقێکی ڕابردوون؟

دیارە ئێمە لەو دەقەدا شیرین و فەرهاد وەك بابەتی عەشقێکی نوێ ناناسین، هێندەی گەڕانەوەیە بۆ هەمان زەمەنی ئەو عەشقە، ئەوەش مانای وانییە کە نووسەر جارێکیتر چیرۆکی شیرین و فەرهادمان بۆ دەنووسێتەوە، بەڵکو لەئاستی ماناد ئێمە لەو عەشقەدا نابینە خاوەنی مانایەکی جیاواز، بەڵکو ماناکانی چیرۆکی عەشقەکە خۆیان گریمانەی ناو یادەوەریی پاڵەوان دەکەن، تەنانەت خەونی پاڵەوان دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووەیە، بەوەی بێستون کون بکات و دواتر بەشیرین بگات، ئەوە لە کاتێکدا یادەوەریی نووسینی نووسەر بێلایەن نییە لە یادەوەریی پاڵەوان، چونکە هەریەکەلە "باوك" و "دارهەنجیر" یادەوەری نووسەرن لەچیرۆکی (عیزرائیل) هەر بەهەمان سیفات و دەلالەت وزمانی ئەو چیرۆکەوە دێنەوەناو ئەو ڕۆمانە.

یاخی بوونی فەرهاد یاخی بوونێکی گوماناویە، چونکەیاخی بوونێکە چەندە کەوتۆتە نێوان "شیرین و بزنە شێت"، بەڵام ئەوە بزنە شێتە گرنگە، بەمانای ئەویاخی دەبێت لەپێناو بزنەکەدا، ڕاستە شیرین شەیدای کردووە، بەڵام تەواوی ڕووداو بزنەکەیە، ئەوەی دوای دوورکەوتنەوە ژیانی ئەو بێمانا دەکات شیرین نییە، بەڵکو مردنی بزنە شێتە خولیای مردنی لەناو درووست دەکات، "دوای مەرگی بزنەکەم هەر دەبوو شەرەفمەندانە بمرم، ئیدی ڕسوایی و زەلیلی بابەس بێ"لاپەڕە ٩٤

> زمان لەناو گێڕانەوە ڕۆڵی نێرەرێك دەگەیەنێت کەزۆرترین وێنە بدات بەسرووشت، سرووشتێکی کوژراو، بەڵام ئەو وێنانە هەڵگریی دالێکی بێ دەلالەتن، ئەوەش پەیوەندیی بەزیادەڕۆیی وەسف و ئیش نەکردنەوەیە لەسەر ئەو ئاماژانەی کەزمان لەناو گێڕانەوەی دەنگ دەربازی دەکات

تەنانەت عەشقی بۆشیرین بەرەنجامی عەشقیەتی بۆ بزنەشێت، ئەوەلەسەرئاستی بێمانایی بەرامبەریشەوە دەردەکەوێتەوە"کەپێم دەووت تۆلەبزنە شێت دەچی، بەمەکرەوە دەخەنییەوە"لاپەڕە٤٧

نەك هەرهێندە, بەڵکوجارێك نابینین لەبزنەکەوە ڕووخساری شیرین ببینێت, بەڵام هەمیشە کەشیرین دەبینێت بزنەکەی بیردەکەوێتەوە, بۆیەلەبینینی شیرین "وێنەی بزنەشێتو شیرین_م لێ تێکەڵ دەبوو,. دەمویست لەئامێزی بگرمو ماچی بکەم.. وەك چۆن لەخۆشیانا تەوێڵی بزنەکە ماچ دەکەم" لاپەڕە٦١

هەر بۆیە عەشقی بۆشیرین درێژکراوەی عەشقیەتی بۆبزنەشێت"من کەسەیری شیرین_م دەکرد.. بەتەنها مەزەندەی ئەوەم دەکرد کەتوخمی ئەو بگەڕێتەوە سەر بزنەکێوی "لاپەڕە٦٣, شیرینیش هەستی بەوەکردووە" تۆ.. تۆ.. بزنەکەی خۆتت لەمن خۆشتر دەوێ "لاپەڕە٧٠

لێرەدادەگەینە وەڵامی پرسیاری سەرەتایی ئەو ووتارەلەبارەی پەیوەندیی گێڕەرەوە بەزمانەوە, بەوەی پەیوەندییەکە دەیەوێ زۆرترین وێنەی دەنگیمان پێ بدات, بەڵام وێنەیەك لەسەر هاودژبوونو دووفاقیەتی گێڕانەوەو بێمانایی لەناوزمانەوە, تووشی گێڕەرەوە دەکات, ئەوەش وادەکات گێڕانەوە توانای ئەوەی نەبێت سیستمێکی ئاماژەکاریی لەناوزمان بەرهەم بێنێت, هێندەی خوڵقاندنی شورەیەکی داخراوە بەدەوری زماندا, شورەیەك گێڕانەوەی کرنۆلۆژی زمان بەڕێوە دەبات, نەك زمان بەشداریی بکات لەگێڕانەوە لەسەر بنەمای پێدانی مەعریفە بەخوێنەرو دواتر نووسینەوەی مانابێت لەناو ڕووبەری نووسین, ئەوەش پەیوەندیی بەزمانی داخراوی دەقو گێڕانەوەی کرنۆلۆژیە, کەئایدیای سەپێنراوی نووسەرە بەسەر دەق, هەربۆیە ئێمە لەنا وئەو دەقەدا لەگەڵ چوونەوەخەیاڵی پاڵەوان ئەو یەقینەمان پێدەدرێت کەئەوە ئێمەنین لەناودەقێکدا بەشداری لەپرۆسەی نووسیندا دەکەین, بەڵکو ئێمە لەناو دەقێکدا دەبێت بێدەنگ بین چونکە سیستمی نووسین خاوەنی زمانێکی داخراوە, مانا هەر لەناو نیشانەوە هەموو گومانەکانی ئێمەدەڕوخێنێت, چونکە هەر لەسەرەتاوە گریمانەی نووسەر کۆتایی بەهەموو کرانەوەیەك هێناوە, ئەوەش لەسەر ئاستی گێڕانەوەی کرنۆلۆژییو زمانی داخراوە.

ڕۆمان هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی واتا ئەدەن بە ژیان

نووسینی: کوشیار پارسی ـ وەرگێڕانی لە فارسیەوە: مستەفا زاهیدی

> هەموو کەسێك هەڵە دەکات و بە کوێرە ڕێدا دەروا. تەنیا دەتوانی ڕێگای هەڵە کردن فێر بی. ڕۆمان تاقیگەی ئەخلاقە. من لە دژی ئەرخەیان کردنەوە و هەڵبژاردنی هەڵە و پێشبینیە ڕەش و سپیەکان دەنووسم

کەسێك کە بە چەند زمان دەنووسێ و بڵاو دەکاتەوە، ڕەنگە بکەوێتە داوی هەلومەرجێکی نامۆوە. نانسی هۆستۆن نووسەری ڕۆمانی "هێماکانی فریشتە" لەمبارەیەوە قسەی زۆری بۆ وتن هەیە. ئەو ساڵی ١٩٥٣ لە کالگاری کانادا لە دایك بوو، ماوەی ٢٠ ساڵە لە پاریس دەژی و دواین ڕۆمانی بە هەر تك زمانی ئینگلیزی و فەرانسی بڵاو کردۆتەوە. بە پێی کەسایەتی، کەسایەتی چیرۆکەکە بە زمانێك دەست دەکا بە نووسین و دواتر بە زمانێکیتر وەری دەگێڕێتەوە.

نووسینی یەکەم کتێبی ساڵی ١٩٩٣ بە زمانی ئینگلیسی دەست پێ کرد. شتێکی ئاسایی بوو، چوونکە کتێب هەڵقوڵاوی جەنگەی مێرمنداڵی و سەبارەت بە کابۆیی و بەناو هیندییەکان (سوور پێستەکان) بوو. ئەم کتێبە هاوکات بە دوو زمانی ئینگلیزی و فەرانسە بڵاو بۆوە.

چاپی فەرانسەی ئەو کتێبە خەڵاتی گرینگی ئەدەبیی prixdu du gerneur genera هەرێمی کێبێکی (quebec) وەرگرت. وەرگرتنی ئەم خەڵاتە ئاژاوەی گەورەی لێ کەوتەوە. چونکە گرینگترین خەڵاتی ئەدەبیی زمانی فەرانسە درا بە نووسەرێکی ئینگلیزی زمانی دانیشتووی فەرانسە. کتێبی دواتری "هێماکانی فریشتە" ئیزنی ئەوەی پێ نەدرا کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی کێبێك ناودێر بکرێت.

هۆستۆن نووسینی ئەم کتێبەی بە زمانی فەرانسی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٥٧، سوفی، کچە ٢٠ ساڵەیەکی ئەڵمانی دێتە پاریس و لە ماڵی (ڕافایل لیاژ) نەیژەنی فەرانسەیی وەك خزمەتکار کار دەدۆزێتەوە. ڕووداوە دڵتەزێنەکانی جەنگەی منداڵی و شەڕ، ئەویان کردووە بە ژنێکی دوورە پەرێز و بە ڕواڵەت بێ هەست. بە بێ هیچ هێمایەك لە شوور و شەوقی ئەو ژیانەی کە پێکەوەیان ناوە و لە بەرامبەر سۆز و هەستی ڕافایل دا، زۆر سارد و بێ هەستە. بە هەمان خەمساردی کە لەگەڵ ڕافایل زەماوەند دەکات، کوڕێکی دەبێ بە ناوی ئیمیل کە هیچ هەستێکی دایکانەی بۆ نیە.

کاتێك هەستی عاشقانە دەناسێت کە لەگەڵ ئاندراس، جولەکەی خەڵکی هەنگاریا، ئەو کەسەی کە بۆ مێردەکەی نەی دروست دەکات، ئاشنا دەبێت و ساڵانێکی دوور و درێژ بە نهێنی دڵیان پێکەوە دەبێت.

ئاندراس کەسێکی کۆمۆنیستە و لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی جەزایرە، کە ئەو کات لە پاریس دەستی دەبرد بۆ چالاکیی چەکدارانە. ئاندراس و ڕافایل شەوی جەنجاڵ و ترسناکی حەڤدەی ئۆکتۆبری ١٩٦١ دەخنکێندرێن. ئەو شەوەی کە ڕێپێوان بۆ بەرگری لە ئەلجەزایر دەبێ بە گۆمی خوێن و زۆر کەس دەکوژرێن و ون دەبن.

هۆستۆن دەڵێت: ئەگەر ئەو کات ٢٥ ساڵم تەمەن بوایە و دانیشتووی پاریس بوایەم، بە دڵنیاییەوە چەپ دەبووم و کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ و لە بزووتنەوەی بەرگری لە ئازادیی جەزایر پشتیوانیم دەکرد. من خۆم بە ڕافایلی مۆسیقاژەن نزیکتر دەبینم، سۆزی هونەرمەندانە ئەوی کوێر کردووە، لای وایە ژنەکەی بەختەوەر دەکات. کە حاڵی ژنەکەی باشتر بوو، چوونکە خاترجەمی کردەوە کە بە قورس و قایمی پێی لەسەر زەوی دانێ. بەڵام سوفی بێ زەوقە، تەنانەت توانای ئەوەشی نیە کە کەسێك بێت، زۆر شت فێر بێت. عاشقی ئاندراس دەبێ چونکە لە کارگەکەیدا بێ نەزمی دەبینێ و ئەو بێ نەزمیەی بە دڵە. بۆ ئەو بێ نەزمی واتای شەڕ و وێرانکردنی هەیە.

دەمهەوێ بڵێم لە هەموو شوێنێك لەخۆ نامۆ بوون هەیە. هەموو چاویان نوقاندووە. ئاندراس، کۆمۆنیزم لە باوەش دەگرێ، بێ ئەوەی ئاگای لە هێماکانی زوڵمی داهاتوو بێت. هەموو کەسێك هەڵە دەکات و بە کوێرە ڕێدا دەروا. تەنیا دەتوانی ڕێگای هەڵە کردن فێر بی. ڕۆمان تاقیگەی ئەخلاقە. من لە دژی ئەرخەیان کردنەوە و هەڵبژاردنی هەڵە و پێشبینیە ڕەش و سپیەکان دەنووسم.

هۆستۆن ئەم کارەش بە کردەوە ئەنجام دەدات. ١٩ی ژانویەی ٢٠٠٣ بەرگری لە پیاوێکی جەزایری کرد کە لە فەرانسە لەدایك بووە و پاش ١٨ ساڵ زیندانی بە تاوانی سیخوڕی (دوو لایەنە) لە فەرانسە دەرکرا. "زۆر کەم پێشدێ کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سیاسەتدا خۆهەڵقورتێنم، بەڵام لەو کاتەوەی کە ئەم جەزایرییە زیندانی کرا، دەیناسم.

من بەرپرسی گرووپێك بووم کە کتێبیان بۆ زیندانییەکان دەخوێندەوە. ژنەکەی تازە دووگیان بوو کە خستیانە زیندان. چیتر ناتوانی وەك گرفتێکی ساکار چاو لە دیاردەی کۆنی کۆچ بکەی، تەنانەت ئەگەر ئەو پیاوەش تیرۆریست بووبێ بە زۆر هۆکار دەبێ هاندەرەکان لەبەرچاو بگیرێن."

دۆلسی ئاگۆنیا (dolce Agonia) ناوی دواین ڕۆمانی هۆستۆنە کە ڕووداوەکە لە دیوەخانی ئاغایەکی ئەمەریکایی، لە زستانێکی سەخت و بەفراویدا دەست پێ دەکات. شەوێکی ساردی زستان چەند هاوڕێ پێکەوە دانیشتوون. حەکایەتخوان خودایە، توانا و زانای گشت کە لە سەرەتادا پێدەکەنێ بە کەسانێك کە بە شوێن واتای ژیاندا دەگەڕێن. هۆستۆن دەڵێت: "ئەمە ئاماژەیەکە بۆ قسە و باسە ئایدۆلۆژیکییەکانی دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ . ئەو سەردەم کە دەیانگوت دەبێ دەستبەرداری (زانای گشت) بین، بەم وتانە پێدەکەنیم. پێویستم بە حەکایەتخوانی زانای گشت بوو. ئەو کەسەی کە قووڵترین بیری کەسایەتییەکانمی لێك ئەدایەوە و ئەیهێنانە زمان و لە ڕابردوو و داهاتووشیان ئاگادار بوو. ئەم حەکایەتخوانە بۆچی خودا نەبێ؟ ئەوەی کە دەزانێ کارەکتەرێکی چۆن و کەی دەمرێت، واتایەکی تایبەتی هەیە. دڵیان پێ ببەستێ. ژیانیان بایەخ پەیدا دەکات. لام وایە ژیانیان زۆر بەهادار نییە. گرینگ ئەو نرخەیە کە ئێمە پێیان ئەدەین. هەموو کەس ژیانی وەك چیرۆکێك دەبینێت. ڕۆمان هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە واتا ئەدەن بە ژیان.

هۆستۆن لە دۆلسی ئاگۆنیادا باس لە دە کەسایەتی جۆراوجۆر دەکات. دەمویست ڕەوتی ئەو بناسێنم. لە دەروونی هەموو کەسێکدا کۆمەڵێکی بێ قەوارە لە بیرەوەری و ئەزموون نهێنییە. گوێدان بە چیرۆکی هەر کەسێك واتا ئەدات بەو چیرۆکە. کاتێك لەگەڵ کەسەکاندا دەپەیڤی بیری جۆراوجۆر بە مێشکتدا دێت. ئەمە موعجیزەیە کە مرۆڤەکان سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانە دەتوانن لە یەکدی تێبگەن. گەلێك بیر و پێوەندی وەکو پارازیت لە مێشکتدا دەجوڵێن. ئەم خاڵە ئەو تاراوگەییانە دەگرێتەوە کە لە بەرهەمەکانی هۆستۆندا ڕۆڵ دەگێڕن. ئەوان نەك تەنیا بە زۆر هۆکاری جۆراوجۆر زێدی داکوو بابی خۆیان جێهێشتووە، بەڵکوو بە زمانی زکماگیش نادوێن. ئەو کاتەی کە نانسی هۆستۆن تەمەنی ٣ ساڵ بوو، دایکی بۆ پێشکەوتنی کاری خۆی بنەماڵەکەی جێهێشت و ڕۆیشت. باوکی لەگەڵ ژنێکی ئاڵمانیدا زەماوەندی کرد و نانسی لە ماوەیەکی کەمدا زمانی ئاڵمانی فێر بوو. لە کاتی خوێندنیشدا زمانی فەرانسی. ئەم هەموو زمانە، ئەم هەموو ناسنامەیە، هێمای ئەم نووسەرە پاریسی، کانادایی، کێبێکی، ئامریکاییەیە. نامۆ یان نووسەری بێ ناسنامەی فەرهەنگی کە ئێستا نیشتەجێی یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری پاریسە. "خۆم بە نووسەرێکی خەڵکی ئەم دێیە دەزانم. یەکێك لە منداڵەکانم لێرە لە دایك بووە. کەوایە دەتوانم ببم بە شارۆمەندێکی ئێرە. ئەمەش ئەو ژنە ئەلجەزایریانە دەگرێتەوە کە لە فەرانسە منداڵیان دەبێت."

سوفی و ئاندراس لە ڕۆمانی "هێماکانی فریشتە"دا هەردووکیان لە تاراوگەن و لە تاراوگە، جیا لە ڕەگ و بناغەی خۆیان. "پاریسی تاراوگە زۆر باش دەناسم. تاراوگە شێوەیەکە لە ئازادی، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان زێدیان جێهێشتووە. لە پاریس هەموو کەسێك بە ڕادەیەك ئازادە کە خۆی بدۆزێتەوە و ژیانی خۆی پێکبهێنێت. تۆ لە تاراوگە شتێك دەبینی کە فەرانسەوییەکان نایبینن. جیاواز بوونی ناسنامە. دوای یەکەم سەرکەوتنم لە فەرانسە کاتێك کە هەموان دەیانگوت من نووسەرێکی فەرانسەویم، ئەم کتێبەم نووسی. بەڵام نەمدەویست ئاوێتەی ئەم وڵاتە بم. دەمەویست تف بکەمە ناو قاپی سووپەکەوە. ئەمەویست ئەم تێڕوانینەی خەڵکی لەسەر خۆم زێندوو بهێڵمەوە. ئەمە وشیارترت دەکاتەوە تا ئەوەی کە لە ماڵەوە بمێنیتەوە."

ژولیا کریستوا "تاراوگە" بە جۆرێك "غەریبیی خۆشبەختی" دەزانێ. هۆستۆن دەڵێ: "ئەمە وتەیەکی ڕاستە. تەنانەت تاراوگەی دڵخوازیش بە تێپەڕبوونی زەمان دەبێتە تاراوگەیەکی ڕاستەقینە. ناتوانی بگەڕێیتەوە. چیتر ئەو مرۆڤەی سەرەتا نیت. لەتێکت لێرەیە و لەتێکت لەوێ. ئەمە هەندێ جار دڵتەزێنە، بەڵام چاکەشی هەیە. هەلومەرجێکی لەبار بۆ نووسەر. هەموو نووسەرێك، هونەرمەندێك، پێویستی بە دووری هەیە. تەنانەت دووری زمانی زکماگ. تاراوگە ئەم دوورییەت پێ ئەدات. ئەم پێشکەشیە وەردەگری."

رۆشنتر لە خامۆشی

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی

زمانیش عەشرەت و خێزانی خۆی هەیە. لەمێژوویەکدا سنورێکی وەها لەنێوانیاندا نەبووە، چونکە هەر یەك لەزمانەکانی ناوچەکانی جیهان ئەندامی خێزانێك بووە، لەمنداڵیاندا خەسڵەتێکیان زۆر لەیەکەوە نزیك بووە، لەژێر سێبەری نوێنەرێکدا نەشونمایان کردووە.. تا سەردەمی منداڵی، لێکچوونێك بەرادەیەکی زۆر نزیکایەتی پاراستوون. کەئەندامانی ئەو خێزانە زمانەوانیانە گەورە بوون و پیربوون و لێکداترازاون، بەسەر چەند جۆرو ناوچەیەکدا دابەش بوون لەگەڵ کۆچ و بڵاوبوونەوی بەشەردا ئەوانیش بڵاوبوونەتەوەو بەرەبەرە زورێتیان لێکەوتۆتەوە. لەمنداڵییاندا ئەندامانی خێزانە زمانەوانییەکان شوناسێکی جیاکەرەوەی ئەوەندە فراوانیان نەبووە، بەڵام کەگەورەبوون و بەساڵاچوون، شوناسی تایبەتی خۆیان دۆزیوەتەوە. لەگەڵ ئەم شوناسە جیاوازەشیاندا پەیوەندییان کەم تا زۆر بەرەگەزە کۆنەکەیانەوە ماوە، واتە بەخێزانەزمانەوانیە کۆنەکەیانەوە. ئەمەش لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرێت. تەنانەت رێژەی پەیوەندییەکانیشیان بەرابردووی خۆیانەوە، لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گۆراوە.. ئەمە لەسەر ئاستی وشەو دارشتنی رستەومۆرفۆلۆجیا. بۆ نمونە زمانی عەرەبی و عیبری لەکۆندا پەیوەندییەکی پتەویان هەبووە، ئێستاش چەندەها ووشە دەدۆزیتەوە لەهەردوو زمانەکەدا هەبوون و هەر ماونەتەوە، یاخود گۆرانکارییەکی کەمیان بەسەردا هاتووە. یاخود زمانی فارسی و کوردی مێژوویەکی هاوبەشیان هەبووە، ئێستاش کەشوناسی تایبەتی خۆیان وەرگرتووە هێڵێك هەیە، کەبەرەو دواوە بیانباتەوە دەیانگەیەنێتە سنورێك، رەچەڵەك و سیمای خێزانییان دەردەخات.. تائێستاش ئەو مۆرکی خزمایەتییە لەهەندێك رووەوە تیایاندا دەردەکەوێ، ئیتر لەسەر ئاستی ووشە یا رستە یا پەندو دارشتنی شێوازەکانی دەستووری زمان بێت. بۆ کوردێك کەخەریکی هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بێت بەکردار ئەمانەی چاکتر بۆ روون دەبێتەوە.. واتە لەهەندێك رووەوە دستوری زمانی عەرەبی و شێوازی دارشتنی لەچاو زمانی فارسیدا لای کوردێك قورستر دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لای لێکۆڵەرو وەرگێر. زۆرتریش لای وەرگێری دەق، لەم دوو زمانەوە بۆ کوردی.. لێکچوون و ئاشنایەتی نێوان فارسی و کوردی، کار بۆ وەرگێران لەفارسیەوە بۆ کوردی ئاسانتر دەکات، جادەکەی بۆ تەختدەکات، بەڵام بۆ عەرەبی و کوردییەکە کارەکە تارادەیەك پێەوانەیە. جا لێرەدا ئێمە باس لەسروشتی هەردوو زمانەکە دەکەین نەك زەوق و شەوقی وەرگێرێك یان دوو وەرگێر بەرامبەر ئەم زمانە یان ئەو زمانە.

من بۆخۆم هەر لەمنداڵییەوە، بەعەرەبی خوێندومە، لەکۆلێژیش زمانی عەرەبیم تەواو کردووەو بەعەرەبی زۆرم نوسیوە، دوو ساڵیش زمانی فارسیم لەپاڵ عەرەبیدا لەزانکۆ خوێندووە، لایەك لەکتێبخانەکەم کتێبی فارسیە. بەفارسیش ئەخوێنمەوە، فارسی ئێمە لەچاو عەرەبیەکەدا زۆریان بەینە، من بۆخۆم وەك گووتم، بەعەرەبی زۆرم نوسیوە، نوسین بەعەرەبی بەلامەوە ئاساییە، کێشەیەکم لەگەڵ وەرگێراندا نییە، بەڵام کەبمەوێت لەعەرەبیەوە یان لەفارسیەوە شتێك بکەم بەکوردی، وەك کوردێك هەست دەکەم فارسیەکە لەلایەن شێوازو سروشتی رستەکەوە یان شێوازی دارشتنەکەوە زووتر بەدەستەوە دێت، لێرەدا مەبەستم لەدەوڵەمەندی یان هەژاری وەرگێر نییە، لەعەرەبیەکەدا یان لەفارسیەکەدا، بەڵکو مەبەستم لەنەبوونی نامۆییە لەنێوانیاندا نەك جیاوازییان. ئەمیش دەگەرێنمەوە بۆ رەچەڵەکەکە، بۆ رەگو رابردوویان، عەرەبی لەکۆندا لەخێزانێك بووەو فارسی و کوردیش لەخێزانێکی تر. حەز دەکەم بۆ رۆشنکردنەوەی ئەم بۆچوونانە شیعرێکی شاعیری نوێخوازی ئێرانی (نادری نادر پور)، بهێنمەوەو بۆ ئەم مەبەستە وەریبگێرم، شیعرەکە ستوونیەو لەچوار دێر پێکهاتووە، نادر دەڵێت:

هەوا بارانی و من مەست و ئەویش مەست
شەرابی سووری شیرینی گۆزەیش مەست
هەموو چاوی سیاهی سەر بەسەر ناز
هەموو زوڵفی درێژی موو بەموو مەست

بۆ وەرگێرانی دەقێکی عەرەبی، رەوانی بەو ئاسانییە نایەتە بوون، راستە ئەمە لەنێوان سەدەها دەقدا نمونەیە، بەڵام سروشتی هەردوو زمانەکەو نزیکی نێوانیان دەخاتە روو. تۆ بۆ وەرگێرانی ئەم دەقە بۆ زمانی عەرەبی دەبێ بچیتە سەر سکەیەکی تر. بەو رەوانییە، بەو بێگرێیەی کەلە فارسیێکەوە بۆ کوردییەکە هەیە، وەك وەرگێرێك گەشتەکەت دەست پێناکەیت. پێشکەوتن و دواخستنێك زیاتر خەریکت دەکەن. رووبەرووی مۆرکێکی زمانەوانی وا دەبیتەوە، وەك فارسیەکە پێت ئاشنا نییە، ئولفەتێك هەیە سەرچاوەی لەمێژوو و رابردوو وەرگرتوە. کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە تۆی وەرگێر تاچەند لەزمانی عەرەبیدا شارەزاو لێهاتوی، یان لەفارسیەکەدا بەتوانای یان بەتوانا نیت، با لەعەرەبیدا بەقەد تەوحیدی و ئەبوو عەلای معەری و سیبویە شارەزا بیت. ئەمانە بەوەرگێرەوە پەیوەست نین، بەڵکو دەگەرێنەوە بۆ خەسڵەتی زمانەکان و دوورو نزیکیان لەیەکەوە. جاریێ ووشەکانی دەقەکە وەك خۆیان بەرەوانی هاتونەتە زەمینە زمانەوانییە کوردیەکەوە (هەوای بارانی یا هەوای باران، مەست، شەراب، سوور، چاو، سیا، زوڵف، نان).

لەوەرگێرانەکەدا، من شتێکی وەهام نەکردووە ووشەکان هەمان ووشەن، دارشتنی رستەکان، گۆرانکاریەکی وەهای بەسەردا نەهات. بەڵام بۆ وەرگێرانی ئەم دێرە عەرەبیە (و لا انا عند مختلف القنا/ و لا بجبان عند زحف الکتائب)، دەبێت بچمە سەر سکەیەکی تر، خۆم ئامادە بکەم بۆ مۆرفۆلۆجیاو دارشتنێکی تری زمانەوانی ئێجگار دوور لەباکگراوندەکەی خۆم، ئاشنایەتیەکە لەنێوان هەردوو زمانەکەدا بزر دەبێت. بەپێچەوانەی فارسی و کوردیەکەوە کەهاوسێیەتی و ئینتیمایان بۆ گروپە خێزانییەکە، ئاشنایەتییەکە فەراهەم دەکات.

عێراقێك بۆ خوێن نەك بۆ ئاشتی

نوسینی: کەیوان ئازاد ئەنوەر



مێژووی عێراق وەك ناوچەیەك لەجیهان و وڵاتێکی دەستکرد لەسەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەك، پڕە لەڕووداوو کارەسات و ململانێی و کۆکوژی..

لەپەراوێزی کتێبی - مێژووی خوێناوی عێراق - روداوەکان، هۆکارەکان، چارەسەرەکان - دا

یەکێك لەو ناوچانەی جیهان کەمێژوویەکی دوورودرێژو گەورەی بۆ خۆی چرپیوەو سنورێکی دەستکرد وڵاتێکی هەشتاو سێ ساڵ تەمەنی بۆ دروستکردەوە، "عێراق" ە - ، عێراق، زاراوەیەکی سۆمەرییە لەوشەی "ئورۆك - ئیراك" وەرگیراوە کە بەمانای "دەوڵەتکەی شار" هاتوە. خودی زاراوەکەش لەگەڵ کۆنی تەمەنی ناوێکی بۆ دەوڵەتێکی نوێ دروستکردوە.

مێژووی عێراق وەك ناوچەیەك لەجیهان و وڵاتێکی دەستکرد لەسەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەك، پڕە لەڕووداوو کارەسات و ململانێی و کۆکوژی. بەڕادەیەك ئەگەر رووبەڕو دانیشتوانی عێراق بەهاوشێوەکانی بەراورد بکەین، هەڵە نییە گەر بڵێین گەورەترین و زۆرترین رێژەی رووداو و کارەسات و ململانێی و شەڕی بۆ خۆی تۆمار کردوە، بۆیە جێگای خۆیەتی گەر بڵێین.. وڵاتێکە بۆ خوێن رشتن نەوەك بۆ ئاشتی و ئاشتی قبوڵکردن و پێکەوە ژیان..

ئەو وتانەی سەرەوە دەرئەنجامی بەرهەمێکی "مێژوویی- سیاسی" نووسەرێکی عەرەب.. موسڵمانی - بەعسی - چەپی!!.. عێراقییە بەناوی "باقر یاسین" لەبەر بایەخی بەرهەمەکەش "حەمەساڵ گەلالی" ئەرکی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی گرتۆتە ئەستۆ. دواتر "هەڤاڵ مەلا بەختیار" بۆ زیاتر قورساییدان بە بەرهەمەکە پێشەکیەکی "بیست و چوار.. لاپەڕەیی لەژێر ناونیشانی "دەسەڵاتی ئیسلامی و.. تاڵان و تاوان، بۆ نوسیوە. بەمەش بەرهەمە کوردیەکە کە "حەوتەمین" بەرهەمی پرۆژەی "شەست" کتێبی پێکهاتە فیکری و دیموکراسییەکانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)، قەوارەیەکی "٣٦٥ لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندی بەخۆوە گرتوە.

بەرهەمەکە بەپێزە بەناوەڕۆك و پشت ئەستوورە بە "٥٢" سەرچاوەی عەرەبی لە "دە" بەشدا دارێژراوە.. بەهەر "دە" بەشەکەش کورتە سەرەتایەکی مێژووی عێراقی نیا تۆمار کردوە، بەڵام مێژوویەك لەخوێن نەوەك لەشارستانیەت و پێشکەوتن و پێکەوەژیان.

سەرەتا مەلا بەختیار لەنووسینەکەیدا سەرپۆتێکی مێژوویی ستەم و چەوساندنەوەی ئاینەکانی مێژووی بۆ مرۆڤایەتی خستۆتەڕوو. تیایدا ئاماژەی بەو پیلان و نەخشەو سیاسەتە شەڕەنگێزیانە داوە کە رۆڵی ئاین لەو ناوچەیەی دواتر بەعێراق ناسرا دروستی کردووە، کەپیلان و سیاسەتەکەش لەخوێن رشتن و رەشەکوژیدا خۆی بینیوەتەوە. خاڵی سەرنج راکێشیش لەوەدا بووە کە پیلانی کوشتن تەنها لەدژی دژە پەیڕەوو ئاینەکەیان نەبوە، بەڵکو لەدژی هاو ئاین و هاو پەیڕەوەکان جێبەجێکراوە، بۆ نموونە لەلاپەڕە (سیانزە)ی پێشەکیەکەی "مەلا بەختیار" دا ئاماژە بەوە کراوە کەسێ خەلیفەی عەباسی دەستیان چۆتە خوێن و جەستەی سێ زاناو کەسایەتی گەورەی ئیسلام، ئەوانیش "ئەبو جەعفەری مەنسور"ی دووەمین خەلیفەی عەباسی "مالکی کوڕی ئەنس"ی رابەری پەیڕەوی مالیکی لەئایینی ئیسلام، گرتووەو ئەشکەنجەداوە. بەواتا شەرەفی گرتن و ئەشکەنجەدانی یەکێك لەچوار ئیمامەکەی رێبازی سوننە بەدووەمین خەلیفەی عەباسی لەبنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) بڕاوە! هەروەها "محەمەدی کوڕی ئیدریس" یش لەسەر دەستی پێنجەمین خەلیفەی عەباسی بەناوی "هارون ئەلڕەشید" ئەشکەنجەو ئازار دراوە "موعتەسەم بیللا"ی هەشتەمین خەلیفەی عەباسیش دەستی چۆتە جەستەی "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" یەکێکی تر لەچوار ئیمامەکەی رێبازی سوننە! ئەمانەش بەواتای ئەوەی خەلیفە سوننیەکانی عەباسی فرمانی گرتن و کوشتنی زانا گەورەکانی هاورێبازی خۆیان داوە!

کەواتە خودی پەیڕەوکەرانی ئاینێك متمانەو باوەڕیان بەخودی خۆیان نەبوە چ جای بەپەیڕەوو ئاینەکانی تر!؟

دەکرێت ئەو پێشەکیەیە پوختەیەکی بەرهەمەکە ناوزەد بکرێت کە لە "بیست و چوار" لاپەڕەدا جارێکیتر، بەڵام بەتێڕوانینێکی کوردییانەو واقیعیانە رۆحێکی نوێی بە بەر بەرهەمەکەدا کردوە، دیارە گەرچی ئەو هەڤاڵە لەتێڕوانینێکی عیلمانیانەوە بابەتەکەی دارشتوە، بەڵام تا ئاستێکی باش لەخستنەڕووی راستیەکاندا سەرکەوتو بووە. ئاستی سەرکەوتنەکەشی زیاتر لەوەشدا بەدیارکەوتووە کەبەڕوکارێکی زانستی پەراوێزی بۆ بەرهەمەکە کردووە. ئامانج لەو کارەش بەزانستی کردنی بەرهەمەکەو سەلماندنی بەڵگەو دەقە مێژووییەکانی بووە، بۆیە ئەو کارەش لەئاست گەورەیی و چڕی بابەتەکانی ناوەوەی بوە. بەمەش بەرهەمەکە بەو سەرەتا مێژووییە دەروازەکانی لەڕووی خوێنەراندا واڵا کردوە.

ناوەڕۆکی بەرهەمەکە دوای پێشەکیەکی "دە" لاپەڕەیی وەرگێڕی کوردی بۆ "دە" بەش دابەشکراوە، لەبەشی یەکەمدا "رووداوەکانی توندوتیژی و خوێن رشتن لەنێوان دوو روبارداو لەبەربەیانی مێژووەوە (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین تا داگیرکردنی فارسی لەساڵی (٥٣٩) پێش زایین "لاپەڕەکانی "١١-٣٨"ی بۆ تەرخانکراوە. لەم بەشەدا نووسەر هەوڵیداوە ململانێکانی نێوان دەوڵەت کە شارەکانی ؟کیش - لکش- ئۆرۆك - ئوما- بابل" و دەوڵەتانی.. سۆمەری - ئەکەدی - حیشی - کاشی - ئاشووری، وەك کۆمەڵە ململانێیەکی خوێناوی سەیر بکات و. بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بەشەش سەرچاوەی عەرەبی بەستوە. خۆ ئەگەر نووسەر زیاتر ئامانجی قالبوونەوە بوایە لەو مێژووە کۆنەی نێوان دوو رووبارو بەرهەمە شوێنەوارناسیەکانی زانا ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵیەکانی بخوێندایەوە ئاستی خوێناوی بوونی ململانێکانی گەورەتر بۆ دەردەکەوت و رونتر دەبووەوە. ئەوەش بەواتای ئەوەی ئاستی خوێنە رژاوەکانی ئەو ناوچەیە لەوە زیاتر دەبوو کە "باقر یاسین"ی پێگەیشتوە.

لەبەشی دووەمیشیدا ئاماژەی بەمێژووی هەمان ناوچە لەنێوان ساڵانی (٥٣٩پ.ز-٦٣٤) داوە. لەم بوارەدا سەرەڕای ململانێکانی "فارسی-یۆنانی" ئاماژە بەو رەشەکوژی و کارە دڕندانە دراوە کەپادشا عەرەبەکانی میرنشینی مەنازیرە لەباشوری ئەمڕۆی عێراق پێی هەستاون، لەوانە کوشتنی ئەندازیارێك لەسەر دەستی پادشایەکی مەنازیرە بەناوی :نوعمانی یەکەم" و سەربڕینی چوار سەد پیاوی باوەڕداری مەسیحی لەسەر دەستی موتریری کوڕی ماء ئەلسماء" نەوەك .. ابن السماء" وەك لەلاپەڕە "٣٩"دا ئاماژەی بۆ کراوە. ئەمەو سەرباری رەشەکوژی. سەد پیاوی هۆزی تەمیمی عەرەبی لەسەر دەستی "عەرمی کوڕی مونزیر" پادشای هەمان میرنشینی عەرەبی بەسووتاندنیان کەنموونەیەکی تری ستەمکارانی عەرەب بووە لەدژی هاو نەتەوەکەیان. تێکڕای ئەم بەشەش لاپەڕەکانی نێوان "٣٩-٥٤" بۆ تەرخانکراوە.

سەبارەت بەقۆناغی مێژووی ئیسلامیش کە قۆناغێکی تری خوێن رێژییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەردوو بەشی سێیەم و چوارەمی بۆ تەرخانکراوە. لەبەشی سێیەمدا ئاماژە بەو ململانێ خوێناویانەی نێوان سوپای عەرەبی ئیسلامی و دانیشتوانی عێراقی کۆن کراوە، کەتیایدا ئەو سوپایە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەناوچەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقدا رووبارێك خوێنیان دروست کردبوو. ئەوەش بەهۆی ئەوەی دانیشتوانە عەرەبەکەی باشوورو دانیشتوانە عەرەب و کوردەکەی ناوەڕاست بەمەبەستی پاراستنی ئاینەکەیان و سەرو سامانیان لەکاتی بەرگریکردنیان دوچاری شاڵاوی رەشەکوژی ئەو سوپا بیابانیە کۆچەرییە بوون بێئەوەی بۆ ئەو دەقە قورئانیە بگەڕێنەوە کە دەفەرموێت "لا اکراە فی الدین" یان ئەو دەقەی کە دەفەرموێت "لکم دینکم ولی الدین" لەبەرامبەردا ئەو سوپا عەرەبیانەی بەناوی ئیسلامەوە رەشەکوژیەکانی "ئەلەییس و جەلەولاو تکریت و قادسیە"یان ئەنجامداوە. سەرباری والی عێراقی ئومەوی بەناوی .حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی" دیارە لەم بوارەدا بۆ پاراستنی ئەمانەتی مێژوویی پێویستە ئەوە بڵێین کەشەڕی قادسیە بەر لەشەڕەکانی "جەلەولا وتکریت" ئەنجامدراون کە لەبەرهەمەکەدا پاش و پێش خراون.. سەراپای بەشەکەش لاپەڕەکانی "٥٥-٧٨" لەخۆگرتوە.

لەبەشی چوارەمیشدا باس لەرەشەکوژی باوەڕداره موسڵمانەکان و ناموسڵمانەکانی سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی کراوە کە لەسەر دەستی خەلیفە عەباسیەکان و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت ئەنجامدراون. کۆی ئەم بەشەش "٤٤" لاپەڕەی بۆ تەرخانکراوە کە لاپەڕەکانی "٧٩-١٢٢" ی بەرهەمەکی داگیر کردووە. ئەوەی لەم بەشەشدا بەرچاوە دەکەوێت کارو هەڵوێستی "٢٢" خەلیفەی عەباسییە لەکۆی "٣٩" خەلیفە لە رەشەکوژی زاناو گەورە پیاوانی موسڵمان و نا موسڵمان و دامرکاندنەوەی راپەڕین و شۆڕشەکاندا. دیارە ئەگەر نووسەر ئامانجی بوایە ستەم و ناحەقی ئەو "١٧" خەلیفەیەی تری عەباسی بۆ دەردەکەوت کەدەرحەق بەهاوڵاتیانی سنوری دەسەڵاتی ئەنجامیان دا نمونەیەکیان لەمێژووی خەلافەت ئەژمار کردوە.

بەشی پێنجەمیش ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لەمێژووی نوێی ناوچەکە و تیایدا رووداوەکانی ساڵانی "١٢٥٨-١٧٤٩ز" تیا خراوەتە روو. تەواوکەری ئەو قۆناغە مێژووییەش لەهەردوو بەشەکانی شەشەم و حەوتەمدا وردەکاری پێویستی بۆ کراوە. بابەتی سەرنج راکێشی ئەم تەوەرەو بەتایبەتی بەشی پێنجەم بەراوردکردنی "بەکر شۆباشی و نازم گوزار" بوە بەیەکتری، بەوەی یەکەمیان کوڕی سەدەی حەڤدەیەم و دووەمیان کوڕی سەدەی بیستەم بوە، بەڵام هەردووکیان کوڕی یەك عەقڵی ستەم و چەوساندنەوە بوون. هەرچی بەشی شەشەمە تایبەت کراوە بەرووداوەکانی نێوان ساڵانی "١٧٤٩-١٨٣١" نەك "١٧٣١" بەشی حەوتەمیش بۆ رووداوەکانی سەدەی نۆزدەیەم تەرخان کراوە. سەرجەمی ئەو سێ بەشەش "٧٥" لاپەڕەی لەخۆگرتوە.

بەشی هەشتەمیش بۆ خوێناوی ترین سەردەمی مێژووی عێراقی نوێ تەرخانکراوە، کەتیایدا لەماوەی هەشتاو دوو ساڵی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا "چوار" پادشاو "٥" سەرۆك کۆمار بەیاوەری دارو دەستەکانیان دەیان کاری جینۆسایدو هەزاران کاری توندوتیژی خوێناوییان ئەنجامداوەو لاپەڕەکانی "١٥٣-١٨٢" ی بۆ دانراوە.

هەرچی بەشی نۆیەمە بۆ "رەنگدانەوەی توندوتیژی خوێناوی لەسەر سروشتی کۆمەڵی عێراق و بەشی دوەمیش بۆ چارەسەرو پێشنیارکراوەکانی کۆتایی بەو مێژووییە خوێناوییە تەرخانکراوە" کە بەهەردووکیان "٧٨" لاپەڕەیان داگیرکردوە ئەمەو لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەکرێت بڵێین:

١-مێژووی عێراق، یەکێکە لەخوێناویترین مێژووی مرۆڤایەتی، ناوچەو وڵاتێکیش بەخوێن بنیات نرا بێت و بەخوێن مێژووەکەی نوسرابێتەوەو بەخوێن وەڵامی هاوڵاتیانی ناوخۆیی و دەرەوەی دابێتەوە، دەبێتە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەی خوونوسینی گەلانی وەك "عەرەب - کورد - تورکمان - کلدو ئاشوری. لەبەرچاو دەگرێت؟.

٢-عێراقێك ئەزمونێکی لەخوێن رشتندا هەبێت لەماناو مەبەست و گەورەیی ئاشتی تێدەگات و لێی دەڕوانێ؟.

٣-عێراقێك بەزلهێزەکانی وەك "ئەسکەندەری مەکدۆنی و ئیمپراتۆرەکانی وەك هەخامەنشینی و ساسانی و دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامی و تەیمورلەنگ و عوسمانیەکان و عێراقی دانەمرکابێتەوە بەهاوپەیمانان دادەمرکێتەوە؟ یان ئەو هەموو ستەمکارەی مێژوو نەیانتوانیبێت بەو هەموو کارە رەشە کوژییە رەوتی مێژوو بەرەو دواوە بگێڕنەوە، تازە بەتازە بەچەند گروپێکی تیرۆریست بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە؟.

٤-عێراقێك ئەوە مێژووەکەی بێت تاوان نییە ئێمەی کورد بۆ لای بگەڕێینەوە؟ یان ئەوەتا ئێمەی کوردیش لەگەڵ شەڕو ململانێی و رەشەکوژی راهاتووین و بەئاشتی نامۆین؟.

٥-تۆ بڵێیت ئەزمونەکانی "٣٦٦" لاپەڕەی ئەم بەرهەمە ئەبێتە ئەزمونێك بۆ نووسەری ئەم بەرهەمەو هاونەتەوەکەی تائیتر واز لەڕەشەکوژی بهێنن و بەئاسن و ئاگر وەڵامی داخوازییە رەواکانی گەلانی ناعەرەبی عێراقی بدەنەوە؟

٦-یان ئەوەتا خوێن رشتن ئەزموونی ناوێت و عێراقییەکان و عێراقچیەکان بەبێ خوێن رشتن و مللامنێ هەڵناکەن!!.

کوردیش سەردەمانێك وتویەتی:
"تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبوتە"

لەبارەی پاکتاوی رەگەزییەوە

چاودێری کردنی نیتشەجێکردنی عەرەب لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە

عارف قوربانی

شیکردنەوەی هەنگاوەکانی پرۆسەی بەعەرەبکردن، دەهێنێ دەیان کتێبو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، هەر لەو عەرەبەی وەکو ئامرازی داگیرکاری بەکاربراوە، تا سەرجەم دامو دەزگا حیزبیو دەوڵەتییەکان، تا دەگاتە ئاستی سەرۆك کۆمار تیایدا بەشداربوونەو هەریەکێ بەجۆرێكو لەئاستێك دا رۆڵێکی پێ سپێردراوە بۆ جێبەجێکردنو خێراو کاراکردنی پرۆسەکەو تا چاودێریکردنی نیشتەجێکردنیانو پاشان زامنکردنی ئەمنیەتی ژیانو بژێوی خێزانە هاوردەکان، هەموو ئەمانە کە لەچوارچێوەی نەخشەیەکی شۆڤێنیانەدا پەیرەو کراوە، رەنگە دەزگایەك یان لیژنەیەك تەنها کاری دەستنیشان کردنی ناوچەی پێویست بووبێت بۆ بەعەرەبکردنەکە.. خەڵکانێك کاریان دەستنیشانکردنی کەسانی راگوێزراو بووە ئەوانەی پێویست بووە دەربکرێن. خەڵکانێك کاری توێژینەوە بووە لەسەرئەوەی چ جۆرە کەسێك بهێنرێت بۆ ئەو ناوچەیەو دەیانو دەیان لیژنەی تر هەبوون بۆ جێبەجێکردنو سەرخستنی پرۆسەکە.. چونکە بێ بەرنامەو لەخۆڕا نەبووە کەگوندێکی شیعە مەزهەبی تورکمان راگوێزراوە بەڵام عەرەبی سونە مەزەبیان هێناوەتە شوێنیو هەر لەتەنیشتی ئەو گوندەدا کە گوندێکی کوردی سونە مەزهەبیان راگواستووە چون عەرەبی شیعەیان هێناوەتە شوێنیان.. ئەم حاڵەتانە پێشتر دراسەی ورد کراونو هەوڵیان داوە زۆرترین خاڵی ناکۆکی دروست بکەن لەنێوان ئەم (داگیرکەرو قوربانی‌یەدا).! ئەمانەی سەرەوە هەموویان بەدەر لەوەی هەر مرۆڤێکی ئاسایی درکی پێدەکات کە ئێستاش لەسەر ئەرزی واقیع دا بوونی هەیە، لەنێو ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەش دا کە لەدامودەزگاکانی بەعس دا، بەردەست کەوتن هەموویان دەلیلی ئەو سیاسەتە شۆفێنی‌یە خەتەرناکەنو زۆر نهێنیو حاڵەتی مەترسی دار دەردەخەن کەئێستاش مرۆڤ لەئاستیان دا توشی سەرسورمان دەبێ..

ئاستی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی تەعریب بێ هیچ دوو دڵیەك دەتوانم بڵێم لەخودی سەدام حسێنەوە تا هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة ثورة) و سەرانی دامودەزگاکانی بەعسو حکومەت، سەرپەرشتیو چاودێری وردی جێبەجێکردنەکەیان کردووە.. دەیان بەڵگەنامە هەن ئەو راستییە دەردەخەن کەرۆژانە چەندین نوسراو نوسراوکاری لەنێوان دامو دەزگاکان هاتووچۆی پێ کراوە کەپەیوەندیان بەپرۆسەی تەعریبەوە هەیە، تا پەیوەندی تەلەفونیو بروسکەی نهێنی رۆژانە کە هەموویان بۆ بەعەرەب کردن کاریان پێکراوە کە ئەمە بەدەر لەوەی چەندین بڕیارو راسپاردەو یاسای


الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
عضو مجلس قيادة الثورة
نائب رئيس الجمهورية
طه ياسين رمضان
لجنة الشمال
(السكرتارية)
سري وشخصي
العدد: ٢٠/ ١٠٤٢
التاريخ: ٢٩/ ٦/ ١٩٩٧
أمر
١- تشكل لجنة برئاسة قائمقام مركز كركوك وعضوية كل من:
أ- ممثل عن سكرتارية لجنة الشمال.
ب- مدراء نواحي (الدبس- التون كوبري- تازة).
ج- امناء سر الفرق الحزبية في النواحي المذكورة.
د- ضباط أمن النواحي آنفة الذكر.
هـ- مدير قسم الأراضي في دائرة زراعة التأميم.
و- مسؤولو الشعب الزراعية في النواحي الثلاث المشار إليها أعلاه.
٢- تتولى اللجنة ...
طه ياسين رمضان
نائب رئيس الجمهورية
رئيس لجنة الشمال
حزيران ٩٧

تایبەتیشیان بۆ خزمەتی بەعەرەبکردن دەرکردووە.

تەنها بەوەندەوە نەوەستاون کە بڕیاریان داوە کورد لەسەرماڵو حاڵی خۆیو لەگوندی خۆیو لەسەر زەویو زاری خۆی دەرکرێت بڕیاریان داوە عەرەب بهێنرێتە شوێنیانو جگە لەو ئیمتیازاتانەی دەوڵەت پێی بەخشیوون هەموو ماڵو موڵکی ئەو کوردەشیان وەك ئیمتیاز جارێکی‌تر بەخشیوە بەعەرەبە هاوردەکەو بەدەر لەوەی کەبڕیاری گواستنەوەی نفوسو کۆبونی خۆراکی بۆ دراوەو وەزیفەی گواستراوەتەوە کەرکوكو گەر فەرمانبەریش نەبووبن بواری دامەزراندنیان بۆ رەخساندووەو هەموو رێو شوێنو ئاسانکاریەکیان بۆ کردووە لەپێناوی ئەوەی کە بێتو لەکەرکوكو ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێ بێت، جگە لەوانەی ناو شاریش ئەوانەی (موجەمەعاتی سەکەنی) لەدەوروبەری کەرکوك نیشتەجێ کراون وەك هەر عەرەبێکی تری هاوردە سودیان لەئیمتیازاتی نیتشەجێ بوون وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەش دا کەلوپەلی کشتوکاڵیو تراکتۆرو دەڕاسەو تەنانەت ساڵانە گەنجی تۆوکردن دەرمانی پێویستو کیمیایو هەرچی پێداویستی کشتوکاڵی هەیە دراوە پێیو تەنانەت زەویوزاری کوردیشیان چ بەشێوەی (عقدی زراعی) یاخود بەتاپۆوە کردوە بەناوییەوە..

بەم هەموو بەخششو ئیمتیازە زۆرەی کە وەك هاندان دراوە بەو عەرەبانە، تا بێنە ئەو ناوچانەی کەهێڵی تەعریبی بۆ کێشراوە، کە لەشوێنی پێشووی خۆیان خاوەنی هیچ نەبوون نە وەزیفەو نە خانوو نە زەویو نەهیچ شتێکی‌تر، لەکاتێك دا تەنها رازی بوونیان بە گواستنەوەیان لەناوەڕاستو خواروی عێراقەوە بۆ کوردستان، کردوونی بەخاوەنی ئەو هەموو سەروەتو سامانە کە هەزاران عەرەبیش بۆ خۆی لەشارو گوندەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق داوای ئەوەی کردووە بهێنرێتە کەرکوك، تا بەو ئیمتیازاتانە بگات، کەژیانی ١٠٠٪ گۆڕیوە لەخراپەوە بەرەو باشی.. لەگەڵ ئەوەش دا هێشتا سەرانی بەعس چەندین لیژنەیان پێك هێناوە بۆ چاودێریکردنی عەرەبە هاوردەکان تا بزانرێن چەند پەیڕەوی مەرجەکانی بەعس بوون لەگواستنەوەی نفوسیان بۆ کەرکوكو نیشتەجێ بوونیان..

ئەوەی لەم بەڵگەیەش دا بەرچاو دەکەوێت پێکهێنانی لیژنەیەکە بۆ ئەو چاودێری کردنە.. بەڵام لیژنەکە لەئاستی کەمپی نیشتەجێ بوونو ناحیەو قەزاو پارێزگادا بڕیاری لەسەر نەدراوە..

بەڵکو لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی کۆمار ئەو بڕیارە دراوە کە نوسراوێکی سەرۆکایەتی کۆمار.. ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرۆك کۆمار (تەها یاسین رەمەزان) دەقی بڕیارەکەی ئیمزا کردووە کە ئەوکات بەرپرسی لیژنەی کاروباری باکور بووە، نوسراوەکە لەرۆژی ١٩٩٧/٦/٢٩ بەژمارە (١٠٤٢/٢٠) دەرچووەو راستەوخۆ وەك بڕیار دەرکراوەو بەشێوەی نهێنیو تایبەت ئاراستە کراوە..

لیژنەکەش راستەوخۆ لەلایەن لیژنەی کاروباری باکورەوە، بڕیاری لەسەر دراوەو پێك هاتووە لەقایمقامی مەرکەزی کەرکوك، کە کراوەتە سەرپەرشتیاری لیژنەکەو نوێنەری سکرتاریەتی لیژنەی باکورو بەڕێوەبەری ناحیەکانی (دوبزو ئاڵتون کۆپریو تازە خورماتوو) هەروەها ئەندامێتی لێپرسراوی فیرقە حیزبیەکانی ئەو ناحێیانەو ئەفسەری ئەمنی ناحیەکانو بەڕێوەبەری بەشی زەویو زار لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوكو لێپرسراوی کشتوکاڵی ئەو ناحێیانە. کە ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە لەدوو خاڵ دا دیاری کراوە، یەکەمیان پێداچوونەوە بەنیتشەجێ کردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکانی (کەرکوك — ئاڵتون کۆپری، شوان) و (کەرکوكو دبزو بەرەو هەولێر) و (کەرکوك لەیلان) بووە بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی هەر عەشیرەتێکی عەرەبی کە هێنراونە ناوچەکەو زانیاری دەربارەی نیشتەجێ بوونیان تا چەند مەرجی نیشتەجێ بوونیان پەیڕەو کردووەو نفوسو کۆبۆنی خۆراکیان گواستۆتەوە بۆ ئەو ناوچانەو زانیاری دەربارەی ئەوەی چەند لەو زەویانەیان بەکارهێناوە کە بۆیان دیاری کراوە.

هەروەها ئەرکێکی تری لیژنەکە دەربڕینی راو سەرنجی خۆیان بووە بۆ سەقامگیری ناوچەکە کەمولزەم کراون بەراپۆرت لەوبارەیەوە سەرنجی خۆیان بدەن بە (تەها یاسین رەمەزان) ئەویش لەچوارچێوەی ئەو نەخشەو رێنماییانەی پێشتر دەرچووە لەبارەی تەعریبەوە..

ئەوەی لەم بەڵگەیەدا بەرچاو دەکەوێت، بەدەر لەوەی کەداننانە بەوەی عەرەبی هاوردەیان هێناوەتە ناوچەکانی دوبزو پردێو لەیلان لەدەوری کەرکوكو زەووزاری کوردیان داوەتێ. ئەو راستیەش دەردەخات، کەچەند لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی کۆمارو دەزگا باڵاکان گرنگیان بەمەسەلەی تەعریب داوە، ئەم بەڵگەیە دەلیلە لەسەر ئەو گرنگی پێدانەو لەهەمان کات دا ئەو راستیانەش دەخاتەڕوو کە چەند بەوردی

چاودێری هەنگاوەکانی پرۆسەی بەعەرەب کردنیان کردووە، چەند لایان مەبەست بووە کە پێویستە (نفوس)ەکەیان بگوێزنەوە بۆ کەرکوك چونکە بەدرێژایی حوکمی بەعس نەك هەر بەتەنها خواستی ئەوە بووە، لەرۆژگاری دەسەڵاتو حوکمی خۆیو بۆ داهاتوو رێژەی عەرەب لەناوچەکەدا زیاد بکات، بەڵکو هەوڵی داوە مێژووی رابردووی ناوچەکەش بشێوێنیو دەستکاری ئامارو سەرژمێریەکانی رابردووشی کردووە، لەپێناوی بەعەرەب کردنی ناوچەکەدا.. کە ئامانج لەهێنانی ئەو سەدان هەزار عەرەبەش بۆ ناوچەکەو گواستنەوەی نفوسیانو بەخشینی ئمیتیازات بۆیان، بۆ سەقام گیربوونیانو مانەوەیان لەناوچەکەدا تەنها بۆ داگیرکاری بووەو یەکێك لەئامرازە گرنگەکانی ئەو داگیرکاریەش (خەڵکی بەکاربردووە) کەسەدان هەزار خێزانی عەرەب بەئاگای خۆیان بووبن یان لەبێ ئاگای‌دا بێت کراون بەئامرازی ئەو داگیرکاریەو هەموو پشتیوانی‌یەکی یاسایو دارایو سەربازیشی بۆ دەستەبەر کردوون.. لەکۆی ئەو بەڵگەنامانەو ناوەڕۆکەکانیاندا ئەو بڕوایەت لا دروست دەبێت کە لەو هەموو قەیرانەی عێراق دا دەسەڵاتەکانی عێراق زۆرترین کاتو زۆرترین توانای خۆیان بۆ مەسەلەی (تەعریب) تەرخان کردووەو ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە لە (ئەولەویەتی) نەخشە ستراتیژیو ئامانجەکانی ئەو رژێمە گەندەڵەو دەوڵەتی عێراق دا (مەسەلەی تەعریب) کردنی کوردستان بەپلەی یەکەم هاتووەو لەسەرووی هەموو شتێکەوە کار بۆ ئەوە کراوە کە زیاترو زووتر ئەو شارو ناوچانەی دیاری کراون تەعریب بکرێنو دواجار کار گەیشتۆتە بەزۆر گۆڕینی ناسنامەی خەڵکەکەشی.

دەقی بەڵگەنامەکە

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
کۆماری عێراق
سەرۆکایەتی کۆمار
ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
جێگری سەرۆك کۆمار
تەها یاسین رەمەزان
لیژنەی باکور
سکرتاریەت
نهێنی و تایبەت
(بڕیار)
ژمارە (١٠٤٢/٢٠)
مێژوو: ١٩٩٧/٦/٢٩

١–لیژنەیەك پێك ئەهێنن بەسەرۆکایەتی قایمقامی مەرکەزی کەرکوكو ئەندامێتی هەریەك:
أ–نوێنەرێك لەسکرتاریەتی لیژنەی باکور.
ب–بەڕێوەبەری ناحیەکانی (دوبز ، ئاڵتون کۆپری ، تازە)
ج–لێپرسراوی فیرقە حیزبەکانی ئەو ناحێیانە
د–ئەفسەری ئەمنی ناحیەکان
هـ – بەڕێوەبەری بەشی زەویوزار لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوك
و–لێپرسراوی بەشی کشتوکاڵی لەناحیەکان.

٢–ئەو لیژنە پێداچوونەوەی کاری نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان لەناوچەکانی (کەرکوك — ئاڵتون کۆپریو شوان) و (کەرکوكو دوبز بەرەو هەولێر) و (کەرکوك — لەیلان) دەگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ زانینی ژمارەی تەواوی دانیشتوانی (بەڕاستی) لەهەر عەشیرەتێك لەو شوێنانەی کە بۆیان دەستنیشان کراوەو ئاستی بەجێهێنانی مەرجەکانی وەك گواستنەوەی نفوسیانو فۆرمی خۆراكو زانینی ئەو زەویانەی کەتا ئێستا بەکار نەهێنراون یان تەجاوزن.

٣–ئەو لیژنەیە راپۆرتان بۆ بەرز ئەکاتەوە لەگەڵ بۆچوونیان بۆ سەرقامگیری ئەو ناوچانە بەگوێرەی نەخشەی سەرەوەو تەعیلماتەکان (کە پێشتر دەرچووە).

٤–ئیشوکاری ئەم لیژنەیە بەسەرپەرشتی بەڕێز پارێزگاری (تەئمیم) دەبێو بەهەماهەنگی ئێوە بەڕێوەی دەبات.

ئیمزا
تەها یاسین رەمەزان
جێگری سەرۆك کۆمار
سەرۆکی لیژنەی باکور
حوزەیرانی ١٩٩٧

بەعس نەك هەر بەتەنها خواستی ئەوە بووە، لەرۆژگاری دەسەڵاتو حوکمی خۆیو بۆ داهاتوو رێژەی عەرەب لەناوچەکەدا زیاد بکات، بەڵکو هەوڵی داوە مێژووی رابردووی ناوچەکەش بشێوێنیو دەستکاری ئامارو سەرژمێریەکانی رابردووشی کردووە

دەیان بەڵگەنامە هەن ئەو راستییە دەردەخەن کەرۆژانە چەندین نوسراو نوسراوکاری لەنێوان دامو دەزگاکانی بەعس هاتووچۆی پێ کراوە کەپەیوەندیان بەپرۆسەی تەعریبەوە هەبووە..

تەعریبو سیستەمی پەروەردە

سەردار اسماعیل

ترۆپکی تەعریب لەسنوری دەوڵەتی عێراقیدا، بۆ سەردەمی بەعس دەگەرێتەوە. بەهاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لەعێراقدا، تەعریب چووە مەترسیدارترین ئاستو بەدڕندانەترین شێوە پیادەکراو، بوو بەبەشێکی دانەبراو لەشوناسی بەعسیانە بۆ عێراقو گەلەکەی. یەکێکیش لەو کەناڵو دامەزراوە گرنگانەی کەبەعس لێیەوە لەهەوڵی بەردەوامی کۆنترۆڵ کردنی گەلی عێراقو بەنج کردنیاندا بوو بە ئایدۆلۆژیای بەعسیزم، بواری پەروەردە بوو. ئەم بوارە بوحوکمی ئەوەی بەشێکە لەدامەزراوەی دەوڵەتو تۆڕێکی بەربڵاو و کاریگەرە لە کۆمەڵگادا، هەردەم رەنگدانەوەی سیاسەتو فەلسەفەی دەوڵەتی بەسەردا زاڵ بووە، لەمێژووەوە فێری ئەوە بووین کەدامەزراوەی پەروەردە دەتوانێ رۆڵێکی گەورە ببینێ لەگەیاندنو دابەزاندنی سیاسەتەکانی دەوڵەت بۆ سەر کۆمەڵگا. لەم راستیەوە بەعس باش لەوە گەیشتبوو کەدەتوانێ کەڵکی زۆر وەربگرێ لەو لایەنە، بۆ بەعەرەبکردنو دواتر بەبەعسی کردنی کۆمەڵ. هەربۆیە ئەم رژێمە هاوشانی راگەیاندنو میدیاکانو کەناڵەکانی پەروەردەی کۆمەلایەتیو سیاسین، پەروەردەو فێرکردنی بەجۆرێك دارشتبوو، کەئامانجە گشتیو تایبەتیەکانی دەستەبەر بکات. پرۆگرامەکانی خوێندن چ لەرووی ناوەرۆكو چ لەرووی تەکنیکی گەیاندن بەووردیو راستەوخۆ پەیوەندداربوون بەبەعسیزم. لەرووی ناوەرۆکەوە، بەعەرەبیکردنو دانانی بابەتگەلێکی عەرەبی، وەکو لەمادەکانی مێژوو، ئایین، جوگرافیاو هەتا بابەتەکانی تریش گەواهی ئەو راستیەن، ئەوە جگەلە بابەتی (پەروەردەی نیشتمانی)و هەندێك بابەتی تری رۆژانە. هەر هەموو ئەوانە لەدواجاردا مرۆڤی بارگاویدەکرد بەدنیا بینیەکی پان عەرەبیزم، وە ئێمەی کوردی دوور دەخستەوە لەهەست کردن بەئینتمای کورد بوون، بگرە هێزێکی گەورەی دەبەخشیە عەرەب بوون. ئەم سیاسەتە تەنها ئەو بابەتانەی نەگرتبۆوە کەزمانەکەیان عەرەبی بوو، بەڵکو بابەتی بەناو کوردیش لەناوەرۆکدا ئاوێنەی بیروباوەری پان عەرەبیزم بووە. بگرە لەئاستی رێزمانیشدا (مبتدء و خبر) کراوە بە (نیهادو گوزارە)و هەروەها. لەکاتێکدا جیاوازی زۆر هەیە لەرووی گرامەرەوە لەنێوان زمانی کوردی کەسەر بەبنەماڵەی (هیندۆ ئێرانی)یە، لەگەڵ زمانی عەرەبی کەدەچێتەوە سەر (سامی). هەر بۆنمونە لەعەرەبیدا ناو (اسم) بنچینەیە، وەهیچ رستەیەك دروست نابێ ئەگەر ناو یان جێگری ناوی تیانەبێ، بەڵکو رستە هەیە لەعەرەبیدا کە کردار (فعل)ی هەر تیادا نی‌یە. وەکو (زید قائم)، بەڵام لەکوردیدا وەکو (فارسی) بەپێچەوانەوە کردار (فعل) بنچینەیە، واتە: واتای رستە تەواو نابێت ئەگەر فرمانێکی بەهێز یان بێ هێزی تیادا نەبێت.

زمانەوانی لەنێوان کوردیو عەرەبی، بەشێکی جەوهەریو گرنگ بووە لەپرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردیدا لەسیستەمی پەروەردە. بەواتایەکی روونتر، بەهەڵەیەکی گەورەدا دەچین ئەگەر پێمان وابێت تەعریب هەمیشە بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار خۆی بەرجەستە دەکاتو، تەنها یەك رووی دیاری هەیە.

کارکردی میدیای پارتەکان لەسەر لاڵکردنی نەوەی ئێستا

نەبەز محەمەد

کوکوردم.. ززروانم.. لەلەلاڵە.. (قانع)

پێشەکی: راگەیاندنی کوردی یان میدیای پارتەکان، لەزۆر رووەوە هەڵدەگرێ قسەو باسی لەسەر بکەین، چ لەڕووی میتۆدلۆژیو چ لەڕووی پۆلێن کردنی بەرنامەو کاتو دۆخە سیاسیەکان کەتیایدا دەژین، یا لەڕووی فکرو ئاراستەکردنی بەرنامەو دیسپلین کردنی کارکردنییەوە، بەمانایەکیتر راگەیاندنی ئێمە لەناو ئەو هەموو کەناڵە جیاوازو گۆڤارو رۆژنامە بێ شومارەیدا، دەکرێت لەڕووی کۆنترۆڵکردنو زانستی راگەیاندنەوە بخرێتە بەر سەرنجو رەخنەو هەڵسەنگاندنی جدییەوە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمهەوێت لەسەری بوەستمو خۆم لەقەرەی بدەم هەڵوێستەیەکە لەمەڕ فکرو میکانیزمی ئیشکردنی میدیای پارتەکان لەسەر نەوەی ئێستا، واتە ئەم نووسینە تیشك خستنە سەر ئەو لایەنە نێگەتیڤانەیە کەمیدیای پارتەکان بۆ لەدەق دان و رەنگ رشتنی نەوەی ئێستا کەبەنیەتو بەرنامەیەکی دارێژراوەوە ئیشی لەسەر دەکەن. هەروەها شەرمو کلۆڵی ئەو میدیایانە لەئاست هەندێ ئەرکی گرنگ کەپێویستە بەلۆژیكو عەقلێکی تیۆریزە کراوەوە رووبەڕووی ببنەوە.

میدیای کوردی یان میدیای پارتەکان؟

قسەکردن لەسەر میدیای کوردی، دەبێ قسەکردن بێت لەسەر کۆی ئەو دەنگە کزو پەرتەوازانەی بەسەر پارتو لایەنە جیاجیاکاندا دابەش بووە، دەبێ قسەکردن بێت لەسەر کۆی هەموو ئەو گۆڤارو رۆژنامە جیاوازانەی سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکانی کوردستان تیایدا دەست بەکارن. هەڵبەتە ئەمەش بەناچاری، چونکە لەکوردستاندا تائێستا نە رۆژنامەیەك، نە گۆڤارێك، نە تیڤیەکی ئاسایی شك نابەین بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا ئێمە رۆژانە گوێ بیستی هەواڵی تەرخانکردنی دەیان ملیۆن دینارو دۆلارین کە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت بۆ پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆو مەلەوانگەو هتد.. کەچی هەر ئەو حکومەتی هەرێمی کوردستانە، تا ئێستا خاوەنی رۆژنامەیەکی ئاسایی خۆی نییە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئێمە خاوەنی حکومەتێکی راستەقینە نین لەباشووری کوردستان، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەو دوو ئیدارەیە کە لەسەر هەرێمی دابەشکراوی باشووری کوردستان، تەمسیلی حکومەتێکی هەڵپڕوچکاو دەکەن کە خەڵکی باشووری کوردستان، لەساڵی ١٩٩٢ دا بەتامەزرۆییو عەشقێکی زۆرەوە دەنگیان بۆ دەدا.

لێرەوە دەکرێ بڵێین بەکارهێنانی کاتی گۆڕی (میدیای کوردی) وەکو چەمکێکی گشتگیر لەبەرامبەر دەنگو هەناسەی راستەقینەی سەرجەم چینو توێژە جیاوازەکانی کوردستان مانایەکی کورتهێنو کەمدروست دەگرێتەبەر، واتە ئێمە خاوەنی میدیایەکی راستەقینە نین کەوێستگەی دەنگدانەوەی سەرجەم دەنگە جیاوازەکانی کوردستان بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە دەنگو راگەیاندنی ئەو حیزبانەیە کەتەنها دەتوانێ تەعبیر لەسیاسەتو بڕوای هەندێ لەکادرو ئەندامە جدیەکانی خۆی بکات، بەم پێیە ئێمە خاوەنی دەنگێکی راستەقینەو سیاسیانەی یەکگرتوو نین لەسەر ئاستی باشووری کوردستاندا، نموونەیەکی زۆر زەق و بەرچاو بۆ ئەم حاڵەتە کە من لێی دەدوێم مەسەلەی فیدراڵیەتو سەربەخۆییە، کە دەتوانین بیهێنینە بەرچاو، دەبینین زیاتر لەدوو ملیۆن دەنگ داوای سەربەخۆیی کوردستانو جیابوونەوە دەکات، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کوردو میدیای پارتە جیا جیاکانی کوردستان هەر بەشانو باڵی فیدراڵیەت دا هەڵدەدەن (لەکاتێکدا هەندێ لەو پارتانە کە گۆرانی بەفیدراڵیەت دا دەڵێن ئەگەر سەیری پرۆژەو بەرنامە فکریەکانیان بکەین لەڕاستیدا دژی هەر چەشنە ئازادییەکن لەکوردستاندا بەپلەی یەکەم حکومەتی سەربەخۆی کورد) بۆ نموونە با بڕوانینە هەندێك لەم پەرەگرافانەی دکتۆر سەباح بەرزنجی (کاتێك تەماشای پەیڕەوو پرۆگرامی بزوتنەوە دەکەین، دەبینین هیچ ئاماژەیەکی دوورو نزیك بۆ هەوڵدان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی تیا نیەو ئەو ئامانجە دوورو نزیکانەی دەستنیشان کراون، هەر هەمان ئامانجی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی جیهانی ئیسلامن، لەو وڵاتانەی کەهەموویان خاوەنی کەسایەتی نێودەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیانن‌و ئەو ئامانجانەی بزوتنەوە دەقاو دەق یا بەشیانەی نزیك هەر ئەو ئامانجانەن کەنوسەرانی رابونی ئیسلامی ئەوانەی کەهەموویان سەد لەسەد ئیسلامیەکان ئاماژەی بۆ دەکەن.. .. بۆیە ئێمە لەبزوتنەوەی ئیسلامیدا کاتێك دەمانەوێت چارەسەری کێشەی کورد بکرێت پێمان وایە گەڕانەوە بۆ نیزامی ویلایەتی ئیسلامی کە هەر هەموو گەلە مسوڵمانەکان وێڕای سەربەخۆیی ئیداریو ئابووری و رۆشنبیری لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی گەورەی خەلافەتی ئیسلامیدا کۆببنەوە، بۆئەوەی یەك ستراتیژو یەك سیاسەتی دەرەکی پەیڕەو بکەن.. هەربۆیە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی کە گەلەکەمان دابڕێت لەجیهانی ئیسلامیو لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی ئەبێتە فاکتەرێکی پیاهەڵچزانی گەلانی ناوچەکە بەکارێکی شەرعی نازانین.. .. ئەو مەنتیقەی لەپێناوی ئەو کیانەدا هەموو جۆرە رێگایەکی نۆکەرایەتیو داماڵدران لەبیروباوەڕی ئیسلامەتیو دابڕان لەڕیزی دەوڵەتانی ئیسلامیو ئەڵقە لەگوێیەتی کوفرو ئیمپریالیزم بەڕەوا دەزانێ، ئەو مەنتیقەشمان بەلاوە مەنتیقێکی هەڵەو پوچەو هەوڵدەدەین لاوانی گەلەکەمانی لێ ئاگادار بکەینەوە).(١)

هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، ژێر بەژێرو بەئاشکرا، بەهەموو هێزو تین‌و توانایەکی راگەیاندن‌و سیاسەتیانەوە، خەریکی خەساندن‌و دەستەمۆکردن‌و گۆش کردنی نەوەی تازە پێگەیشتوی کوردن لەپێناو دروستکردنی حەشاماتێکی ملکەچ‌و گوێڕایەڵ‌و نەزان، ئەویش لەپێناوی مەرامێکی سیاسیانەی دۆڕاوی عەرەبی ئیسلامی

ئیتر کاتێك هەست بەم لێکترازان‌و جیاوازییە گەورەیە دەکەین لەنێوان دەنگی راستەقینەی جەماوەرو میدیای حزبەکاندا ناکرێ‌و رەوا نییە چەمکی میدیای کوردی بەکاربهێنین رێگای چارەش ئەوەیە میدیای پارتە کوردییەکان بەکاربهێنین.

شەرمو کلۆڵی میدیای پارتەکان:

میدیای پارتەکان کە هەتا ئێستاش لەناو رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنداو لەسەر لێوی خوێنەوارەکانمان بەمیدیای کوردی ناوزەد دەکرێت، میدیایەکی شەرمن‌و کلۆڵە لەئاست دەربڕینی مەرامە سیاسیو سۆسیۆلۆژیو مۆراڵییەکانی نەوەی ئێستا، میدیای پارتەکان ئەگەر چی وەکو کەرەستەو ئالیەت، خۆی لەخۆیدا کەرەستەیەکی مۆدێرنە، بەڵام وەکو تێزو فکر، وەکو عەقڵو فەلسەفە کەمترین توانستی هەیە لەڕەنگ ڕشتنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا، لاوازترین رەکیزەو شەرمنترین زمانی هەیە لەسەر ئاراستەکردنی نەوەی ئێستاو پێگەیاندنی جیلێکی هاوچەرخ، میدیای پارتەکان ئەگەر تا ئێستا ناتوانێ وەکو دەنگی هێزێکی راستەقینەی سکۆلار رۆڵی خۆی لەو ئەرکە گرنگەدا ببینێت، واتە ئەگەر ناتوانێت بەشێوەیەکی شەفافو روون دوور لەهەر قۆرخ بوونێكو پاشکۆیەتییەکی سیاسیانە ببێتە مینبەرێکی ئازاد بۆ خۆ دەربڕینی نەوەی ئێستا، ئەگەر میدیای پارتەکان هێشتا مەیلێکی کلتورالیزمی نێگەتیڤانە بەسەریدا زاڵەو کەمتر خۆی لەقەرەی چارەسەرێکی جدیانە دەدات لەئاست کێشە هەنووکەییەکانی نەوەی ئێستا لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقییەوە، ئەوا لەلایەکی ترەوە میدیای پارتەکان رۆڵێکی کاریگەر لەسەر بێدەنگ کردن‌و لاڵکردنی نەوەی ئێستا دەبینێت، بەڵام بەر لەوەی بچمە سەر ئەم لایەنە، پێویستە ئەوە باشتر روون بکەینەوە کە میدیای پارتەکان لەکوێوە شەرمن‌و کلۆڵن، لەکوێوەو لەکوێدا سستو بێ خەمن، یا بۆچی کەمتر خۆ لەقەرەی ئەو ئەرکە گرنگە دەدەن کە پێویستە بۆ نەوەی ئێستا، بەڵام بەرلەوە پێویستە جیاکارییەك یان دەستنیشانکردنی دوو رەوتی جیاواز لەمیدیای پارتەکاندا بکەین، کە هەریەکیان هێندەی سەنگو قەبارەو مەرامی خۆیان ئەو رۆڵە نێگەتیڤە دەگێڕن، ئاشکرایە ئەم دوو رەوتە جیاوازەی لەکوردستاندا کار لەسەر نەوەی ئێستا دەکەن بەدەرەجەی یەك (عەلمانییە ناسیۆنالیستەکان) و (ئیسلامییە ئۆتۆریتیستەکان)ن، من لێرەدا زۆر بەکورتی لەسەر هەریەك لە راگەیاندنی ئەم دوو رەوتە دەوەستمو مەبەستەکەم زیاتر روون دەکەمەوە.

١–میدیای پارتە ناسیۆنالیستەکان:

من گومانم لەوە نییە کە ئێمە ناتوانین هیچ هێزو تەیارێك لەکوردستاندا وەکو هێزێکی سکۆلارو ناسیۆنالیزمێکی راستەقینە دەستنیشان بکەین، هەڵبەت بەو مانایە نا کە هیچ کام لەم هێزانە تەعبیر لەناسیۆنالیزمو عەلمانییەت ناکەن، یان ریشەیەکی ناسیۆنالیستو عەلمانییان نییە، بەڵکو ئەم بۆچوونە لەوێوە دروستە کەهیچ کام لەفکری هێزەکانی کوردستان بەتێزو میتۆدەکانی عەلمانییەتو ناسیۆنالیزم تیۆریزە نەکراون، هەروەها مێژوو ئەخلاقیاتی حیزبایەتی ئێمە پڕە لەخاڵی ناتەبا بەجەوهەری عەلمانییەتو ناسیۆنالیزم، هەروەها ئەوەی کە هەیە تێکەڵەیەکە لە عەشقو سۆزی کوردایەتی ئاوێتەیە بەجۆشو دەبدەبەی تایەفەو بنەماڵەگەری، سەرەڕای هێنانی هەر فکرو فەلسەفەیەکی رادیکاڵانەی مارکسیو دینی وە تێکترنجاندنی بەکوردایەتی، هەر لێرەوەیە کەمیدیای ئەم پارتانە بەمانایەکی رادیکاڵانە ناتوانێت ببێتە سەکۆیەکی عەلمانیو رۆڵی خۆی وەکو پێویست لەبونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا ببینێت، ئاخر پارتێکی لیبراڵو دیموکرات خواز نەیتوانیبێت تا ئاستێکی کەمیش بێت دیموکراسیەتو مافە ئاساییەکانی تاك بکات بەبەشێك لەئەخلاقو کولتوری خۆی، چۆن دەتوانێت بەمیدیایەکی لەم چەشنەوە ئامادەیی هەبێت، بڕەودان بە مەلاو بە تەقدیس گرتنی فەرمایشتەکانیان‌و تاڕادەیەکی بەمەرجەع گرتن‌و گەرم کردنی دیوەخانی تایەفەکان‌و هەڵڕشتنی پارەو پول بۆیان‌و لەولاشەوە خستنە پەراوێزی خوێندکارو لاوان لەسەر ئینتمای حزبی جیاوازو هەروەها داخستنی چەندین گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوە لەبەر خاتری ئیسلامییە ئۆتۆریتیستیەکان سەلمێنەری شەرمو کلۆڵیو هێزە عەلمانییەکانە، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو سانسۆرە لەسەر فیلمو تەنانەت هەندێ جار کلیپی گۆرانییەکان، یان گەیشتنی ریکلامە تورکیو فارسیەکان بەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان، هەروەها ناوبردنی هێزە ئیسلامییە توندڕەوە تیرۆریستەکان بە (هێزە توندڕەوە بەناو ئیسلامییەکان)! لەمیدیای پارتە عەلمانییەکان دا خۆی لەخۆیدا گەورەترین پۆزشو بەرگرییە لە دین، خۆ بەمسوڵمانترزانینیش لە هێزە ئیسلامییەکان زەقترین نمونەی ئەو شەرمو کلۆڵییە، میدیای پارتەکان لەبەردەم میدیای ناسیۆنالیزمی عەرەبیشدا کلۆڵییان بەڕادەیەکە مایەی شەرمەزارییەکی کوشندەیە بۆ نموونە خالید قەشتینی لەنووسینێکیدا کە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە (١٩٥ چوارشەممە ٢٠٠٤/١٠/١٣) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو بڵاوی کردۆتەوە، لەژێر ناوی (کورد بۆ داوای جیابوونەوە دەکات) وەکو برایەکی بەعسییانە ئامۆژگاریمان دەکات کە ئێمەی کورد داوای جیابوونەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ نەکەین، لەبەرئەوەی زمانی کوردی زمانێکی هەژارەو نووسەرو شاعیرەکانمان بەزمانی ئەوان نەبێت ناتوانن ناوبانگ دەربکەن، یان دەڵێت خەڵکی هەڵەبجەو ئامێدی لەیەکتری ناگەن‌و کوردی تورکیاش بەڕێنووسێکی تر دەنوسن، هەروەها کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییەو بەکەڵکی بازرگانیو ترانزێت نایەت وەکو باشووری ئەردەن‌و سوریا، ناتوانێت خۆی بەخێو بکات، تەنها نەوتی کەرکوکمان هەیە ئەویش کاتییەو بەسامان ناژمێردرێت، هەروەها گەشتوگوزاری کوردستان ئەو سودەی نییە چونکە شوێنەواری ئاپینیو مێژوویی وای تیا نییەو هەتا تورکیاو ئەردەن وەستا بێت کەس رووناکاتە کوردستان. واتە ناتوانین خۆمان بەخێو بکەین.

هەر لەپاڵ ئەم نووسینەی (قەشتینیدا) شێرزاد تاڵەبانی لەژێر ناونیشانی (بەڵێ کورد داوای ئازادی دەکات) وەڵامی ئەم نووسینەی داوەتەوە، بەڵام چ وەڵامێك، کە ئێمە لە سەردەمێکدا کە لە ژێر پێلەقەی بەعسییەکان دا بووین ئەو جۆرە وەڵامەمان هەر هەبوو، شێرزاد دەڵێت (پەرلەمان‌و پارتە سیاسییەکان دروشمی فیدراڵیان بەرز کردۆتەوە، ئەوانەی باسی جیابوونەوەی کوردستان دەکەن راست ناکەن‌و دەیانەوێت لەپاڵ ئەوەدا تۆمەت بخەنە پاڵ کورد).

٢–میدیای ئیسلامیبە ئۆتۆریتیستیەکان:

بەپێچەوانەی هێزە عەلمانییەکانەوە، هەر لەسەرەتای راپەڕینەوەو لەسەرەتای دابەزینی هێزە سیاسییەکان بۆ سەر رووبەری کوردستان، پارتە ئیسلامییەکان کە ئەوسا تەنها لەچوارچێوەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا خۆیان گرد کردبۆوە، بەکۆمەڵێك بیرو راو فەتوای کوشندەو تیرۆریزە کراو بەدەقو تێکستە دینییەکان هاتنە گۆڕەپانەکەوەو هەڕەشەی نامرۆڤانەیان لەکۆمەڵگای کوردەواریو کوردایەتیو دەسەڵاتی کورد کرد، حەرامکردنی پەرلەمان‌و هەر شێوازێکی حکومەتی نادینی لە کتێبەکانی عەلی باپیردا، وەك پێشتر روونمان کردەوە حەرام کردنی حکومەتی سەربەخۆی کورد تەنانەت ئەگەر ئیسلامیش بێت‌و نەچێتە ناو دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامییەوە بەڵگەی بوون‌و ئاشکران بۆ دژایەتیکردنی هەر چەشنە بوژانەوەیەکی ئاگایانە چ جای گرتنەبەری پەروەردەیەکی مۆدێرن خوازانە، دواتریش کە یەکگرتووی ئیسلامی دروست بوو ئەوانیش بەئاشکرا دەڵێن (سەرقاڵی جێبەجێکردنی قۆنەغەکانی گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامین(٢)) سەبارەت بەتوندوتیژیش لای یەکگرتووش (عنفی مشروع) و نا مەشروع هەیە (بۆ نموونە ئەو عونفەی لەچیچان‌و ئەفغان‌و فەلەستین هەیە دەچنە چوارچێوەی عونفی مەشروعەوە)(٣).

بەم پێیە هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، ژێر بەژێرو بەئاشکرا، بەهەموو هێزو تین‌و توانایەکی راگەیاندن‌و سیاسەتیانەوە، خەریکی خەساندن‌و دەستەمۆکردن‌و گۆش کردنی نەوەی تازە پێگەیشتوی کوردن لەپێناو دروستکردنی حەشاماتێکی ملکەچ‌و گوێڕایەڵ‌و نەزان، ئەویش لەپێناوی مەرامێکی سیاسیانەی دۆڕاوی عەرەبی ئیسلامی، تەنانەت لەپرۆگرامی ئەو هێزانەدا بۆ نمونە (یەکگرتوی ئیسلامی) کار دەگاتە ئەوەی چەند جۆرێك (بەیعەت) لەئەندامەکانیان وەربگرن وەکو بەیعەتی سەربڕین واتە (ئەو بەیعەتەی ئیبراهیم لەئیسماعیلی وەردەگرێ)(٤).

هێزە ئیسلامییەکان جگە لەوەی هەر تاکێکی ئازادو خاوەن باوەڕی ترو سەربەخۆ بە (تاغوت‌و جاهیل‌و مولحید) دەزانن، بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو و شمولی دژایەتی لیبراڵیەت‌و رۆشنگەری‌و هەر فکرێکی مۆدێرن دەکەن، رۆژانە لەمزگەوت‌و رادیۆو تیڤییەکانیانەوە بە ئاشکرا سوکایەتی بەلاوان‌و گەنجانی نائیسلامی دەکەن‌و هەڕەشە لەژیانیان دەکەن

هێزە ئیسلامییەکان جگە لەوەی هەر تاکێکی ئازادو خاوەن باوەڕی ترو سەربەخۆ بە (تاغوتو جاهیل‌و مولحید) دەزانن، بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو و شمولی دژایەتی لیبراڵیەتو رۆشنگەری‌و هەر فکرێکی مۆدێرن دەکەن، رۆژانە لەمزگەوتو رادیۆو تیڤییەکانیانەوە بە ئاشکرا سوکایەتی بەلاوان‌و گەنجانی نائیسلامی دەکەن‌و هەڕەشە لەژیانیان دەکەن، ئەمە جگە لەو ئەعلامە عەرەبیو فارسییەی لەکوردستاندا خستویانەتە گەڕو نەوەی ئێستایان بەرەو هەڵدێرێکی کوشندە بردووە، هەر ئەوە کە چەندین لاوی مێر منداڵی کورد لە فەلوجەو پێشتریش لە ئەفغان بە کوشت دراون نمونەی ئاشکرای لەو چەشنەن.

ئیتر کاتێك هەست بەم لێکترازان‌و جیاوازییە گەورەیە دەکەین لەنێوان دەنگی راستەقینەی جەماوەرو میدیای حزبەکاندا ناکرێ‌و رەوا نییە چەمکی میدیای کوردی بەکاربهێنین رێگای چارەش ئەوەیە میدیای پارتە کوردییەکان بەکاربهێنین

کارکردی میدیاکان لەسەر لاڵ کردنی نەوەی ئێستا:

میدیاکان بەگشتی بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، رۆڵ دەگێڕن لەلاڵکردن‌و سەرکوتکردن‌و بێدەنگ کردنی نەوەی ئێستا، ئەگەر قسە لەزۆریو بێ شوماری بڵاوکراوەکان بکرێ، ئەوە هەرگیز بیانوو نییە بۆ دیموکراسییەت، چونکە دەکرێ زۆرێك لەو بڵاڤۆکانە خزمەت بە بیری تۆتالیتاریانەو کۆنزەرڤاتیزم بکەن، وەك ئەوەی لەوڵاتی ئێران دا هەیە، لێرەش زۆرێك لە دەزگاکانی پەخش‌و راگەیاندن هی ئەو هێزانەن کە بەئاشکرا دژایەتی مافەکانی مرۆڤو ئازادی گەنجان‌و جلوبەرگی ژنان دەکەن، هەندێك لەو هێزانە زۆر بێ شەرمانە، قەیدو بەند لەسەر مافەکان دادەنێن‌و دەڵێن ئەوەمان بە دڵەو ئەوەمان بە دڵ نییە(٥).

قسەی جدی ئێمە لەسەر ئەو راگەیاندنە پەرشو بڵاوە ئەوەیە کە لە خزمەت پێگەیاندنی نەوەیەکی مۆدێرن دا نییە کە وەکو پێویست نەوەیەکی بەرجەستەو وشیار بەتێزو میتۆدە هاوچەرخەکان‌و مافە ئاساییەکانی خۆیو ئەرکەکانی خۆی، ئاشنا بکات، وە کارکردی ئاگایانەو نا ئاگایانەی ئەم میدیایانە لەسەر لاڵکردنی نەوەی ئێستا ئاشکرایە بۆ نموونە لە راگەیاندنەکان دا ئەوە بڕاوەتەوە کە ئەنفال پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، لە کاتێکدا کۆلکە خوێنەوارێکیش ئەوە دەزانێت کە ئەگەر کەرەستە سەربازییەکانی ئەنفال بەرهەمە تەکنەلۆژییەکانی مۆدێرنەو دەستکردی ئەوروپیو بیانییەکانن، کە زۆر جار ئیسلامییەکان ئەم خاڵە زەق دەکەنەوە ئەوا هەموو کەرەستە فکرییەکانی ئەنفال ئەو ئایەتو تێکستانەی قورئانن کە تا ئێستا کەس بۆی نییە بە ئاشکرا پەنجەیان بخاتە سەر، وە هەموو ئەو هێزو دەوڵەتانەی پشتیوانیو بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا کرد حکومەتە ئیسلامییەکان بوون، چ وەکو بەشداری سیاسیو پشتیوانی مادی و مەعنەوی، چ وەکو لایەنی سەربازیو کڕینی کچە جەحێڵەکانی گەرمیان بۆ بازرگانی سێکسی لەمەلهاکانیاندا، ئەمە جگە لەوەی ئەنفال کردن بەدەستی بەعسییەکان یەکەم ئەنفالی کورد نییەو تاڵانکردنی سەرو ماڵی کورد مێژوویەکی دێرینی هەیە لەمێژووی شکۆداری ئیسلامی عەرەبیدا، کەچی سەرجەم مەلاو خوێندەوارە مسوڵمانەکانی کورد پاکانە بۆ ئەو مێژووە زێڕینەو فتوحاتی ئیسلامی دەکەن، ئەگەر میدیای پارتە ئیسلامییەکان بە ئاشکرا ئەو رۆڵە دەگێڕن بەهەرحاڵ، بەڵام لەسەر شاشەی PUK و (مەمی بورهان قانع) کە گەنجێك دەیویست بەڕەخنەیەك بەشداری ئەو مشتومڕەی نێوان شوان ئەحمەدو ئەبوبەکر سدیق بکات کەچی کاکە مەم یەکسەر بێ سێو دوو بە بیانووی ئەوەی ئەنفال پەیوەندی بەئیسلامەوە نییەو ئەوە براوەتەوە (حسم)، سەرکوتی دەکاتو پەیوەندییەکەی دەچڕێ ئەمە یانی چیو؟ بە چ مانایەکە؟!.

بەهەرحاڵ کارکردن لەپرۆسەی لاڵکردنی نەوەی ئێستادا رووبەرێکی فراوانتری هەیە لەمیدیای پارتەکاندا، بەڵام من لێرەدا هەرئەوەندەم بۆ خرایەروو بەهۆی مەزاجی رۆژنامەییەوە کە لەڕاستیدا ئەم نووسینە کورتەی وتارێکی درێژترو مەنهەجی ترە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١–(گۆشە نیگایەك بۆ دین‌و دەوڵەتو کوردستان) سەباح بەرزنجی، گۆڤاری جەماوەر ژمارە ٥٨ لاپەرە ٣١–٣٢.
٢–بانگەوازو فیکرو سیاسەت – دوو بەرگ – چاپی یەکەم ١٩٩٨ ئامادەکردنی: لیژنەی پسپۆڕ. لاپەرە ١٧٥.
٣–هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢٥٦.
٤–هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٧٦. (وەرگرتن‌و جێبەجێکردنی ئەم بەیعەتە لەناو یەکگرتووی ئیسلامیدا لەدوو رووەوە جێی نیگەرانییەو پێویستە پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، تا بەبڕیارێك دژ بەوجۆرە هەڵوێستو بەیعەتە بوەستێتەوەو ناچاریان بکات کە ئەو بەرنامەیە هەڵوەشێننەوەو، وە هەرجۆرە پرەنسیپێکی وا لەحیزبەکاندا قەدەغە بکرێت ئەویش لەبەر دوو هۆ).
أ–ئەم جۆرە بەیعەتە ملکەچکردنی تەواوی هەر ئەندامێکە بەسەرانی ئەو حیزبەو دەرچونیش لێی بەتاوان دەژمێردرێت ئەمەش دژ بە مافەکانی مرۆڤو حکومەتی دیموکراسیو مەدەنییە.
ب–ئەم جۆرە بەیعەت وەرگرتنە بۆ دروست کردنی هێزێکی سەربازییە لەپێناو شەڕێکی خوێناوی درێژخایەندا، هەر بۆ نمونە ئەم پەرەگرافانەی خۆیان دەخەمە بەرچاو (ئەمڕۆ بەشوێن ئەو کەسانەدا دەگەڕێین کە لەتوانایاندا هەیە ببنە سەربازێکی گوێڕایەڵ‌و .. .. قسەکانی عەباسی کوڕی عوبادەمان لەبیرە کە لەبەیعەی عەقەبەی دووەمدا هاوڕێکانی لەهەر رازی بوونێکی بەپەلەو پێش وەخت یا هەر بڕیارێکی سەرپێیو حەماسەتێکی دەرونی ئاگاداری کردنەوەو پێی وتن ئەزانن بۆچی بەیعەت بەم پیاوە دەدەم "انکم تبایعون علی الحرب الاحمر والاسود وعلی نکهه الاموال وقتل الاشراف" ئینجا قسەکانی ئەسعەدی کوڕی زورارەشمان لەیادە کەڕوو بەخەڵکەکە وتی "اخراج رسول الله الیم مناداة للعرب کافة وقتل خیارکم وان تعضکم السیوف" موسڵمان کاتێك بەیعەت دەدات پێویستە هەموو ئەمانەی لەیاد بێت چونکە ململانێکە وردە وردە سەردەکێشێ بۆ ئەو رووبەڕووبونەوەیە) هەمان سەرچاوە لاپەرە ..١٧٣
٥–بۆ نموونە (یەکگرتوی ئیسلامی دەڵێت ئێمە لەگەڵ بەندی ١٦ و ١٨ ی بەندەکانی مافی مرۆڤ ناگونجێین) هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢٣٣.

پەیامی لاپەڕە

حەمە بچکۆڵ

ماوەیەکە باسو خواسی ئەوە لەئارادایە، گوایە ئەو وەرزشکارە دێرینانەی ماوەی ٢٥ ساڵی بەردەوامو بەرەوژوور، خزمەتی وەرزشیان کردوە، وەکو هونەرمەندە بەڕێزەکان، لەلایەن (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ەوە، دەستی ڕێزو نرخاندنیان دەخرێتەسەرو مووچەیەکی مانگانەیان بۆ ئەبردرێتەوە بەگوێرە ساڵی خزمەتیان، بێگومان ئەمە ئاورێکی دڵسۆزانەو بەئەمەکانەو نیشتمانپەروەرانەیە، کەلەوەرزشکارانی کوردستان ئەدرێتەوەو دەستێکی نەرمو بێگەردە کەئارەقی چەندین ساڵەی تەمەنی وەرزشی منداڵیو لاویو برێکیش لەخەزانی تەمەنی وەرزشکارە دێرینەکان ئەسرێ، دیارە وەرزشکارانی کوردستان بەباشی نرخی ئەم ڕێزلێنانە ئەزانن، بەڵام ئەوەی وەرزشکاران زۆر مەبەستیانە ئەوەیە:

یەکەم/ جێبەجێکردنی ئەم بریارە لەمە زیاتر دوانەخرێ، چونکە زیاتر لەشەش مانگە ئەم مەسەلەیە لەئارادایەو لەتەتەڵەکردنو بێژانەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەدایە، لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێزی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانو لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە...

دووەم/ هیوادارین لیژنەیەکی بێلایەنو پاکو بێگەردو دادپەروەرو بەتەمەنی ناو وەرزشکاران دابنرێ بۆ دیاریکردنی خەڵکانی وەرزشکاری ماندووی شایستە بەو ڕێزلێنانە، کەهەموو وەرزشکارێکی کوردستان لەسایەی تەرازووی بریارەکاندا هەقی خۆیان وەربگرن.

سێیەم/ ئەو خشتەیەی کەزانیارییەکانی مێژووی وەرزشکارە دێرینەکانی تیادایە، هیوادارین خشتەیەکی تێرو تەسەلو پڕ پرسیارو وەڵام بێتو لیژنەی ووردبینی بەدواوە بێت.

لەخولی فوتبۆڵی یانە پلە نایابەکانی عێراق دا

سیروانی نوێ یەکەمین بردنەوەی بەدەست هێنا.. سلێمانیش بۆ جاری دووەم بەرامبەر بوو..

"سلێمانی" سفر، "قوە جەوی" سفر
٥ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٢٨ لەیاریگای سلێمانی

تایمی یەکەم:

سەعات "٢"ی پاش نیوەڕۆ فیکەی دەست پێکردنی یاری لێدا..

لەدەقیقەی ٣ی سەرەتای یارییەکەدا هێرشبەری سلێمانی "کوردستان زاهیر" تۆپێکی بەپاک کراویو ئاسانی دا بەهێرشبەرەکەی هاوڕێی "سەفاء نوری" بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا "سەفاء" هەوڵێکی باشیدا بۆی بەڵام گۆڵی نەکرد، .. لەم تایمەدا تیپی "قوە جەوی" بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ناوەڕاستی کردبوو، بەڵام هێڵی بەرگری سلێمانی کەهەمیشە بە ٥ یاریکەر یارییان ئەکرد ماوەی ئەوەیان نەئەدا کەتیپی "قوە جەوی" لەناو هێڵی سزایان دا بەئاسانی شووت لێدەن بۆ گۆڵی سلێمانی، لەدەقیقەی ٤٣دا لەئەنجامی فاولێکی تیپی "قوە جەوی" لەسەر بازنەی هێڵی سزاوە کەدای بەشیشی سەرەوەی گۆڵی سلێمانیدا و گۆڵچی سلێمانی خۆی بۆ هەڵداو کەوتەوە تۆپەکەش کەوتەوە بەرپێی هێرشبەرێکی تیپی میوان لەدوری سێ مەترەوە بەڵام زۆر بەسوكو ئاسانی خستییە دەستی گۆڵچی سلێمانییەوە، لەئەنجامی خۆهەڵدانی گۆڵچی سلێمانیو کەوتنەوەی، شانی ئازاری گەیشتو هێنرایە دەرەوەو گۆڵچی یەدەك خرایە شوێنی.

تایمی دووەم:

ئەم تایمەش تیی "قوە جەوی" بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ناوەڕاستی یاریگایان کردبوو، بەتەواوەتی بڵاوبووبوونەوە، بەڵام هەموو هێرشەکانیان لەسەر دەستی پۆلاینی هێڵی بەرگری سلێمانیدا کە زۆر بەچڕیو پڕیو ئازایانە یارییان ئەکرد، کۆتایی ئەهات، لەڕاستیش دا هێڵی بەرگری سلێمانی بەدرێژایی یارییەکە هەمیشە پێنج یاریکەر کەمتر نەبوون، سلێمانیش جارجار بەهێرشی پێچەوانەی خێرا هەندێ فشاریان ئەخستە سەر تیپی میوان، ئەوەبوو لەدەقیقەی ٣٧ هێرشبەری سلێمانی "سەفاء نوری" هەلێکی لەناو هێڵی سزادا بۆ ڕێکەوت بەڵام بەفیڕۆیدا، داوەرەکانی یارییەکەش بەبێ لایەنانەو سەرکەوتووانە یارییەکەیان بەڕێوەبرد.

بەم یارییەشەوە، ئەمە دووەمین یارییە کەسلێمانی لەناو جەماوەرو یاریگای خۆیدا یەکسان ئەوەستێ، بەم دوو یارییە ئێستا سلێمانی دوو خاڵی هەیە.

سیروانی نوێ ٢ گۆڵ پێرس سفر
هەینی ٢٠٠٤/١٠/٢٩ لەیاریگای سلێمانی

تایمی یەکەم:

لەم تایمەدا هەردوو تیپ هێرش بەهێرش یارییان ئەکرد، لەدەقیقەی ١٨دا لەفاولێکەوە کە لەدووری نزیکەی زیاتر لە ٣٥ مەترەوە بوو، یانەی سیروانی نوێ تۆپێکیان دا بەشیشی سەرەوەی گۆڵی پێرس دا، لە دەقیقەی ٢٣دا هێرشبەرێکی یانەی سیروانی نوێ هەلێکی زۆر ئاسانی بەفیڕۆدا لەدەقیقەی ٣٣دا هێرشبەرێکی یانەی پێرس شوتێکی زۆر جوانی لێدا بەسەر شیشی گۆڵی یانەی سیروانی نوێدا بەتیژی تێپەڕی.

تایمی دووەم:

ئەم تایمە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وردە وردە یانەی سیروانی نوێ کۆنترۆڵی یارییەکەی ئەکرد، لەدەقیقەی ٢٩ دا لەئەنجامی هەڵەیەکی یاریکەرێکی هێڵی بەرگری یانەی "پێرس"ەوە یاریکەری یەدەکی یانەی "سیروانی نوێ" "یاسر" لەناو هێڵی شەش یاردەی تیپی پێرس دا هەڵەکەی قۆستەوەو زۆر ژیرانە تۆپەکەی بەسەر گۆڵچییەکەدا هەڵداو گۆڵی یەکەمی بۆ "سیروانی نوێ" تۆمار کرد،.. لەدەقیقەی "٣٣"دا "یاسر" شوتێکی لێدا لەگۆڵچی پێرس دەرچوو بەڵام یاریکەرێکی هێڵی بەرگری "پێرس" زۆر ئازایانەو سەرسوڕهێنەرانە تۆپەکەی لەسەر هێڵی گۆڵەکە دەرهێنایەوەو تیپەکەی لەگۆڵێکی مسۆگەر ڕزگار کرد.

لە دەقیقەی ٣٦دا هێرشبەرێکی پێرس لەناو هێڵی سزادا تۆپێکی ڕاستەوخۆی بۆ هەڵکەوت کەچی زۆر بەبڵندی بەسەر شیشی گۆڵەکەدا لێیدا..

لەدەقیقەی ٤١دا لە ئەنجامی چەند پاسێکی زۆر جوانو ڕێکوپێکی نێوان یاریکەرانی هێڵی هێرشو ناوەڕاستی سیروانی نوێ، یاریکەری هێڵی ناوەڕاستی سیروانی نوێ "حەسەن" لەدووری نزیکەی ٢٣ مەترەوە گۆڵێکی خشکەیی زۆر بەهێزو جوانی کرد، بەمەش بەتەواوەتی تیپی "پێرس"ی بێ هیوا کرد، بەم بردنەوەیەی یانەی سیروانی نوی سێ خاڵی گرنگی بەدەست هێناو بە یەکسانی بوونەکەیەوە لەگەڵ یانەی دهۆك دا لەشاری دهۆك بووە خاوەنی چوار خاڵ، داوەرانی یارییەکە بەبێ کێشەو بەسەرکەوتوویی یارییەکەیان بەڕێوەبرد..

لەولاشەوەو لەهەمان کۆمەڵەی پلە نایابەکانی عێراق داو لەڕۆژانی ٢٨-٢٠٠٤/١٠/٢٩دا چەند یارییەکی تر کراو ئەمەش ئەنجامەکانێتی:

یانەی هەولێرو دهۆك بەدوو گۆڵ بەرامبەر بوون، یانەی کەرکوك لەیانەی زاخۆی بردەوە بە ٣ گۆڵ بەرامبەر بە ١ گۆڵ.

ئاخۆ (هاوبیر عەبدوڵڵا)

ئەبێتە نوێنەرمان لەخولی ئۆڵۆمپیدا؟

"هاوبیر عەبدوڵا سەلام" ئەو وەرزشکارە قارەمانەی کە ساڵی ١٩٨٠ لە گەڕەکی ئیسکانی کەرکوکی دڵو قودسی کوردستان لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨٨ەوە دەستی بەوەرزش کردووە، لەسەرەتادا جومناستیکی کردووە پاشان لەسەر دەستی ڕاهێنەر "کەریم حەمە خەلیفە" کە خەڵکی سلێمانییە لەشاری هەولێر دەستی کردووە بەوەرزشی هونەرەکانی بەرگری، .. ئێستا لەیانەی وەرزشی ئەزمڕە، هاوبیر ئەو وەرزشکارە بەتواناو بەهرەمەندەیە کە لەقارەمانێتی وڵاتانی عەرەبیدا لەتونس پار لەکێشی خۆی کە لەسەرو قورسەوەیە "فوق الثقل" واتە "+ ٩٥" کغم یەکەمی بەدەست هێناوە، لەخولی دەهەمینی عەرەبیش دا کە لە ٢٠٠٤/١٠/٨-٩/٢٢ لەوڵاتی جەزائیر کرا هەر لەکێشەی سەرو قورس دا سێیەمی بەدەست هێنا، ئەم وەرزشکارە لاوە قارەمانەی کورد وای لێڕەوچاو ئەکرێ کە ئەگەر ئەم یارییە لەخولی ئۆڵۆمپی ٢٠٠٨ دا یاخود ٢٠١٢ یاری "کیک بۆکسین" بخرێتە ناو یارییەکانی ئۆڵۆمپییەوە ئەوا مەدالیایەك، یان بۆ کوردستانی ئازاد، یاخود بۆ عێراقی فیدراڵ بەدەست بهێنێ، چونکە لەڕاستیدا ئەو جوانڕۆیی "الرشاقة" و سوکەڵەیی "الخفه" و لەش نەرمییە.

"المرونة" ی ئەم لاوە وەرزشکارە هەیەتی بەو کێشە قورسەیشییەوە، جێگای سەرسوڕمانی هەموو ئەو پسپۆڕە وەرزشییانەن کە ئەیناسنو لێوەی نزیکنو هونەرو تەکنیكو جموجۆڵی ئەبینین.کاکە "هاوبیر"م دوواندو هەندێ لەخەم خولیاو خۆزگەکانی خۆی بۆ دەربڕیم، لەوانە:

لەڕاگەیاندنی وەرزشی کوردستان ڕازییە کەتیشکیان خستۆتە سەر سەرکەوتنەکانی لەتونسو لەجەزائیر، چەند ڕۆژنامەیەك وتوێژیان لەگەڵ کردووە لەوانە کوردستانی نوێ، ئاسۆ، هەواڵ.. هتد.

بەڵام سەبارەت بەتەلەفزیۆن، پار تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وتوێژی لەگەڵ کردووە، ئەمساڵیش تەلەفزیۆنی خاك داوای لێکردووە کەوتوێژی لەگەڵ دا ساز بدا، بەڵام تائێستا نەچووە.سەبارەت بەوەی کە ئایا دەستی ڕێزو نرخاندنی خراوەتە سەر، وتی پار بەڕێز کاك مەلا بەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان خەڵاتی کردووەو بەڕێز حاکم قادریش پارچەیە زەوی داومەتێ.

"هاوبیر" جگە لەیاری "کیك بۆکسین" کە پشتێنی ڕەشی دوودانی هەیە، تایبۆکسینیش ئەکات کەپشتێنی ڕەشی هەیە، کۆنفۆش ئەکات کە پشتێنی قاوەیی هەیە، لەگۆڕەپانو مەیدانیش دا بازی بەرز ئەکات..

کاکە هاوبیر لەقارەمانێتی وڵاتە عەرەبییەکان دا کە ساڵی پار لەوڵاتی تونس دا بە بەشداری ١٧ وڵات، لەکێشی + ٩٥ دا کە کێشی سەرو قورسە مەدالیای زێڕینی بەدەست هێنا.

ئەمساڵیش لەخولی دەیەمی وەرزشی عەرەبی کە لەجەزائیر کرا مەدالیای برۆنزی بەدەست هێنا هەر لەکێشی "+ ٩٥" دا دوای ئەوەی لەقارەمانانی "کوێت، یەمەنو میسر"ی بردەوە، بەڵام لەیاری کۆتاییدا دوای ئەوەی کە بەتەواوەتی سەرکەوتوو بوو بەسەر قارەمانی جەزائیردا، سەرۆکی یەکێتی "کیك بۆکسین"ی عەرەبی کە جەزائیرییە ناوی "عەبدوڕەحمان ریس"ە داوەرەکەی لابردو خۆی بوو بەداوەرو لەگەڵ ئەوەش دا یاریکەری جەزائیری بەرامبەر تفێکی لێکردو چەند جارێك لەقەیدا بەو شوێنانەیدا کەنایاساییە کەچی داوەرە بێ ویژدانەکە دەستی ئەوی بەرز کردەوە، ئیتر لەسەر ئەمە بوو بەکێشەو سەرجەم شاندی عێراقی ویستیان بکشێنەوەو هەموویان ڕۆیشتین بۆ فرۆکەخانەو لەوێ بەزۆر گەڕاندیانینەوە، نۆ وڵاتی عەرەبی ئیمزای ئەوەیان کرد کە "هاوبیر" براوەیە لەسەرو هەموویانەوە میسر، هەروەها لەوێ ڕاهێنەری ناسراوی کیك بۆکسینی ئەڵمانی لێ بوو کەناوی "گلاوس"ە بەهاوبیر ئەڵێ ئەتوانم لەیارییە جیهانییەکانی کیك بۆکسین دا بەشدرایت پێ بکەم، هاوبیر ئێستا هەوڵی ئەوە ئەدا کە کێشی خۆی بکات بەژێر ٩٥کغم "-٩٥"، ئەگەر بتوانێ ئەوە بکات، ئەوا ئەتوانێ چەند هەنگاوێکیتر لەسەرکەوتنی ئایندەی ترەوە نزیك بێتەوە هاوبیر ئەڵێ لەو یاریکەرانەی هەڵبژاردەی عێراق منو "کارزان"ی هاوڕێم کورد بووین کەئەویش سێهەم بوو مەدالیای برۆنزی بەدەست هێنا، کاتێ ئاڵای کوردستانمان لەخۆمانەوە ئاڵاندو بەرزمان کردەوە، جەزائیرییەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو، وتیان ئێمە نازانین ئەم ئاڵایە هی کام وڵاتە، بەر لاییەن، بەڵام سەرۆکی یەکێتی کیك بۆکسینی عێراقی بەڕێز "قاسم ئەلواستیی" و ڕاهێنەرەکەم بەڕێز "حەمید ڕەشید" و یاریکەرەکانی هاوڕێم هەموویان بەرگرییان لێکردینو وتیان ئێوە دەست مەخەنە کاروباری ناوخۆی وڵاتمانەوە ئێمە ڕێکەوتووین.

هەروەها هاوبیر دەڵێ: لەهاتنەوەماندا منو کارزانو یەك یاریکەری عەرەبی تریان هێشتەوە لەتیپەکەدا چونکە قایل نەبوون لەکردەوەو هەڵسوکەوتی یاریکەرەکانی ترو سەرۆكو ڕاهێنەری تیپەکە پێی وتین خۆزگە هەموو تیپەکەمان کورد بوونایە چونکە زۆر ڕەوشت بەرزن.

هاوبیر کەئێستا لە قۆناغی سێیەمی کۆلێجی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سلێمانییەو هەڵبژاردەی تیپی کیك بۆکسینی عێراقە، جاری پێشوو لەسەفەری تونس دا تا هاتەوە لەزانکۆ بەنەهاتوو "غائب" دانرابوو، بەهەزار ئەمسەرو ئەوسەرو تەشقەڵە تا چارەسەر کرا کە لە زانکۆ دەرنەکرێ، ئەوا ئەمجارەش بەهەمان شێوەی ساڵی پار دیسانەوە تووشی کێشە بۆتەوە، لەوانەیە ئەمجارەش بەنەهاتوو دابنرێ، ماوەتەوە سەر ئەوەی ئاخۆ ئەم جارەش ئەم لاوە وەرزشکارە قارەمانە لەم کێشەیەی زانکۆ ڕزگاری ئەبێ؟

ئاخۆ کاکە هاوبیر ئاڵای کوردستانمان لەکام خولی ئۆڵۆمپیدا بۆ بڵند ئەکاتەوەو فرمێسکیش بەچاوە گەشەکانیدا بێتە خوارەوە؟ چاوەڕوانین..

خولی فوتبۆڵی خوێندنگە ناوەندیو دواناوەندیو ئامادەییەکانی، ناوشاری سلێمانی، کۆتایی هات

بەئامادەبوونی بەڕێزان (شێخ ئەنوەر) بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانیو (مامۆستا سیروان)، بەرپرسی لقی سلێمانی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بەرسەرپەرشتی بەڕێوبەرێتی چالاکی وەرزشو دیدەوانی سەر بەبەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، کاتژمێر ٩ی سەر لەبەیانی رۆژی ٣شەممە بەرواری ٢٠٠٤/١٠/٢٦ لەیاریگای سلێمانی، دوایاری خولی فوتبۆڵی خوێندنگە ناوەندییەکانی شاری سلێمانی لەنێوان هەردوو خوێندنگەی ناوەندی خەباتو ناوەندی ڕۆژهەڵات دا ئەنجامدرا، یارییەکە بەسەرکەوتنی خوێندنگەی ڕۆژهەڵات کۆتایی هات بە ١ گۆڵ بەرامبەر بە سفر، بەمەش تیپی ناوەندی خەبات یەکەمو تیپی ناوەندی ڕۆژهەڵات دووەمی ناوەندییەکانی سلێمانی بوون.

هەر لەدوای ئەم یارییەش، کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ، لەهەمان یاریگا، دووا یاری خولی فوتبۆڵی خوێندنگە ئامادەییو دواناوەندییەکانی سلێمانی لەنێوان هەردوو خوێندنگەی ئامادەیی بازرگانی دواناوەندی ئاگریداغ دا کرا، لەئەنجامدا ئامادەیی بازرگانی یارییەکەی بەدوو گۆڵ بەرامبەر بەهیچ بردەوە، بەمەش ئامادەیی بازرگانی یەکەم، دواناوەندی ئاگری داغ دووەمی خوێندنگە ئامادەییو دواناوەندییەکانی سلێمانی بوون.

لەکۆتاییشدا بەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانیو نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، خەڵاتیان بەسەر سەرکەوتواندا دابەش کرد.

مایکرۆسکۆبی لاپەرەی وەرزش

چاودێر

* بریاری وەرزشی کەکەوتە دەست خەڵکانی نەزان، ئەبێت بۆ وەرزشو وەرزشکاری ڕاستەقینە، دەست بکەین بەگریان.

* خولی فوتبۆڵی یانە نایابەکانی کوردستانو یانە نایابەکانی عێراق، جەماوەرێکی وەرزشی لەخۆی کۆکردۆتەوە، کەبەدوای یارییەکانو ڕووداوە وەرزشیەکانو ئەنجامی یارییەکاندا دەچنو خولی فوتبۆڵی کوردستانو عێراق بووە بەخولیایان، ئەمەش گۆرانکارییەکی وەرزشی باشە لەکوردستاندا.

* خۆزگە چاکسازیو پاکسازی نەهێشتنی گەندەڵی بەڕێوەبردن، یانەو یەکێتییە وەرزشیەکانیشی ئەگرتەوە.

* کاتێك کە وەرزشنەزان، خۆی ئەکات بەوەرزشکار، هەر لەیەکەمین ڕووبەڕوو بوونەوەدا، دەرئەکەوێ کەوەرزشکار نییە.

ماریو ملیکوت لەرووبەڕووبوونەوەی مایکل هیۆدا

ئیلینا بوفینای روسی سەرکەوت بۆ یاری کۆتایی خولی لینز

مەلەوانی تونسی (الملولی) مەدالیای ئاڵتونی مەلەوانی جیهانی بەدەست هێنا

کورتیلەباس

فەرەنسا و ئەڵمانیا" پشتیوانی تورکیان بەڵام

رۆژی سێ شەممەی رابردوو (٢٠٠٤/١٠/٢٥) دوای چوارەمین کۆبونەوەی دوو قوڵی مەجلسی وەزیرانی ئەڵمانیاو فەرەنسا، جاك شیراك بۆ رۆژنامەنوسان ئاخاوتو ووتی: خۆشترین ئاواتم ئەوەیە کە گفتو گۆ لەگەڵ ئەنقەرەدا بگاتە ئەنجامی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا.

ئەم قسانەی شیراك، وەکو یەکێك لەگرنگترین ولاتی رۆژئاوا، گرنگیەکی تایبەتی هەم بۆ ئەوروپاو هەم بۆ تورکیا هەیە. بەتایبەتی شیراك باش دەزانێ کەوا لەناو فەرەنسادا، بەرهەڵستیەکی فراوان بۆ وەرنەگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا هەیە. هەڵبەتە، شیراك کەئەم بەرهەڵستیە دەزانێ، دەشزانێ کەناتوانێ پێچەوانەی بیروڕای گشتی خەڵکی فەرەنسا بریاری سەربەخۆ، بۆ وەرگرتنی تورکیا بدا. بۆیە، شیراك گوتویەتی کەوا: وەرگرتنی تورکیا لەلایەن خەڵکی فەرەنساوە بەراپرسیەکی گشتی بریاری لەسەر دەدرێ.

ئەم قسانە چەند بۆچوونێکی تیایە. یەکەم: شیراك مەسەلەی وەرگرتنی تورکیا زۆر بەگرنگ دەزانێ. چونکە تورکیا وڵاتێکی گرنگی رۆژهەڵاتە. وەرگرتنەکەی لە یەکێتی ئەوروپادا بەستراوەتەوە بەگفتو گۆی شەقامی (١٠-١٥) ساڵ هەتا تورکیا دوا مەرجەکانی ئەوروپا دەسەلمێنێ. کەئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا:

ساڵی (٢٠٢٠) تورکیا دەبێتە وڵاتێکی دیموکرات و ئازاد. کێشەی مافی مرۆڤو کێشەی کوردو نەتەوەکانی دیکە، چارەسەر دەکرێ. هەنگینێ، رەهەندێکی نوێی ئابووری و سیاسی بۆ ئەوروپا لەرۆژهەڵات دا دەکرێتەوە. کەبێگومان مەسەلەی کوردو کوردستان یەکێکە لەمەسەلە هەرە گرنگەکانی.

شیراك.. دەشزانێ تورکیا بەم زووانە ناتوانێ مەرجەکانی ئەوروپا، قبوڵ بکا، بۆیە دەڵێت: گفتو گۆکە (١٠-١٥) ساڵی دیکە دەخایەنێ. ئەو ماوەیەش کەم نییە، هەتا دیواری سفتی سیاسەتی دژە کوردو رەچاونەکردنی مەرجەکانی ئەوروپا لەلایەن تورکیاوە، بخوسێتەوە. چونکە، پێ دەچێ تورکیا لەمەودوا، خێراتر لەجاران، بکەوێتە خۆی و خەمی چارەسەرکردنی کێشەکان گورجتر بخوا.

هەڵبەتە.. تورکیا، لەرۆژئاوادا لەفەرەنساو ئەڵمانیا نزیکتری نییە. فەرەنساو ئەڵمانیاش ناتوانن بەدەر لە بریاری یەکێتی ئەوروپا، کارێکی ئەوتۆ بۆ وەرگرتنی تورکیا بکەن. هەربۆیە، شیراك لەکۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: ئامانج لەگفتوگۆکە ئەوەیە هیچ مەسەلەیەکی هەڵپەسێردراو نەمێنێتەوە.

شیراك.. بەرستەیەکی چری دیپلۆماتی، لەکۆتایی قسەکانیدا، بەتورکیای گەیاندووە کەوا: وەرگرتنی تورکیا، پەیوەندی بەوەوە هەیە کەمەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا قبوڵ بکا. دەنا هەرگیز وەرناگیرێ!

لەیلازانا و بزوتنەوەی سیاسیو ئەگەری سەرکەوتن

لەیلازانا، دوای سەردانەکەی بۆ پەرلەمانی ئۆروپاو خەڵات وەرگرتنەکەی، بۆتە هێمایەکی سیاسی دیار. گەرمتر باسی کێشەی سیاسی کورد دەکا، کاری گەیاندە دروستکردنی بزوتنەوەیەکی سیاسی بەناوی (بزوتنەوەی کۆمەڵی دیموکراسی). ئەمەش، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم ژنە کوردستانییە، درکی بەوەکردووە کەوا تورکیا بەگۆڕانکاری سیاسی ئاوسە. کوردستانیش لەو گۆڕانکارییە سیاسییەدا، ئایندەیەکی دیاری دەبێ. هەتا ئێرە، مەسەلە سیاسیەکە رۆشنە. ئەوەی کە گرنگە بزانرێ ئەوەیە کە:

ئایە لەیلازاناو هاوڕێکانی، چۆن بیر لەسیاسەتی سەردەمو چۆن چۆنیش بزوتنەوە سیاسییەکە، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنیان لەسەردەمەکە، سەرکردایەتی دەکەن؟ئەگەر.. لەیلاو هاوڕێبازەکانی، وردی سەردەمەکە بوبنو سەرەنجام تێگەیشتبن کە گۆڕانکاریەکان قوڵن، تەنانەت قوڵترن لەو ساڵەی کە راپێچی زیندان کران، هەڵبەتە، دەشتوانن لەمەیدانەکەدا کاریگەربن. بەڵام ئەگەر قوڵی سەردەمەکە نەبوبنو بیرو بەرنامەکەیان بۆ ئاستی سەردەمەکە بەرزنەبوبێتەوە، بێگومان لەحاڵەتی وادا، لەبازنە داخراوەکەی کوردایەتی کلاسیکی دەرناچنو سەرەنجام، ئەگەر دروستکردنی ئەم بزوتنەوە سیاسییە، دەستی هێزە سیاسییە کلاسیکیەکانی کوردستانیشی تیانەبێ، بەڵام سەرەنجام هەر لەگەڵ لایەکیان، یان دوو لایەنیان، تێك دەکەنەوە. ئەگەر وادەرچوو، ئەم بزوتنەوە سیاسییەی لەیلازانا رابەرایەتی دەکا، سەرەنجام تەنها ژمارەی حیزبە سیاسیەکان زیاد دەکا، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا وەربچەرخێو ناشتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

چاوەڕێین.. بزانین لەیلازاناو هاوڕێکانی، دوای ئەوەی وەکو پەرلەمانتارانی (١٠) ساڵ زیندانی سەرکەش ئازادکران، دەتوانن، بەهەمان سەرکەشی، سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەتر بەدەست بێنن؟ ئومێدمان وایە.

مەترسییەکانی تورکیا لەباسی کوردو

ئێستا .. باسو خواستی تورکیاو یەکێتی ئۆروپا، کەوتۆتە ئارای سیاسییەوە. وەرگرتنو وەرنەگرتنی تورکیاش، بۆتە کرۆکی باسەکان. لەکاتێکدا، ئەردوگان، سەرەك وەزیرانی تورکیا، لەدوای کۆبونەوە سێقۆڵیەکەی لەگەڵ (گێرهارد شرۆیدەر)ی راوێژکاری ئەڵمانیاو سەرۆك کۆماری فەرەنسا (جاك شیراك) گەشبین بوو لەو گفتوگۆ چاوەروان کراوەی نێوان یەکێتی ئۆروپاو دەوڵەتەکەی. بەڵام دەست بەجێ (دینز بایکال)ی سەرۆکی پارتی گەلو سەردارای ئۆپۆزسیۆنی تورکیا (گومانی لەراستگۆیەتی ئەو گەشبینیە) هەبوو. گوتویەتی: یەکێتی ئۆروپا تورکیا بۆ هەڵخلیسکانێکی مەترسیدار رادەکێشێو هەرەشە لەشوناسی روناکبیریو پێکهاتەی کۆمەلایەتیو یەکێتی سەرزەمینەکەی، لەرێگەی باسکردنی کێشەی کەمینەکانی ناو تورکیاوە، دەکا.

ئەم بۆچوونەی (دینز بایکال) لەگەڵ بۆچوونی ئۆردوگان ناکۆکیەکی سیاسی دیاریان هەیە. هەرچی بۆچوونەکانی ئۆردوگانە لەسەر ئەو بنچینەیە رۆنراوە کە: گفتوگۆ لەگەڵ تورکیادا، تورکیا لەبنبەستی سیاسی رزگار دەکاو دەشیکاتە دەوڵەتێکی ناو خێزانی رۆژئاوا. بێگومان، ئۆردوگان دەشزانێ کاتێك تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا وەردەگیرێ کەکێشەی دیموکراسی بەچارەسەرکردنی کێشەی کوردیشەوە، بەپێی مەرجەکانی رۆژئاوا، کۆتایی هاتبێ.

بۆچوونەکانی (دینز بایکال) ئاراستەیەکی تریان هەیە. ئەویش پێداگرتن لەسەر پێکهاتەی تورکیاو نەکردنەوەی دەرگا لەسەر کێشەی نەتەوایەتی ناو تورکیا، لەوانە کوردو چەرکەسو ئەرمەنو عەرەب... تاد.

ئەم دوو بۆچوونە لەناو تورکیادا، هێشتا یەکالای دەستووریو تەنانەت یاسایش نەکراوەتەوە" لەناو پەرلەمانی تورکیادا وەکو چارەسەری بنچینەیی هێشتا لێی نەکۆڵراوەتەوە. بەڵام ئاماژە سیاسییەکان وادەگەیەنن کەوا:

چیکە تورکیا ناتوانێت ئەم کێشانە داپۆشێت. بەڵکو لەمەودوا، فشاری یەکێتی ئۆروپا زیاد دەکاو ناکۆکیەکانی ناو هەناوی تورکیاش قوڵتر دەبن. سەرەنجام، ئەگەر یەکێتی ئۆروپا سور بێت لەسەر داخوازییە دیموکراتیەکان، بێگومان تورکیاش زووتر دەچێتە ژێربار. لەم حاڵەتەدا، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی تورکیاش دەتوانێ، بۆچوونەکانی لەگەڵ گۆرانکاریەکان بگونجێنێو هەلی ئاڵوگۆرەکان باشتر بقۆزێتەوە. ئەگەر داگیرکردنی کوێیت هەلی سیاسی بۆ کوردستانی عێراق رەخساندبێو راپەرینی سەرخستبێ، ئەوا فشاری رۆژئاواش، هەلی سیاسی باش بۆ کوردستانی تورکیا دەرەخسێنێ بۆ دابینکردنی مافە سیاسیەکانی گەلی کوردستان. دەمێنێتەوە سەرئەوەی بزووتنەوەی سیاسیو رابەرایەتی نوێی کوردایەتی لەو بەشەی کوردستاندا، ئاخۆ دەتوانن لەسەر ئاستی گۆرانکاریەکان بەرنامە دارێژن؟ ئەمەیان رۆژگار دەبێت وەڵام بداتەوە. گەرچی هیوای کورد ئەوەیە رابەرایەتی نوێی رزگاری کوردستان بتوانن ئەرکەکانیان پێ رابپەرێو بشتوانن لەتێزی بێ پێزی سیاسی رزگاریان ببێ.

ئەمجارەش هیچ!

قسەکردنێك لەسەر رابردووی ئێمەو عەرەب لەعێراقدا

جەبار سابیر

ئەمە هەر تەنیا رەش بینیو بەدبینی نییە، بەڵکو ئەمە ئاکامو دەرئەنجامی هەڵەکانی خۆمانە. ئەو هەڵانەی هەمو وجارێ چەشنی سیزیفو بەردەکەی کوڵی لەسەر لوتکەی شاخەکەوە تلۆرمان دەکاتەوە بنار..!

کاتی خۆشی دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ دوای بەیتو بالۆرەی قاسم کەوتین کەوتی عێراق نیشتمانی هاوبەشی کوردو عەرەبە. قاسم تا خۆی قایم کردوو کەوتە سەرپێی خۆی بەوەفاداری مایەوەو مۆڵەتی یاساییدا بەبزووتنەوەی کوردی کە ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان رێبەرێتی دەکرد، بەڵام کاتێك شۆڤێنیانی عەرەب گوێچکەیان راکێشا، قاسم بەپلەی (١٨٠) بایدایەوەو کەوتە بۆردومانی کوردستانو ئاکام شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، قاسم لەساڵی ١٩٦٣ دا بەدەستی شۆڤێنیەتی عەرەبی کوژراو تەرمەکەشی شوێن بزرکرا، شۆڕشی ئەیلول بەعسیەکانی لەگرێژەنە بردوو ئەوانیش تەواوی دیهاتی کوردستانیان سوتاندو لەشارەکانی سلێمانیو هەولێر دەیان چاڵی مەرگیان دروستکرد کە زەعیم سدیقی خوێن رێژ فەرماندەی ئەو جەلادانە بوو، سەلام عارف هاتوو بەعسیەکانی راوناو شۆڕشی ئەیلولیش دیسانەوە دوای هاتوو هاواری سەلام کەوتو وەك دەڵێن کوردستانیان فرۆشت بەسێوو پرتەقاڵ.

سەلام عارف جگە لەوەی بەزۆڵێتی خۆی شۆڕشی ئەیلولی کردە دوو باڵەوە هیچی بەکورد رەوا نەبینیو تا دوا جار ئەویش بەدەردی قاسمو ئەوانی تر چوو لەفڕۆکەکەیدا سووتاو بووە خۆڵەمێش ئاخر سەلام عارف وتبووی: سواری ئەم فڕۆکەیە دەبم تا کوردێك مابێت دانابەزم!.

بەسوتانی سەلامو چوونە سەر تەختی ئەو رەحمانی برای ماڵی کورد خراپتر دەبێتو تا ساڵی ١٩٦٨ و دووەم کودەتای بەعسیەکان کە سەرکەوتن بەدەست دێنن دیسانەوە شۆڕشی کورد دوای بەیتو بالۆرەی ئەوان دەکەوێتو بۆ بەڵێنە بێقاچەکەی بەعس دێتە سەرچۆك.. تەنانەت یەکێك لەسەرکردەکانی ئەو دەم وتبووی" لە زیندان لەگەڵ سەدامو سەرانی بەعس لەسەر هەموو شتێك رێکەوتووینو دەبێ کورد هاوکاری بەعسیەکان بکات بۆئەوەی کودەتاکەیان سەرکەوێت. چونکە سەرکەوتنی بەعس مانای ناسینی تەواوی مافەکانی کورد لەلایەن رژێمی بەعسو حکومەتی داهاتووی عێراقەوە.

سەرانی بەعس بەپێی رێنماییەکانی مشیل عەفلەقی رابەری رۆحیانەوە لەسەرەتاوە فەرشی سوریان بۆ کورد راخستو هەر زوو زانیان بەهێز ناتوانن چۆك بەکورد دابدەن دوای دوو ساڵ تەقو تۆق واتا لەساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ کە لەوە بێ ئومێدد بوون بەهێز کورد لەناوبەرن، هاتن لە ساڵی ١٩٧٠ و لەرۆژی ١١ی ئازاردا بەیانی ئۆتۆنۆمیان لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردا ئیمزا کردوو بۆ ماوەی چوار ساڵ دەسی، دەسی، بەکورد دەکردو هیچ لەو بەڵێنانەی کە بەکوردی دا بوو بەجێ نەهێنا، سەرکردایەتی ئەو دەمی کوردیش سەرەتا هەر بەخۆشباوەڕیو گەشبینییەوە لە مەسەلەکانی روانیو کاتێك بەئاگا هاتەوە دەستیان لەبنی هەمبانەکەوە دەرچووبوو سەدامو بەعسو حکومەتەکەی خۆیان تەواو لەعێراقدا قایم کردوو لەڕووی سیاسیشەوە لەسەر ئاستی دنیا ناسرانو بەڕەسمی دانیان پیانراو بەتایبەتیش بەهۆی شەڕی ساردەوە پشتگیری تەواوی شورەوی بەدەست هێنا بوو لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بلۆکی سەرمایەداریشدا نێوانیان بەرەو باشی دەچوو.

هەربۆیە بەعسو حکومەتەکەی هیچ پێویستی بەکورد نەبوو کوردی لێبووە سپڵی لاورگ.

هەمووشمان دەزانین بەعس چی بەشۆڕشی کوردو خەڵکی کورد کرد تا دەگا بەهەڵەبجەو ئەنفالو وێرانکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستانە.. دەبوو ئیتر بۆ داهاتوو کوردو سەرکردایەتی شۆڕشەکەی وردتر بیر لەمەسەلەی کوردو ئامانجی گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی بەعس بکەنەوە، وەلێ بەداخەوە وەك بینیمان لەگفتوگۆکانی دوای کۆڕەو لەساڵی ١٩٩١دا هەمان هەڵە دەکرێتەوەو تا دەگا بەوەی حکومەتی عێراقیو واتا بەعس کار لەپارتە کوردیەکانی ناو بەرەی کورستانی ئەوسا دەکاتو پارتەکان هەریەکەو ئامانجێك دەکاتە دروشمی خۆییو بەکورتی بەعس هیچی بەکورد نەداو تەنانەت ئامادە نەبوو ئۆتۆنۆمیەکەی ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤یش بەکورد بدات.

بەعس رووخا، هیچ هێزو نەتەوەو حزبێك ئەوەندەی نەتەوەو هێزو پارتە کوردییەکان بەهێز نەبوون. تەنانەت دوو حکومەتمان هەبوو، مومارەسەی ١٢ ساڵی دەسەڵاتمان هەبوو، لەخەم رەخسیبووین، کەچی هێندەمان زانی سەرانی سەرکردایەتی کورد وەك جاری جاران، وەك نەبایان دیبێ نە بۆران، بەپەلە ملی رێگەی بەغدادیان گرتە بەر.

دەبوو سەرانی کورد چاوەڕێ بکەن لەبەغداوە وەفدی رەسمی حکومەتی عێراق یا هاوپەیمانان بێتە ئێرەو ئەوان بەئێمەی کورد بڵێین، وەرن چیتان ئەوێ بتاندەینێ، هەموو جارێ ئێمە دوای ئەوان کەوتووین چیدەبوو گەر جارێك لەجاران ئەوان دوای کورد بکەوتنایە؟ چیدەبوو گەر جارێك ئەوان لەبەر دەرگای ئێمە بوەستانایە.؟ بۆچی هەموو جارێك ئێمە لەدەرگای ئەوان بدەین!؟.

سەرانی کورد سەرەتا بەهاریان بۆ هێنایینە چۆکانە بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە عەرەبو زلهێزەکان وەکو ساڵی ١٩٧٤ دەمان خەڵەتێنن هیچ بەئێمە نادەن تەنانەت ئەو مافە سەرەتاییانەش بەئێمە نادەن کە بەعس هەر زوو چەسپاندنی، وەك ناسینی زمانی کوردی بەڕەسمی، وەك ئەوەی کە دەیووت" کوردستان بەهەشتی خوایە لەسەر زەوی..

کەچی سەرانی ئێستای عێراق دەڵێت" باکوری عێراق.

دوا زەنگی ترسناکی ئەوەی کە ئەمجارەش رێسەکەمان دەبێتە خوری غازی یاوەر لێیدا کەووتی" داوا کاری کورد بۆ سازدانی ریفراندۆم ناپاکیە نیشتمانی بەهەموو هێزمانەوە بەرەنگاریی دەبینەوە!

(باوەر) هێشتا هەر خۆی و چەفیەو عەگالەکەو دوو سەربازی ئەمریکی لەگەڵە هەڕەشەمان لێدەکات ئەی گەر وەك سەدام ئەو هێزە سەربازییە زۆرەو فڕۆکە زۆرەی هەبێتو چەکی کیمیای هەبێت! تۆ بڵێی کوردستان یەکپارچە نەکاتە رەشماڵو دەواری عەرەبیو هەرچی هۆزی کۆچەرنیشی شەمەرە نیشتەجێی نەکات!؟.

ئەمانەو زۆر پرسیاری تریش کە وەڵامی هەندێکیان ئاشکرایەو ئەوانیتریش لەئایندەدا گوێبیست دەبین پرسیاری ئێمەی ئەنفال دیدەو هەڵەبجە دیدەیەو هەمووشمان لەدوا رۆژدا پرسیار لەسەرانی کورد دەکەین گەر جاران بەهۆی جەنگی ساردو بلۆکی خۆرهەڵاتو خۆرئاواوە بەو دەردە چووبن ئەمجارە بۆچیو بەهۆی چیەوە..؟ دیارە بەهۆی کەمتەرخەمی و ساویلکەیی ئێوەو سەردەرنەچونتان لەسیاسەتی جیهانیەوە وامان لێهاتووەو دەبێ ئەمجارەش بڵێین" هیچو خۆمان ساز دەین بۆ جارێکیتر جا رەنگە هەر سامۆئیل هەنتیگۆنو فرانسیس فۆکۆیامای پلان دارێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بزان کە دۆخی عێراق پێویستی بەشڵەقاندن هەیەو کەی ئەوان پێویتسایین بەکورد دەبێت تا وەك کارتێك بەکاری بێنن..! ئەمجارەش هیچ.

Jabar-dlopa@hotmail.com

پاشماوەی ئیسرائیلو مستەوتەناتی فەلەستین

ئەو بڕیارەش پەسەند کردووە. بڕیاریشی داوە قەرەبووی زیانی جولەکە نیشتەجێکراوەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بکا، کەبچوکترین گرفتی ژیانیان نەهێڵێ. بۆ نموونە:

بەپێی روپێوی ئەرزو باجو خانوبەرە (٢٠٠) هەزار دۆلار هەتا (٥٠٠) هەزار دۆلار، قەرەبووی زیان بۆ جولەکە مستوتنەکان دەکەنەوە. (٢٠) هەتا (٣٠) هەزار دۆلاریش زێدە دەدرێتە ئەو کەسانە بەبێ بەرهەڵستی خانوەکەی چۆڵ دەکا. هەرکەسێکیش بڕیارەکە جێبەجێ نەکا، دادگا هەتا سێ ساڵ زیندانی دەکا. ئەم بڕیارو بەرنامەیە لەلایەن حکومەتی (شارون) ەوە جێبەجێ دەکرێ کەئێستا رای گشتی بەگشتیو رای عەرەب بەتایبەتی، زۆر دژی شارونو تاوانەکانین. تاوانبارێکی وەکو سەرەك وەزیرانی ئیسرائیلو جولەکە ئاوا ئیستیتان ناهێڵێ. دەبا بزانین عەرەبە کاربەدەستە گوایە بێ تاوانەکان، لەعێراقو سوریاو کوردستان دا چۆنن؟!

لەعێراقدا، زۆر زیاتر لەئیسرائیل، هەم مستەوتەناتی عەرەبی لەشارو شارۆچکەکاندا سەپێنرانە سەر کوردستان. هەم خەڵکی قەزاو ناحیەو گوندەکانیش، زۆرتر لەفەلەستینیەکان، لەئۆردوگا زۆرە ملیەکاندا مۆڵ درا"ن، ئێستاش لەخوارووی ناوەڕاستی عێراق، زیاتر لە ملیۆنو نیوێك کورد ئاوارەن. نیو ملیۆن کورد زیاتریش لەئۆردوگا زۆرە ملیەکاندا ماون. سەدان هەزار عەرەبی تەعریبیش، لەکوردستاندا نەگەڕاونەتەوە. ئەم کێشەیە، لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا، بڕیاری پێویستیان لەسەر دراوە. لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقدا بەندی (٥٨) بڕیارەکە، کە گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانەو گەڕانەوەی کوردو تورکمانە دەرکراوەکانە، چەسپێندراوە. بڕیاریش دراوە قەرەبووی هەموو لایەك بکرێتەوە. کەچی هەتا ئێستا، بەڕەسمی، بچوکترین هەنگاو لەکەرکوكو دەوروبەری خانەقینو شارۆچکەکانی دیکەدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نەنراوە.

تەنانەت ئەو کوردو تورکمانانەی خۆیان گەڕاونەتەوەو ئێستا لەخەیوەتگادا بەکۆڵەمەرگیش دەژین، کاربەدەستتان پێیان خۆش نییە. هاوکاریشیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەکراوە. خێزانێکی جولەکە هەتا (٥٠٠) هەزار دۆلاری دەدرێتێ، ئەگەر مستوتنەکە چۆڵ بکا، هەتا شوێنەکان بێ کێشە بدرێنەوە بەخێزانە فەلەستینیەکان. بەڵام خێزانێکی عەرەبی لەکەرکوك، جەلەلاو، سەعدیە، توز، داقوق، تەلەعفەر، ژەنگار، .. تاد هەتا ئێستا (٥٠٠) هەزار دیناری نەدراوەتێ، ئیتر چۆن ناوچە تەعریبەکان چۆڵ بکەن، هەتا کوردە دەرکراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی باوو باپیری خۆیان؟!.

ئەگەر بەئارەزووی ئێمە با، خۆزیا، سەرکردایەتیو کاربەدستانی عەرەب لەعێراقدا، باشتر لە (شارون) هەنگاویان هەڵگرتبا بۆ پاك کردنەوەی سیاسەتی تەعریبو ئێستیتانی بەعسی. بەڵام بەداخەوە، بەبیانووی جۆراوجۆرو پاساوی نابەجێ، دەستی بەدەستی بەکورد دەکرێ. دەیانەوێ ئەمجارەیان بەناوی برایەتیو موسڵمانێتیەوە، تەعریبەکان لەکوردستانداو لەناو هەناوی نەتەوەکەماندا، بهێڵنەوە. ئەمەش خەتەرێکی گەورەیە، کە برایەتیو ئیسلامەتی، داناپۆشرێ. بۆیە، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، ئۆبالێکی مێژوویان لەئەستۆدایە کەچیکە سیاسەتی دەستی بەدەستی قبوڵ نەکەن. چونکە ئەم سیاسەتە دەستخەڕۆکردنی کوردە هەتا حکومەتێکی بەهێزی عەرەبی، یان عێراقی، یان ئیسلامیو تایفەیی دادەمەزرێنن، ئەوسا، سیاسەتی دەستی بەدەستی دەگۆڕن بەسیاسەتی سەرکوت کردن (ئەگەر بێتو هێزێکی دژ بەدیموکراتی سەربکەوێ) ئەمەش مەترسیەکە دوور نییە بێتەدی. ئەمجارەیان بەهەموو هەقو حسابێك، کورد نابێ لەم کونەوە پێوەی بدرێتەوە. چونکە لەکونێکەوە دووجار پێوەدان، دووەم جارەکەی (خوا خۆمان دەگرێ!)..

پاشماوەی ئایندەی بەشەکانی کوردستان

ئەم جۆرە رێکخراوانە، بەڵام وەك دەڵێن هەر لەبێشکەدا لێی دراو هەوڵی لەناوبردنی درا، تەنانەت پێش پێنج شەش مانگ رۆژنامەی تایبەت هەبوو بەڵام بەداخەوە لەکارخران.

چاودێر: رۆژنامە؟!!

نورەدین جابو:

بەڵێ بۆ نمونە رۆژنامە (الدومری) کە علی فرزاد رسامی کاریکارتێست دەریدەکرد، چەند هەنگاوێکی باشی نا لەمەدەنی بوونی کۆمەڵدا، وەك زانراویشە کە هەمیشە بەرهەمە کوردیەکان رووبەڕووی بێ دەنگ کردن یا سنورداری بوونی راگەیاندن دەبنەوە.

چاودێر:

ئایا ئەم دیاردانە یاخود ئەم رێکخراوە مەدەنیانەی باست کرد، دیدێکی دیموکراتیان بۆ کێشەی کورد هەیە لەکوردستانی سوریا؟

نورەدین جابو:

زۆر بەکەمی، وەك وتم دوای رووداوەکانی ١٢ی ئازار چ لەئاستی رۆشنبیران یا لەئاستی بزوتنەوەکانو تەنانەت لەئاستی خێڵەکیشدا، دامەزراوە مەدەنیەکانی سوریا پشتگیریان لەکێشەی کورد کردووە، بۆ نمونە چەندەها کەسایەتی سەرکێشیان کردووە وخۆیانی خستۆتە مەترسییەوە بەئامادەبوونیان لەناو رووداوەکان. تەنانەت من ئەوە لەبیر ناکەم سەرۆك و عەشرەتو ئەندامانی خێڵکان چۆن پشتگیریان لەم کێشەیە کردووە، بەڕادەیەك هەڕەشەی هەندێکیان لەدەوڵەت بەوەی کە دەبێت بەسەر لاشەی ئێمەدا تێپەڕن گەر بەنیازن ئازاری کوردەکان بدەن.

چاودێر:

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین، هیوادارین گەلان لەژێر سایەی رۆژهەڵاتی مەزندا بەخۆشیو تەبایی بژین، بەجۆرێك مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد بێتە دی لەژێر سایەی سیستمێکی دیموکراسیانە، چونکە ئەم گەلە زیاتر لەهەموو گەلانی جیهان ئازاری چەشتووە.. زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

نورەدین جابو:

سوپاس بۆ ئێوەش.. بەڵام لێرەدا من یەکێك لەو رەخنانەم وەبیر دێتەوە کەئاراستەی هەزارەها نووسەری رووس کراوە، ئەویش:- بوونی ئەو هەموو رۆمانو گۆڤارو نووسروانەیە سەبارەت بەجەنگەکانو تامەزرۆیان بۆ سەربەستیو ئازادی دەخاتەڕوو، دەڵێن: ئێمە بیست ملیۆن شەهیدمان بەخشیوە بەئازادیو هەزار ساڵ دەربارەیان بنوسین ناتوانین حەقی خۆیان پێ بدەین.. ئەی دەبێ ئێمە چ بڵێین؟؟!!

بەڕاستی سوپاستان ئەکەم کە ئەو خەونەم هاتە دی بەدەنگی بەرز بیر بکەمەوەو بۆ یەکەمین جار..

چاودێر:

سوپاس بۆ بەڕێزتان لایەنی کەم گەر بەچەند وشەیەکی کەمیش بێت لەتیشکی رووناکی بیروبۆچوونەکانت پێ بەخشین..

ناونیشان
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٢٧١٢٠- ٣١٤٠٤١٦
E-mail
info_chawder@yahoo.com
info_obsever@yahoo.com
نرخی (٢٥٠) دینارە

چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press - Kurdistan - Iraq
No. : (5) -1-11-2004

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس
مەلا بەختیار
ستافی کارا
سامی هادی، جەمال حوسێن
نەخشەسازی: جەلیل حسێن ـ ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان، تەها حەمە نوری، ئیبراهیم حسێن

فێستیڤاڵی شانۆیی (دیمەشق) سەر لەنوێ دەست بەچالاکیەکانی دەکاتەوە



سەرچاوەیەك لەوەزارەتی ڕۆشنبیری سوری ڕایگەیاند کە: بەم نزیکانە، فێستیڤاڵی شانۆیی دیمەشق سەرلەنوێ دەست بەچالاکیەکانی دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ کردنەوەی (خانەی ئەسەد بۆ ڕۆشنبیری ئۆپێرا)، ئەویش دوای وەستانێك کەچەند ساڵێکی خایاند. هەمان سەرچاوە وتی: فێستیڤاڵەکە، لەماوەی ٢١-٣١ی مانگی نۆڤەمبەر بەمەبەستی ژیانەوەی بزووتنەوەی شانۆیی سووری و ئەنجامدانی پەیوەندی شانۆیی لەگەڵ تیپ و گروپە شانۆییە عەرەبی و بیانیەکان ساز دەدرێت. هەروەها ڕایگەیاند کە گەڕانەوەی ئەم فێستیڤاڵە جیاواز دەبێت، بەهۆی ئەوەی کە (خانەی ئۆپێرا)، پێشکەوتووترین تەکنیك و پێکهاتەی تازەی لەخۆگرتووە کە لەشانۆکانی جیهاندا، پەیڕەو کراوە. هەروەها سەرچاوەکە وتی: هەرچەندە فێستیڤاڵەکە خەڵات دابەش ناکات، بەڵام گرنگیەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەپەیوەندی دروست دەکات لەنێوان هەردوو ئاستی عەرەبی و بیانیدا، ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزایی لەنێوانیاندا دروست دەکات. ئەم فێستیڤاڵە (١٥) ساڵ بەر لەئێستا وەستا بەهۆی نەبوونی هۆڵی شانۆیی شیاو بۆ نمایشە شانۆییەکانی، کە لەوڵاتانی عەرەبی و ئەوروپاییەوە، بەشدارییان دەکرد..

کامۆ- ئینتەرنێت

مردنـــی بـــاوك

خوێندنەوەی حەمە هاشم

یەکێك لە گومانە هەمیشەییەکانی مرۆڤ ئەوەیە، کە ئایا دەشێ لەهەموو شاکارە هونەرییەکان تێبگات؟ یان هەموو ئەو کایە هونەرییانە لەتەك خۆیاندا ناخراوەکیان پێیە، ئەم تەمو مژو ئاڵۆزییە رەگێکی کۆن و ریشاڵێکی درێژی هەیە، لەنێو فەلسەفەدا، ئەوەی ئێمە لێرەدا قسەی لێ دەکەین، تەنها نمایشکێکی ڕووکەشیانەیە لەتەکنیك و هەندێ بۆچوونی تایبەت سەبارەت بەناوەرۆکی کارەکان.

ئەم بەرهەمە هونەرییە کە ناونراوە (مردنی باوك) یەکێکە لەو کارە هونەری و داتسقانەی هونەرمەندی کورد (زوهێر حەسیب).. کارەکەی بریتییە لەمردنی پیاوێك کە لەسەر سەریەوە ژنەکەی و دوو منداڵی وەستاون، لەولاشەوە دوو کەس بەسەر پشتی وڵاخێکەوە، سەیری ڕووداوەکە دەکەن، ئەم بەرهەمە کە ئەبارەکەی (٦٠ X ٧٠سم)ە و بەرەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس لەساڵی ١٩٩٠ بەئەنجام هاتووە، بەتەکنیکێکی بەهێزو ستایلێکی تایبەتی هونەرمەند کارکراوە، ئەگەر چی بێدەچێت (زوهێر) کاریگەری هونەرمەند (عومەر حەمدی مالڤا)ی بەسەرەوەبێت، لەجۆری بەکارهێنانی ڕەنگو کوتلەو فیگەرەکان و دابەشکردنی ڕووناکی و سێبەرەکان، بەڵام ئەمە لەتوانستی پڕ لەدەربڕینی کارەکەی کەم نەکردۆتەوە.

لەم بەرهەمەدا (ڕوداو) وەکو چەمکی وشەکە گرنگی خۆی هەیەو هونەرمەند ویستویەتی لەڕێگای (مردنی باوك)ێکەوە ئەو بابەتە زیندوو بکاتەوە، کە (ڕووداوە) بەسەر میللەتێکدا، ئەو واتە هونەرمەند (زوهێر حەسیب) کە خەڵکی (قامیشلۆ)یە، هاتووە ڕووداوە سەختەکان بگێڕێتەوە، ڕووداوی هەرەسی شۆڕشێك، یان ڕووداوی مردنی هیواکانی دواڕۆژ، یان سوتانی گوندەکان و زیندەبەچاڵکردنی مرۆڤەکانی میللەتەکەی، ئەم کاریگەرییە وای کردووە کە ئەم هونەرمەندە لەنێو تەلەزگەی سانسۆرەکانەوە، بتوانێ ئاڤەریدەکانی بکات بەدەربڕینی بەهێزێکی سەلیقەدارەوە فۆرمێکی ستاتیکی و هاوسەنگو پڕ لە بەخشش بخاتە بەردیدەمان.

خوا ڕەحمی پێ بکات

منیش بەم لەجیاتی سستەرو موزەمیدە فەرەنسییەکان لە جوابی ئەحواڵ پرسەکانی یاسر عەرەفاتا یەك سەڵەف ناڵێم دەستی لێ بشۆن، منجە منجێك ناکەم و ناڵێم خوا ڕەحمی پێبکات. ئەم خوا ڕەحمی پێبکاتە سەرەتاییترین وەڵامی دیبلۆماسییە بۆ مەسەلە فت بووەکانی وەك جارەنووسی عەدالەت و وەك وەزعی مۆسیقای کوردی و پاشەڕۆژی ئاسارەکانی دەوری شارەزوور و وەك ئومێدی ئاسایی بوونەوەی ئەمنییەتی شاری بەغدا. بۆیە تەماشا ئەمەی کە چاودێرە سیاسییەکان ئایندەی سۆشیالیزم لە وڵاتەکەی کاستڕۆدا ئەتەحلیلێنن لە ئەخیرا ئەڵێن خوا ڕەحمی پێبکات. یەکێتی ئەورووپاش کە هەیبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەهێنێتە پێش چاوی خۆی، بە دوانزە سیانزە زمانی یەك ئەگرتوو ئەڵێت خوا ڕەحمی پێبکات و هەمان دوعای دۆستانەش لەژێر پەردەکە ئەبیستین لە زمانی ئەم ئابووریناسانەوە کە سکیان بۆ ویژدان خان ئەسووتێ و لەسەر هەمان ئیقاعیش (خوا ڕەحمی پێبکات)ت دێتە بەرگوێ. ئەمجارەیان لە گەرووی پیاوە ریش ماش و برنجییەکان کە گلەیی لە زیانی حزبایەتی ئەم دەورو زەمانەیە ئەکەن. (خوا ڕەحمی پێبکات)ێکی تریشمان هەیەو لەگەڵ جەمرانەکەی (بابردی)دا ئەنجومەنی ڕازە پێشکەشی ئەکات بە میلالەتو مەوجودی سیستمی تەعینکردن کە خەریکە وەك تەلەفۆنی مۆبایلی لێدێت و بەشەر هیچی لێحاڵی نابێ. من خۆم نەمبینیوە بەڵام بیستومە ئەڵێن تازەترین خوا ڕەحمی پێبکات کە هێشتا قایشی تێ هەڵنەکێشراوە دوعایەکی نائومێدانەیە بۆ سبەی ڕۆژی ئەو مەشروعانەی کە کۆمپانیا ئەوعاو ئەوعەکان بێ هیچ ڕەقابەو چاودێرییەك خۆیانی پێدەوڵەمەند ئەکەن و دائیشن بەخێر.

کاسینی وێنەی گەورەترین مانگی زوحەل دەنێرێت



ئیسباری ئاسمانی (کاسینی) دەستی بەناردنی چەند وێنەیەکی تایبەت بەگەورەترین مانگی ئەستێرەی (زوحەل) کە دەناسرێ بە (تیتان)، کرد. ڕاپۆرتەکان بڵاویان کردەوەکە (کاسینی) لەنزیکترین خاڵەوە کە ماوەی (٧٤٥) میلە، وێنەکانی خۆی وەرگرتوەو، یەکەم وێنەشی ڕەوانەی کامێراکانی (ناسا) کرد لەمەتريد. پێشتر (کاسینی)، دوومانگی تازەی دەوری ئەستێرەی (زوحەل)ی ئاشکرا کرد کەبەو دوانەوە کۆی مانگەکانی زوحەل بوونە (٣٣) مانگ. ئەو دوو مانگە تازەیەش ماوەی نێوانیان (٤-٣کم)ە، دەکەونە نێوان مەداری هەردوو مانگی (زوحەل)، (میماس، ئەنکلادوس). لسیتی ئەو دوو مانگە تازەیەی لەیەکی بۆنیۆی ڕابردوودا ئاشکرا کرد کەلەو گەشتە دوورو درێژەی ماوەی حەوت ساڵی خایاند لەزەوییەوە. کاسینی پرۆژەیەکی نێودەوڵەتیەو زانایانی (١٧) دەوڵەت بەشدارییان تیادا کردووە، ڕێگەی نێوان بازنەکانی زوحەل لە (٣٠) یۆلیۆی ڕابردوودا بڕی. بڕیارە کاسینی ماوەی چوار ساڵی داهاتو لەتوێژینەوەی خۆی لەسەر ئەو ئەستێرەیەو مانگەکانی بەسەر بەرێت..

فێستیڤاڵی مەراکیشی تیو دەوڵەتی ، یوسف شاهین و چەند ئەستێرەیەکی تری سینەمای جیهانی، خەڵات دەکات

دامەزراوەی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمایی لە شاری (مەراکیش)ی مەغریب، ڕایگەیاند کەخولی چوارەمی فێستیڤاڵەکە لەماوەی ڕۆژانی (١٦-١٢)ی دیسەمبەری داهاتوو، بەبەشداری (٦٥) فیلم، ساز دەکرێت. ئەو فیلمانەی بەشداری ئەو خولە دەکەن، دابەش بووە بەسەر ئەو فیلمانەی کەلەجیهانی عەرەبی و ئەورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەمریکای خوارو و خۆرئاوای عەرەبی و ئەفریقاوە هاتوون. هەروەها ئامازەش بۆئەوە کراوە کەسەرۆکی لیژنەی داوەران دەرهێنەری گەورەی جیهانی (ئالان پارکەر)، نماینەدەیی دەکات. هەر لەمیانەی ئەم فێستیڤاڵەدا، دەرهێنەری گەورەی عەرەب (یوسف شاهین)، ئەستێرەی سینەمای ئیتالی (کلودیا کاردینال) و ئەکتەری بەناوبانگ (شون کونری)، خەڵات دەکرێن. بۆ هەر خەڵات کردنێکیش، (٥) فیلم پیشان دەدرێت. لەمیانەی پێشبڕکێکەدا (١٤) فیلم بۆ یەکەم جار پیشان دەدرێت کەلەسەر پێوانەی سینەمایی هەڵبژێردراون. هەر لەچوارچێوەی فێستیڤاڵەکەدا، پانۆرامایەك بۆ سینەمای مەغریبی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کە (٣٠) فیلمی لەخۆگرتووە، پیشان دەدرێت. جێی باسە ئەم خولەی فێستیڤاڵ گرنگیەکی جیاوازی داوە بەسینەمای هیندی و (١٠) فیلم هەڵبژێردراون کەنماینەدەی نوێگەری و کەلەپوری (٤٠) ساڵی ڕابردووی سینەمای هیندین.

تایەر لەئینتەرنێتەوە

دۆزینەی چەند شوێنەوارێك لەمەغریب کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠٠) ساڵ بەر لەئێستا

تیمێکی شوێنەوارناسی مەغریبی ڕایگەیاند کەلە ناوچەی (ئەزروا)ی ناوەڕاستی ئەو وڵاتە گۆڕستانێکیان دۆزیوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر گۆڕی جۆراوجۆری تیادایە کەدەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی مێژوو، واتە چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا. چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی مەغریبی بۆ زانستی شوێنەوارناسی و کەلەپور کەشوێنەوارەکەیان دۆزیووەتەوە، ڕایگەیاند: ئەرتیمەی کەگەڕانەکانی خۆی لە ی٢٠ سێپتەمبەرەوە دەست پێکردبوو، چەند جێگەیەکیان دۆزیوەتەوە کەدەگەڕێنەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان (١٢٠هەزار ساڵ بۆ ٤٠ هەزار ساڵ). شوێنەوارێکی تر کەسەر بەچاخی بەردینی سەرووەو مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٠هەزار بۆ ١٠هەزار ساڵ) دەبێت.

لەوڵاتێکی بێ بەنزیندا!!



وێنەی هەفتە

بەکامێرای ئەرسەلان توفیق